# ڕووداو
# RÛDAW

ژماره (443) دووشه‌ممه 2017/1/30 – 10ی ڕێبه‌ندان 2716 (750) دینار


## گۆشتی ئاژەڵی مردارەوەبوو هێنراوەتە کوردستان

**ڕووداو– هەولێر**

بەپێی ئامارێک، لە 11 ساڵی ڕابردوودا بە بەهای نزیکەی 4 ملیار دۆلار ئاژەڵی زیندوو و بەرهەمە ئاژەڵییەکان هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون. بازرگانێکی هاوردەکردنی ئاژەڵ و گۆشتیش دەڵێت "بازرگان هەبووە گۆشتی ئاژەڵی مردووی هاوردە کردووە".

محەممەد بارزانی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای زمزم بۆ هاوردەکردنی گۆشت و ئاژەڵی زیندوو کە ساڵانە 50 تاوەکو 60 تۆن گۆشتی بەستووی سوور لە مۆڵداڤیاوە هاوردە دەکات، نهێنیی پشت هەرزانیی هەندێک جۆری گۆشتی سوور و مریشکی بەستوو بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "من ئاگادارم هەندێ بازرگان تەنیا بۆ قازانجی خۆیان گۆشتی ئاژەڵی مردارەوەبوو هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەوەشم بە وەزیری کشتوکاڵ گوتووە".

محەممەد بارزانی گوتیشی "بەچاوی خۆم لە مۆڵداڤیا بینیم ترێلەیەک گۆشتی سووری ئەو ئاژەڵانەی بە دەمانچە دەکوژرێن و دوای مردنیان ئینجا سەردەبڕدرێن، هەناردەی ڕووسیا کرا، کەرەنتینی ڕووسیا ڕەتیکردەوە، بەڵام بازرگانێک هێنای بۆ کوردستان".

بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیی گۆشتی سوور و مریشکی بەستوو، وەزارەتی کشتوکاڵ بازرگانەکانی ناچار کردووە لێژنەی وەزارەت ببەنە وڵاتی بەرهەمهێن، بەڵام محەممەد بارزانی دەڵێت "کاتێک لێژنەکان دەچن بازرگانەکان بۆ هەڵخەڵەتاندنیان هەموو مەرجەکان جێبەجێ دەکەن، بەڵام دوای گەڕانەوەیان دووبارە دەچنەوە سەر هەمان کاری پێشوویان".

8»



گەنجێکی کورد سەرپەرشتی سوێدییەکانی نێو داعش دەکات

3

د.هادی عەلی بۆ (ڕووداو):

ئاگاداری بەشێکی گفتوگۆکانی نێوان پارتی و یەکێتین

5

پارتی گۆڕانکاری لە 21 ئۆرگانیدا دەکات و شەش لق کەمدەکاتەوە

5

### تاجیکستانییە و ئەمریکا سێ ملیۆن دۆلاری بۆ سەری تەرخان کردووە

# وەزیری جەنگی داعش لە ئەمریکا خولی دژە تیرۆری بینیوە

3 »





### لە بەڵگەنامەکانی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکاوە:

# سی ئای ئەی پێشنیازی کردبوو نەهێڵن کورد بچێتە کەرکووک و موسڵ

7-6 »

ڕاپۆرت 4

ئاڵای تائیفی لەسەر مەزارگەی نەبی یونس دەشەکێتەوە



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

گەنجێک لەسەر ژووانێک دەکوژرێ

تاراوگە 14

مالمۆی سوێد بۆ بیانییەکان دەبێتە دۆزەخ



تەندروستی 15

بازاڕی بووکەڵەی سێکسی لە فەیسبووک گەرمە



راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 443 ) - دووشەممە 2017/1/30



## قایمقامی دووکان دەگۆڕدرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژی یەکشەممە 2017/1/29 قایمقامی دووکان گۆڕدرا و شاهۆ عوسمان وەکو قایمقامی نوێ دەستبەکاربوو، شاهۆ عوسمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئاڵوگۆڕەکە لەسەر پێشنیاری پارێزگاری سلێمانی و فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ بووە و گوتی "ساڵێک لە هەڵەبجە قایمقام بووم و نزیکەی دوو ساڵیش وەکو قایمقام لە دیوانی پارێزگای سلێمانی دەوامم دەکرد و قایمقامی پێشووی دوکانیش نزیکەی چوار ساڵ لەو پۆستەدا بووە، دوای ئاڵوگۆڕەکە قایمقامی پێشوو گەڕاوەتەوە دیوانی پارێزگا، ئەو پۆستەش پشکی یەکێتییە و هەردووکیشمان یەکێتین". گۆڕینی قایمقامی دوکان لە کاتێکدایە بڕیارە لەم هەفتەیەدا، بەپێی ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان، قایمقامەکانی سلێمانی و هەڵەبجەش بگۆڕدرێن.

# گەنجێک لەسەر ژووانێک دەکوژرێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

(ش) ئەو شەوە خەو نەچووەتە چاوی، بیری لەوە کردووەتەوە کە چۆن پلانێک دابنێ بۆ ئەوەی گەنجەکەی دراوسێیان بکوژێ. دواتر پلانەکەی جێبەجێ کرد، بۆ ڕۆژی دواتر تەلەفۆنی بۆ کرد و لەگەڵ هاوڕێیەکی بردیە دەرەوە. بە گوتەی خۆی، بۆ ترساندنی تفەنگەکەی ڕووبەڕووی ڕاگرتووە، بەڵام گوللەیەک دەرچووە و بەر دراوسێکەی کەوتووە.

شەوی 2017/1/26 گەنجێک بەناوی (ش)، گەنجێکی دراوسێی خۆی بەناوی (م) کوشت. پاشان خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

(م) دوو ساڵ لەمەوبەر داوای مەلزەمەی لە خوشکی (ش) کردووە، دواتر ژمارەی مۆبایلی خۆی لەسەر مەلزەمەکە نووسیوە و بۆی گەڕاندووەتەوە، ئەویش بە (ش)ی برای دەڵێت کە (م)ی دراوسێیان ژمارەی خۆی بۆ ناردووە، براکەشی کە دەچێتە لای (م)، لێی تووڕە دەبێت و داوای لێدەکات کە ئەوان دراوسێی یەکدین و نابێ ئەوە دووبارە بکاتەوە.

(ش) لەدایکبووی 1992 و خەڵکی هەولێرە، قوتابی قۆناغی سێی ئەندازیاریی نەوتە لە یەکێک لە زانکۆکانی کوردستان، لەهەمان کاتدا وەرگێڕی زمانی ئینگلیزییە. هاوڕێکانی بە کەسێکی زۆر هێمن و خاوەن ڕەوشت باسی دەکەن.

(ش) کە ئێستا لە زیندانە، باسی ئەو شەوە دەکات کە (م)ی کوشتووە "ئەو شەوە دوای دەوامی زانکۆ لەگەڵ هاوڕێکانم بووم، دواتر گەڕامەوە ماڵەوە، کاژێر 1:30ی شەو وەک هەموو شەوێک چوومە ژووری خوشکەکانم، چونکە ئەوان کە دەخەون، زۆربەی شەوان بیریان دەچێت هیتەر و مۆمی ژوورەکانیان بکوژێننەوە، خوشکە بچووکەکەم خەوتبوو، دواتر چوومە ژووری (ک) ئەو چاوی داخستبوو، بەڵام مۆمەکانی نەکوژابوونەوە، منیش مۆمەکانم کوژاندنەوە، بەڵام (ک) چاوی کردەوە و گوتی بۆ کوژاندتەوە، گوتم تۆ دەخەوی، بۆ ئەوەی ئاگر نەکەوێتەوە، دواتر ڕۆیشتم".

(ش) درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و دەڵێت "شەو چوومە حەمام، کاژێر 2:30 خولەک سۆپاکەم بردە هۆڵەکەی سەرەوە، بەڵام بینیم مۆمەکانی (ک) هەڵکرابوونەوە، کە گوێی لە دەنگی سۆپاکە بوو، خێرا مۆمەکانی کوژاندەوە، من ترسام شتێک هەبێ، بەڵام هەرگیز بیرم بۆ شتی خراپ نەدەچوو. لە دەرگای ژووری خوشکەکەم دا، گوتم دەرگاکە بکەوە، گوتی بوەستە هەتا خۆم دەگۆڕم، دواتر دەرگاکەی کردەوە، کارەبا نەبوو، بە لایتی مۆبایلەکەم سەیری ڕوخساریم کرد، زۆر شڵەژابوو، پرسیم چییە؟ گوتی: هیچ نییە، بەڵام کە لایتی مۆبایلەکەم ڕوو لە ژوورەکە کرد، قاچی کەسێکم بینی لەودیو پەردەکەوە، تەماشام کرد (م)ی دراوسێمانە، چوومە ژوورەوە و بەرەوڕووی ڕۆیشتم و لێمدا، بەڵام ئەو لەبەردەستم هەڵات".



(ش) وەک خۆی دەیگێڕێتەوە، ئەو شەوە خەو نەچووەتە چاوی و بیری لە پلانێک کردووەتەوە بۆ (م). ئەو گوتی "بەیانی پەیوەندیم بە هاوڕێیەکی کۆنمەوە کرد و گوتم ئۆتۆمبێلەکەم لەکارکەوتووە و وەرە بەدوام دا، دواتر تێلم بۆ (م) کرد و گوتم دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم، ئەویش هات، لەناو هەولێر یەکترمان بینی".

ئەوکاتە (ش) و هاوڕێکەی بەیەکەوە لەناو ئۆتۆمبێلەکە دەبن، (م) دەگات و لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکە سوار دەبێت، (م) بە برای کچەکەی گوتووە من ئامادەم خوشکەکەت بهێنم، ئەگەرنا حەز دەکەی دەڕۆم و لەم وڵاتە نامێنم، بەڵام (ش) ڕازی نابێت و دەبێتە دەمەقاڵەیەکی توند لەنێوانیان، (م) دەڵێت ئەمە یەکەمجارم نییە لەگەڵ ئافرەت بم، بۆیە (ش) تووڕەتر دەبێت. خۆی دەڵێت "لەکاتی ئەو قسانە ئێمە لە هەولێر دەرچووبووین، ویستم بیترسێنم، میلی کلاشینکۆفەکەم لێ ڕاکێشا، بەڵام نەمزانی لەسەر پەلە و تەقی، گوللەکە بەر لای لوتی کەوت و لە پشتی سەرییەوە دەرچوو، دەستبەجێ مرد".

(ش) و هاوڕێکەی بە بینینی ئەو دیمەنە لەناو ئۆتۆمبێلەکە زۆر دەترسێن، هاوڕێکەی ئامۆژگاری دەکات کە بگەڕێنەوە، بەڵام (ش) دەڵێت دەبێت تەرمەکەی بشارینەوە، هەر بۆیە دەیبەنە شوێنێک لە دەرەوەی شار و (ش) مۆبایلەکەی پارچەپارچە دەکات و ناسنامەکەی دەدڕێنێ.

دوای شاردنەوەی تەرمەکە و لەکاتی گەڕانەوەدا، (ش) بە هاوڕێکەی دەڵێت من کەسێکم کوشتووە و نابێت تۆ باسی بکەی، بەڵام هاوڕێکەی ئەو شەوە خەوی لێناکەوێت، چونکە بەگوتەی کەسێکی نزیکی هاوڕێکەی کە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و نەیویست ناوی بهێنرێت، دەڵێت هاوڕێکەی (ش) قوتابی کۆلێژ بووە و خاوەن بنەماڵە بووە، لە ژیانیاندا هیچ بنکەیەکی پۆلیسیان نەبینیوە و پێشتر هیچ تاوانێکیان نەکردووە، بۆیە تا چەند کاژێرێک توانیویەتی بێدەنگ بێت و بەیانی ڕۆژی دواتر داوا لە باوکی دەکات بچنە بنکەی پۆلیس و خۆی ڕادەست بکات.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای زانینی ڕووداوەکە، لێکۆڵینەوەمان لەسەری دەستپێکرد و ڕۆژێک دواتر تۆمەتبارەکە دەستگیرکرا".

(ڕووداو) پەیوەندی بە بنەماڵەی (م)ی کوژراوەوە کرد، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون هیچ لێدوانێک لەسەر ئەم ڕووداوە بدەن. هەروەها خێزانی (ش)ی بکوژیش بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون.

## سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک:

# زۆربەی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دهۆک ماوەیان بەسەرچووە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

### جێگرێکی پارێزگاری دهۆک بە نایاسایی لە پۆستەکەیدایە

### سەرۆکی لێژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک: سێ بەڕێوەبەر کە بە وەکالەت دانراون ماوەکەیان تەواو بووە و نایاسایین

سێ بەڕێوەبەری گشتی و جێگرێکی پارێزگاری دهۆک بەبێ ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکەوە دەنگیان لەسەر درابێ، دانراون. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکیش دەڵێت جگە لەو سێ بەڕێوەبەرە گشتییە کە بەوەکالەتن، ماوەی یاسایی زۆربەی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیکەی دهۆک بەسەرچووە و پێویستە بگۆڕدرێن. سەرۆکی لێژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەڵێت "بەپێی یاسا ماوەی وەکالەت نابێ لە مانگێک تێپەڕێ".

بەپێی یاسای ژمارە سێی ساڵی (2009)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، سەرجەم بەڕێوەبەری ناحیەکان و قایمقامەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و جێگرانی پارێزگار، دەبێ بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەنجوومەنی پارێزگاکان دابنرێن. بەڵام لە دهۆک هەندێک لە بەڕێوەبەرەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا دانراون.

فەهیم عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک لەسەر ئەو کارە نایاساییە بێدەنگی شکاند و بە (ڕووداو)ی گوت جگە لە سێ بەڕێوەبەری گشتی، زیاتر لە دوو ساڵە جێگرێکی پارێزگاری دهۆکیش ماوەکەی تەواو بووە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی ئیدارەی پارێزگای دهۆک هەبووە، چونکە بەپێی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەبێ سەرجەم قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و جێگرانی پارێزگار بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا دابنرێن".

بۆ هەر یەکێک لەو پۆستانەی لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە پەسەند دەکرێن، دەبێ پارێزگار سێ کەس بۆ ئەو پۆستە کاندید بکات و بە نووسراوێکی فەرمی ناوەکان بداتە ئەنجوومەنی پارێزگا، دواتر لە دانیشتنێکدا، ئەنجوومەن ئەو ناوانە دەخاتە دەنگدان و کەسەکە بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ پۆستەکە هەڵدەبژێردرێ.

فەهیم عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک تێبینی لەسەر دانانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان هەیە و دەڵێت "نەک تەنیا پارێزگار، بەڵکو ئێمە و حیزبیش کەمتەرخەمین لە مەسەلەی ئاڵوگۆڕی بەڕێوەبەرەکان لە سنووری پارێزگای دهۆک، چونکە ئێستا بۆ پڕکردنەوەی هەر پۆستێک دەبێ هەریەک لە پارێزگار و بەرپرسانی حیزبیش ڕازی بن بە کاندیدەکە".

لە ناوەڕاستی ساڵی 2014 هەریەک لە پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەستبەکاربوون، لەو ماوەیەدا و هەتا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پۆستە ئیدارییەکانی دهۆکدا نەکراوە، تەنیا ماوەیەک لەمەوبەر هەندێک لە قایمقام و و بەڕێوەبەری ناحیەکانی جێگۆڕکێیان پێکرا.

فەهیم عەبدوڵڵا ڕەخنە لەو ئاڵوگۆڕانە دەگرێت و دەڵێت "ئەوە گۆڕانکاری نەبوو، بەڵکو شوێنگۆڕین بوو، نابێ ئێمە قەیرانی دارایی و شەڕی داعش بکەینە بیانوو بۆ ئەنجامنەدانی گۆڕانکاری، ئێستا زۆربەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان چوار ساڵی خۆیان تەواو کردووە".

فەهیم عەبدوڵڵا بە پلەی یەک تێبینی لەسەر جێگرێکی پارێزگاری دهۆک هەیە کە بە گوتەی خۆی بە نایاسایی لە پۆستەکەی ماوەتەوە و پارێزگاریشیان لەوە ئاگادار کردووەتەوە.

فەهیم عەبدوڵڵا گوتی "ئێمە وەکو ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بە نووسراوی فەرمی داوامان کردبوو کە دەبێ جێگری پارێزگار لەلایەن ئێمەوە بێتە پەسەندکردن، پێمانگوتوون سێ ناومان بۆ بنێرن، بۆ ئەوەی ئێمە بەدەنگدان یەکێک لەو ناوانە هەڵبژێرین، بەڵام هەتا ئێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە، تەنانەت بە زارەکیش ئەو بابەتەمان لەگەڵ لایەنی بەرپرس باسکردووە، بەڵام سوودی نەبووە".

لەو 12 بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەی لە سنووری پارێزگای دهۆک هەن، هەریەک لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە، کاروباری مین و شەهید و ئەنفالکراوان بە وەکالەت بەڕێوەدەچن، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەڵێت "دەبێ بە زووترین کات ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، چونکە ئەنجامنەدانی گۆڕانکاری لەو بەڕێوەبەرایەتیانە دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکانیان بە سستی بەڕێوەبچێ".

ئیدریس هەرکی، سەرۆکی لێژنەی ئەمنی لە پارێزگای دهۆک لەبارەی ماوەی بەوەکالەت دەڵێت "بەپێی یاسا وەکالەت تەنیا بۆ ئەو کاتەیە هەتا کەسێک لە شوێنی کەسە لادراوەکە یان ئەو کەسەی خانەنشین کراوە یان وازی لە پۆستەکەی هێناوە، دادەنرێت. ماوەکەش دیاریکراوە و نابێت لە مانگێک زیاتر بێ، بۆیە ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی ئێستا بە وەکالەت بەڕێوەدەچن، نایاسایین".

عومەر عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی دهۆک ماوەی پێنج مانگە بە وەکالەت ئەو پۆستە بەڕێوەدەبات، گوتی "ڕاستییەکەی من بۆ ماوەیەکی کاتی هاتبووم، بەڵام هەتا ئێستا نە من و نەکەسێکی دیکە بە فەرمی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان نەکراوین، دەبێت پرسیار لە سەرووی ئێمە بکەن کە بۆچی ئەو کێشەیە چارەسەر ناکەن".




# شەهیدێکی زیندوو لە ئامێدی ئاشکرا دەبێت

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**



### کوڕێکی شەهیدە زیندووەکە: باوکم نەمردووە و لە 2009 وە لە سوید دەژیت

### بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری شەهیدان لە دهۆک: ئەو ناوە لەلای ئێمە تۆمار نەکراوە

دوای چەند ساڵێک مانەوە لە تاراوگە، هاوژینی عەبدولڕەحمان دەگەڕێتەوە کوردستان، بە مەبەستی وەرگرتنی پارچە زەوییەک سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەران دەکات، بەڵام لەوێ پێیدەڵێن هاوژینەکەت بە شەهید تۆمارکراوە و زەوی و خانوو و هەموو ئیمتیازێکی شەهیدانی وەرگرتووە.

عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر عەلی، تەمەن 67 ساڵ، ساڵی 2003 چووەتە دەرەوەی وڵات و لە سوێد نیشتەجێ بووە، دوای شەش ساڵ هاوژین و منداڵەکانیشی بردوونەتە لای خۆی. سێ ساڵ لەمەوبەر هاوژینی عەبدولڕەحمان گەڕاوەتەوە کوردستان و بە مەبەستی وەرگرتنی پارچە زەوییەک سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی دهۆکی کردووە، لەوێ فەرمانبەرێک پێیگوتووە کە هاوژینەکەی شەهید بووە و خانوو و زەویشی وەرگرتووە.

عیسام عەبدولڕەحمان لەبارەی دۆسیەی باوکی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە لە هەشتاکاندا لە ئێران بووین، بڕیارێک دەرچوو کە هەر کەسێک پێشتر ئاوارەی ئێران بووبێ، پارچە زەوییەک و 18 ملیۆن دیناری بدەنێ، بۆیە پێش سێ ساڵ دایکم لە سوێد گەڕایەوە و بۆ ئەو مەبەستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی دهۆکی کرد، بەدوای ناوی باوکمدا دەگەڕا، لەوێ فەرمانبەرێک پێیگوتبوو ئەو ناوە لەلای ئێمە شەهیدە و پارچەیەک زەوی و خانوویەک بەناوی کەسوکارەکەی وەرگیراوە، بەڵام دایکم نکۆڵی کردبوو، فەرمانبەرەکەش پێیگوتبوو دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن".

عیسام هەر ئەوکات لەگەڵ دایکی، سەردانی ئاسایشی ئامێدییان کردووە، لەوێ پێیانڕاگەیاندوون کە بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەی عەبدولڕەحمان دەکەن. عیسام گوتی "باوکم نەمردووە و لە ساڵی 2003وە لە سوێد دەژی".

کاتێک عەبدولڕەحمان بەو هەواڵە دەزانێ، خۆی بۆ ناگیرێ و لەسوێدەوە دەگەڕێتەوە کوردستان. عیسام دەڵێت "ئەو کاتەی کە باوکم هاتەوە و سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی دهۆکی کرد، ئەوان نووسراوێکیان بۆ باوکم کرد و گوتیان کێشە نییە ناوەکەت لە لیستی سوودمەندان دەردەهێنین، ئیدی باوکم وازی لە بابەتەکە هێنا".

بە گوتەی عیسام، بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەران پابەندی بەڵێنەکەیان نەبوون و تاوەکو ئێستاش ناوی باوکی لە لیستی سوودمەندانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدایە. عیسام گوتی "ئێمە ئەوکات لەسەر بەڵێنی ئەوان وازمان لە بابەتەکە هێنا، بەڵام ناوی باوکم هێشتا لە لیستی سوودمەندبووانداییە، هەتا ئێستاش ناومان دەرنەچووە بۆ وەرگرتنی زەوی". گوتیشی "باوکم مووچەی خانەنشینیی پێشمەرگە وەردەگرێ، دەترسین بەهۆی سیستمی بایۆمەتری مووچەکەشی ببڕن و کەسێکی دیکە مووچەکەی بە ناوی شەهیدان وەربگرێ، بۆیە داوا دەکەین ئەو کێشەیەی باوکم بە زووترین کات چارەسەر بکرێ".

ئیسماعیل سێری، جێگری بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی دهۆک لە بارەی دۆسیەی عەبدولڕەحمان بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە ئەو ناوەمان نییە، نازانین کام فەرمانبەر ئەوەی پێگوتووە کە ئەو پیاوە شەهیدە و کەسوکارەکەی ئیمتیازی شەهیدانەیان وەرگرتووە".

گوتیشی "کەسی وا هەبووە لەلای ئێمە ناوی لە لیستی سوودمەندان بووە و سوودمەندیش نەبووە".

هەروەها ڕەجەب گوێزی، بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بە وەکالەت کە پێشتر بۆ ماوەی چوار ساڵ بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ئامێدی بوو، بێئاگایی خۆی لەو بابەتە ڕاگەیاند و گوتی "لە بانکی زانیاریی ئێمە ئەو ناوە نەبووە و نییە".

ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 443 ) - دووشەممە 2017/1/30



## زێباری: شەڕی ڕۆژئاوای موسڵ سەختتر دەبێت

ڕووداو- هەولێر

بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی عێراق دەڵێت، شەڕی ڕۆژئاوای موسڵ "سەختتر و خوێناوی" دەبێت. زێباری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شەڕ لە بەری ڕۆژئاوای مووسڵ زۆر سەختر دەبێت، بەڵام هەندێک پێشهاتی نوێ هەن، وەکو ئەوەی داعش زۆربەی چەک و خۆکوژەکان و ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکانی لە شەڕی ڕۆژهەڵاتی موسڵ لەدەستداوە". گوتیشی "دەبێت هەموو پێشبینییەک بۆ شەڕەکە بکرێت، چونکە ئەو چەکدارانەی لە راستی موسڵ ماون هەموو خۆکوژن، جگە لەوەش کۆڵان و شەقام و گەڕەکەکانی بەری ڕۆژئاوا تەسک و تەنگن، ڕەنگە شەڕێکی خوێناوی ڕووبدات".

### ئەمریکا سێ ملیۆن دۆلاری بۆ سەری وەزیری جەنگی داعش داناوە

# وەزیری جەنگی داعش لە ئەمریکا خولی دژە تیرۆری بینیوە



هیڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

وەزیری جەنگی داعش لەگەڵ پاشماوەی هێزەکانیان لەلای ڕۆژئاوای موسڵ کە بە نزیکەی سێ هەزار چەکدار مەزەندە دەکرێن، چاوەڕێی هەڵمەتی هێزە عێراقییەکانن بۆ بەری لای ڕۆژئاوای موسڵ، هەڵمەتێک ئەگەر سەرکەوتوو بێ، کۆتایی بە تەمەنی خەلافەتەکەی ئەبوبەکر بەغدادی لە موسڵ دەهێنێ.

گوڵموراد خالیمۆڤ، وەزیری جەنگی داعش بە ڕەچەڵەک تاجیکستانییە و ئێستا سەرپەرشتی پاشماوەی هێزەکانی داعش دەکات کە لەبەری لای ڕۆژئاوای موسڵ کۆبوونەتەوە پاش ئەوەی هەفتەی ڕابردوو بەری ڕۆژهەڵاتی شارەکەیان بە تەواوی لە دەستدا.

بەگوێرەی ئەو وێنەیەی دەست (ڕووداو) کەوتووە و بەپێی زانیارییەکانی هەواڵگریی عێراق، خالیمۆڤ لە ڕۆژئاوای مووسڵ سەرکردایەتی شەڕی مان و نەمانی داعش لەگەڵ هێزە عێراقییەکان دەکات. بە گوێرەی زانیارییەکان ئەو تاجیکستانییە تاوەکو ئێستا سێ جار لەلایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە کراوەتە ئامانج، بەڵام هەر سێ جارەکە ڕزگاری بووە.

بەرپرسێکی باڵای هەواڵگریی سوپای عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زانیاریی وردمان لەسەر وەزیری جەنگی داعش هەیە، بەڵام کەسێکی زیرەکە و تاکتیکی زۆر بەکاردەهێنێت. زوو زووش جێگای خۆی دەگۆڕێ".

ئەو بەرپرسەی هەواڵگریی عێراق کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێ، زانیاری زیاتری لەبارەی خالیمۆڤ ئاشکرا کرد و گوتی "وەزیرەکەی داعش لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی مووسڵ، یەکەم جار لە بەری ڕۆژهەڵاتی شارەکە بوو، بەڵام پێش

## 3000 چەکداری داعش خۆیان بۆ شەڕی ڕۆژئاوای مووسڵ ئامادە کردووە

ئەوەی پردەکانی مووسڵ بکرێنە ئامانج، بەرەو بەری ڕۆژئاوای مووسڵ هەڵات".

داعش بە مەبەستی گواستنەوەی چەکدار و خۆکوژ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای مووسڵ، سوودێکی زۆری لە پردەکانی مووسڵ لەسەر ڕووباری دیجلە وەردەگرت، هەر بۆیە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بە چەند قۆناغێک دیوی سەر وشکانیی ئەم پردانەیان بۆردومان کرد.

ئەمریکا بڕی سێ ملیۆن دۆلار بە هەر کەسێک دەدات کە زانیاری لەسەر شوێنی خالیمۆڤ بدات و ئەو زانیارییە گرتن یان کوشتنی وەزیرەکەی داعشی لێ بکەوێتەوە.

گوڵموراد خالیمۆڤ دوای کوشتنی ئەبو عومەر چیچانی، وەزیری پێشووی جەنگی داعش، شوێنی ئەوی گرتەوە. چیچانی لە هێرشێکی ئاسمانیدا لە شرگات لە باشووری مووسڵ کوژرا. هەواڵی کوشتنەکەشی لەلایەن وەکالەتی ئەعماقی سەر بە داعش لە ڕۆژی 2016/7/13 بڵاوکرایەوە.

تارخان باتیرشڤیلی ناوە ئەسڵییەکەی ئەبو عومەر چیچانی بوو کە لە جۆرجیا لەدایک ببوو. بەهۆی بەشداریکردنی لە جەنگی چیچان ناسناوی چیچانیی پێ بەخشرابوو. بەر لەوەی بکوژرێت وەسیەتنامەکەی خۆی ئاراستەی ئەبوبەکر بەغدادی، خەلیفەی داعش کردبوو کە لە بەشێکیدا هاتبوو "داوات لێدەکەم بە شەخسی خۆت بەدواداچوون بۆ هەموو کاروبارەکانی موهاجیرەکان بکەیت. داواجاریش داوات لێدەکەم وەکوو ئەمیرولموئمینین قەوقاز لە بیر نەکەیت".

موهاجیر لەنێو داعش بە هەموو ئەو چەکدارانە دەگوترێت کە لە دەرەوەی سنوورەکانی عێراق و سووریاوە ڕوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش دەکەن.

دوای کوشتنی چیچانی، گوڵمراد خالیمۆڤ، تەمەن 41 ساڵ کە بە موهاجیر ناوی دەبەن، بەفەرمی دەکرێتە وەزیری جەنگی داعش. خالیمۆڤ، خۆی پلەدارێکی باڵای پۆلیسی تاجیکستان بووە، تەنانەت سەرۆکی هێزێکی تایبەتی پۆلیسی ئەو وڵاتەش بووە. لە کۆمپانیای بلاک وۆتەر لە ئەمریکا مەشقی سەربازیی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گرووپ و کردەوە تیرۆریستییەکانی وەرگرتووە.

لەنێو ڕیزەکانی چەکدارانی داعش، تاجیکی و چیچانی بەوە ناسراون کە شەڕکەری سەرسەختیان تێدایە. خالیمۆڤ قەناس بەدەستێکی کاریگەرە، لە گرتە ڤیدیۆیەکانی داعشدا قەناسێکی گەورەی بەدەستەوە گرتووە و لە زۆربەی گرتەکاندا سێرە لە تەماتە دەگرێ، وەک نیشانەیەک بۆ ئەوەی کە حەزی لە ڕشتنی خوێنە. بەهۆی قورسیی شەڕی مووسڵەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان وەزیرە شەڕکەرەکەی داعش و ئەمیری دەوڵەتەکەیاندا نەماوە، بەڵام بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی هەواڵگریی عێراقی بە (ڕووداو)یان دا "کەسێک بەناوی ئەبو موسلیم نامەکان لە نێوان خالیمۆڤ و ئەبوبەکر بەغدادیدا ئاڵوگۆڕ دەکات".

تاوەکو ئێستا شوێنی ئەبوبەکر بەغدادی دیار نییە و لەوەتەی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەستی پێکردووە تەنیا یەکجار و لە ڕێگەی تۆمارێکی دەنگییەوە داوای لە چەکدارانی کردووە، بەرگری لە خەلافەتەکەیان بکەن، بەڵام زانیارییە پشتڕاستنەکراوەکان باسی ئەوە دەکەن کە بەغدادی لە ناوچەی جەزیرەی خالید لە نزیک ڕومادی هاتوچۆ دەکات. ئەو ناوچەیە لە ڕووی جوگرافییەوە ئەوندە سەختە، وەک فازڵ بەرواری فەرماندای فیرقەی ئاڵتوونی بە (ڕووداو)ی گوتبوو "بە 10 فیرقەی سەربازیش کۆنترۆڵ ناکرێتەوە".

ڕۆژی 2016/10/17 شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەستی پێکرد، هەتا ئێستا تەنیا بەری ڕۆژهەڵاتی شارەکە کۆنترۆڵ کراوەتەوە، ئێستاش سوپای عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ئامادەکاری دەکەن بۆ هێرشی سەر ڕۆژئاوای شارەکە.

تالیب شختاتی، سەرۆکی دەزگای دژە تیرۆری عێراق دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی شاری مووسڵ ڕایگەیاند "سێ هەزار و 500 چەکداری داعش لەو بەرە کوژراون".

خالیمۆڤ ئێستا قژ و ڕیشی درێژە، دوایین دەرکەوتنی لە گەڕەکی فارووق لە نزیک مزگەوتی گەورە بووە، واتە ئەو مەزگەوتەی ئەبوبەکر بەغدادی خەلافەتی داعشی لە عێراق و سووریا تێدا ڕاگەیاند و خۆیشی وەکوو خەلیفەی دەوڵەتەکە ناساند، خەلافەتێک لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی مووسڵ لە عێراق بەرەو نەمان دەچێت، بەڵام لە سووریا هێشتا پێگەیەکی بەهێزی هەیە.

### پێشتر حکومەتی سوێد قەرەبووی کردووەتەوە

# گەنجێکی کورد سەرپەرشتی سوێدییەکانی نێو داعش دەکات

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

گەنجێکی کوردی دانیشتووی سوێد گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە دەستی هەبووە لە ڕاکێشانی چەندین گەنجی دانیشتووی سوێد بۆ نێو داعش. هەندێک لەو گەنجانە تاراوگەنشینی ئەو وڵاتەن و هەندێکیشیان هەر بە ڕەگەز سوێدین، بەڵام حکومەت و میدیاکانی سوێد هیچ لەبارەی چارەنووسی ئەو گەنجە نازانن کە ئایا لەنێو داعشدا هێشتا زیندووە یان کوژراوە.

ڕۆژنامەیەکی سوێدی نوێترین ئاماری لەبارەی ئەو سوێدیانە بڵاوکردەوە کە چوونەتە ڕیزەکانی داعش لە عێراق و سووریا. ڕۆژنامەکە ناسنامەی 76 لەو کەسانەی ئاشکرا کردووە کە یەکێکیان کوردە بەناوی سالار سامی مەحموود.

### بە پارەی سوێد چووە نێو داعش

چوونی سالار بۆ ڕیزەکانی داعش کە پێشتر لەلایەن پۆلیسی سوێدەوە دەستگیرکراوە و دواتر ئازاد کراوە و قەرەبووش کراوەتەوە، بووە جێی بایەخی سوێدییەکان. پەیوەندیی سالار بە دەیان کەسی دیکەوە ئاشکرا بوو کە چوونەتە ریزی داعش.

مەریوان گەرمیانی کە ناوی خوازراوی کوردێکی دانیشتووی سوێدە و خزمی سالارە، بە (ڕووداو)ی گوت "سالار کەسێکی دیندار بوو، بەڵام قەت پێشبینیمان نەدەکرد کەسێکی وا توندڕەوی لێ دەربچێ، کار گەیشتبووە ئەوەی نەوێرم لە ماڵەکەی بمێنمەوە".

مەریوان پێیوایە مزگەوتی ئەلعامر لە یۆتۆبۆری ڕۆڵی هەبووە لە چوونی سالار بۆ ڕیزەکانی داعش "مزگەوتەکەی یۆتۆبۆری و هاوڕێکانی، سالاریان کردە ئەو کەسە توندئاژۆیە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە دۆکیۆمێنتە فەرمییەکانی حکومەتی سوێددا هەن، سالار لە ساڵی 1987 لە دیالە لەدایکبووە. لە تەمەنی نۆ ساڵی چووەتە سوێد و لەگەڵ خوشکێکی بەناوی (ج) ژیاوە.

بەپێی گوتەی خوشکی سالار بۆ پۆلیسی سوێد کە لە دۆکیۆمێنتەکانی لێکۆڵینەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون "سالار تەنانەت لە عەرەبییش تێنەگەیشتووە، چجای قسەی پێ بکات و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی لەو شێوەیە هەبووبێت".

سالار لە ساڵی 2011 لەگەڵ سێ گەنجی دیکەی تاراوگەنشین کە دوویان سۆماڵی بوون، بە تۆمەتی کوشتنی هونەرمەندی شێوەکاری سوێدی (لارس فیلیکس) دەستگیرکران، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەڵگە، سالار مەحموود ساڵی 2013 لەلایەن دادگای سوێدەوە ئازادکراو بە 135،000 کرۆن (25،000 دۆلار) قەرەبوو کرایەوە.

دواتر سالار بەشێوەیەکی نهێنی سوێدی بەجێهێشت و لەگەڵ ژن و دوو منداڵەکەی چووە ڕیزەکانی داعش، زانیاری هەیە کە لە ڕەققە بووە و دواتر چووەتە مووسڵ، بەڵام ئێستا نازانرێت لە ژیاندا ماوە یان نا.

پەیوەندییە نهێنییەکانی سالار دواتر ئاشکرا بوون. بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، سالار سەرپەرشتیی ئەو گرووپانەی کردووە کە لە سوێدەوە چوونەتە نێو داعش.

لەنێو ئەو کەسانەی پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ سالار هەبووە و پاشان دەستگیرکراون، کەسانی خاوەن ڕەگەزنامەی جیاواز هەن، لە نێویاندا عەبدی وەلید، عەبدی عەزیز، مەحموود عادل کە هەرسێکیان سۆماڵین، هەروەها عوسمان خەملیجی.

بەمدواییە پەیوەندیی نهێنی سالار لەگەڵ زیاتر لە 16 کەس ئاشکرا بووە کە زۆربەیان لە شەڕدا کوژراون. لە نێویاندا کوڕ و کچی گەنجی سوێدیش هەبوون، بەڵام تا ئێستا پۆلیسی هەواڵگریی سوێدی، ناوەکانی ئاشکرا نەکردوون.

پێشتر پۆلیس لەکاتی کوشتنی شێوەکارە سوێدییەکە، ماڵەکەی سالاری پشکنیبوو، بە دەیان پەرتووک و نامیلکەی لە ماڵەکەیدا دۆزیبووەوە کە ناوەڕۆکەکەیان باسی جیهاد و توندڕەوی دەکەن، هەروەها تۆمارە دەنگییەکانی ئەنوەر عەولەقی جیهادیستی یەمەنی لە ماڵەکەیدا دۆزرانەوە، بەڵام ئەوانە سالاریان نەخستە زیندانەوە، ئەو لەبەردەم دادوەر گوتبووی "پەیوەندیم بە جیهادییەکانەوە نییە و من تەنیا ئیسلامم هەڵبژاردووە بۆ ئاشتی و بۆ ژیانی خۆم".

بەڵام ئازادبوون و قەرەبووکردنەوەی سالار بووە مایەی سەرسوڕمانی میدیا و چالاکڤانان و ڕۆژنامەنووسان. هەرسێ نووسەری ناسراوی سوێدی، کریستینا ئیدبلۆم و ماغنۆس سادلین و ئێریک جیمان لە بابەتێکی هاوبەشیاندا لە ڕۆژنامەی ئافتون بلادێت، گوتیان "بە پارەی قەرەبوو خۆی گەیاندە نێو داعش".

لیا ئیندرشۆن چالاکڤان و نووسەر بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم بابەتە یەکێکە لە سکاندالەکانی پۆلیس و دادگای سوێد". ئیندرشۆن کە شارەزایی لە بابەتی تیرۆر هەیە، گوتیشی "بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە، کورد ژمارەیەکی زۆری لەنێو گرووپە توندئاژۆکان نییە، بەڵام کاریگەرن". سەبارەت بە سالاریش، لیا گوتی "نازانم تێوەگلانی ئەم گەنجە وەک داعشێک چەندە ڕەوایە، بەڵام دەبینین ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی بیری جیهادیدا هەبووە".



سالار سامی مەحموود

## خزمێکی گەنجەکە: مزگەوتەکەی یۆتۆبۆری کردی بە داعش

سالار تا ئەوکاتەی سوێدی بەجێهێشت، لە شەقامی ماندۆلینگاتان 23 لە ناوچەی (ڤێسترا فریۆلوندە)ی یۆتۆبۆری لە باڵەخانەیەکدا دەژیا. (ڕووداو) سەردانی شوێنەکەی کرد و ئێستاش چەند ئەندامێکی دیکەی خێزانەکەی هەر لەو باڵەخانەیەدان، بەڵام کەسوکارەکەی دەرگایان نەکردەوە.

بەپێی گوتەی دراوسێکانی، سالار کەسێکی بێ کێشە بووە، بەڵام زۆر سەردانی مزگەوتی کردووە و هەرگیز ڕێگەی نەداوە ژنە باڵاپۆشەکەی تێکەڵی کەس ببێت.

ژنە دراوسێیەکی سالار کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بەردەوام عەرەب و سۆماڵی سەردانی ماڵەکەی سالاریان دەکرد".

مزگەوتی ئەلعامر لەلایەن ناوەندێکی ئیسلامیی تورکی دروستکراوە، سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو ڕۆڵیان لە پەرەپێدانیدا هەبووە. ساڵی 1995 بەردی بناغەی دانراوە و لە 2000 فراوان کراوە. ئێستا 25 ئەندامی باڵای بەڕێوەبردنی هەیە و بە فەرمی دەڵێن کە هیچ پشتگیرییەکی دەرەکیی نییە. ئەو توانا ماڵییە زۆرەشی کە هەیەتی، بەپێی گوتەی خۆیان کە لە ماڵپەڕەکەیان بڵاوکراوەتەوە "لەلایەن خێرخوازانی ناوخۆیی بۆیان نێردراوە".

ئازاد عەلی، 46 ساڵ، دەڵێت "دەیانجار ئاشکرا بووە کە لەو مزگەوتەوە پارە بۆ بزووتنەوە جیهادییەکان کۆکراوەتەوە". عەلی ڕەخنەی توند لە دەوڵەتی سوێد دەگرێت و دەڵێت "نازانم خۆیان گێل دەکەن، یان مەبەستێکی دیکەیان هەیە. تێناگەم بۆ بێدەنگن بەرامبەر ئەو شتانە".

### کورد لە مزگەوتی ئەلعامر تۆقیون

ژمارەیەکی زۆر کوردی شاری یۆتۆبۆری ترسیان لە سەردانیکردنی کوڕەکانیان بۆ مزگەوتەکانی یۆتۆبۆری و بەتایبەت مزگەوتی (ئەلعامر) هەیە. مەلیحە جەعفەر، 52 ساڵ کە 28 ساڵە لە سوێدە، دەڵێت زۆر لە ئایندەی کوڕەکەی دەترسێ کە سێ ساڵە هاتوچۆی مزگەوتی ئەلعامر دەکات "کوڕەکەم هەموو قورئانی لەبەرە، بۆ بچووکترین شت ئایەتێکی قورئان دێنێتەوە، بۆ زۆر شت تەنانەت باوەڕی بە فەرموودەکانی پێغەمبەریش نییە، باس لە جیهاد و سەلەفیەت دەکات". گوتیشی :"بە پاساوی گوناه، بینینی تەلەڤزیۆنی لە خۆی حەرام کردووە، بەنیازیشە واز لە قوتابخانە بهێنێ".

## سوونەکان دەڵێن قبوڵی ناکەین

# ئاڵای تائیفی لەسەر مەزارگەی نەبی یونس دەشەکێتەوە

سالح قادر و هیڤیدار ئەحمەد
رووداو- مووسڵ

ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و مەدەنی لە بازگەی خازر بەرەو مووسڵ بە درێژایی زیاتر لە کیلۆمەترێک نۆرەیان گرتووە. لەبەردەمی کابینەیەکدا سەتان کەس بە ریز وەستاون بۆ ئەوەی ئۆردەرێک وەربگرن و لە سنووری کوردستانەوە بپەڕنەوە بۆ شارەکە. شاری مووسڵ کە جاران سەبەتەی نانی عێراق بوو، ئێستا چاوی لە ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکانی هەولێر و دهۆکە کە پڕن لە خۆراک و سەوزە و میوە و پێداویستیی نێو ماڵ.

دیوارە کۆنکرێتییەکەی حەسەن شام لەسەر دووسایدی هەولێر — مووسڵ کە پێشتر پێشمەرگەی لە هێرشی داعش دەپاراست، ئێستا گرنگیی جارانی نەماوە، چونکە پێشمەرگە زۆر لەو دیوارە دوورکەوتوونەتەوە و لە گوندی بازگرد بازگەیان داناوە، بازگەکە تەنیا 18 کیلۆمەتر لە شاری مووسڵ دوورە، بە کامێرای چاودێری تەنراوە و زۆر جیاوازە لە بازگەی هێزەکانی دژەتیرۆری عێراقی کە بە تەنەکەی بەتاڵ و بەرمیل دروستکراوە و تابلۆیەکی گەورەش لە بازگەکە چەقێندراوە و لەسەری نووسراوە بازگەی شێرە زێڕینەکان.

ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لە 2016/10/17 دەستی پێکرد. هەفتەی رابردوو حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقیشە، کۆنترۆڵکردنەوەی بەری ڕۆژهەڵاتی شارەکەی راگەیاند.

لە ناحیەی بەرتلەوە سنووری قەڵەمڕەوی هێزە عێراقییەکان دەستپێدەکات، ئاڵای عێراق لەنێو ئاڵای رەش و سوور و زەرد کە ئاماژەن بۆ گرووپی



مەزارگەی نەبی یونس کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە تەقێندراوەتەوە
(فۆتۆ: رووداو)

نووسراوە پۆلیسی ئیسلامی. پسوولەکە کە لە رۆژی 2016/5/25 دەرچووە، پەنجەمۆری غانمی بەسەرەوەیە و بەڵێننامەی لێوەرگیراوە کە جارێکی دیکە جگەرە نەکێشێتەوە.

غانم دەڵێت "لەسەردەمی داعش رۆژانە تەنیا پێنج جگەرەم دەکێشا، یەک دانە لەو جگەرەیەم بە سێ هەزار دینار دەکڕی، ئێستا پاکەتێک لەو جگەرەیە بە 500 دینار دەکڕم و ڕۆژانە سێ پاکەتە جگەرە دەکێشم".

لەسەر رێگا سەرەکییەکانی نێو شاری مووسڵ ناوبەناو بازگەیەکی پۆلیسی عێراق رزگاریان بووە، بەڵام ترسیان لەو شەڕە شاراوەیە هەیە کە سەرەتاکانی دەرکەوتوون، ئەویش شەڕی مەزهەبی و تائیفییە بەناوی تۆڵەسەندنەوە.

قەیس خەزعەلی، بەرپرسی کەتائیبی ئەهلی حەق کە میلیشیایەکی شیعەی عێراقییە، بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ رایگەیاندبوو لە مووسڵ تۆڵەی ئیمام حوسەین دەکەنەوە.

سەرەتای هەفتەی رابردوو لە گەڕەکی نەبی یونس، گەنجێکی سوننە بەناوی حەمید خەلەف کوژرا. کەسوکارەکەی دەڵێن کوڕەکەیان بەبێ ئەوەی داعش بێ و گوناهێکی هەبووبێ، لەلایەن هەندێ چەکداری دەمامکداری شیعەوە کوژراوە.

یەکێک لە براکانی حەمید خەلەف بە (رووداو)ی راگەیاند "چەکدارێک پەنجەی بۆ کەسێک درێژ کرد و بەمنی گوت: بەگیانی ئیمامی عەلی ئەگەر ئەمە داعش بێ یەکسەر دەیکوژم، منیش گوتم بەخوا نایناسم، لەولاتر دوو چەکداری دەمامکدار هاتن، یەکێکیان گوتی تۆڵەی براکەمم کردەوە کە لە شەڕی داعشدا کوژرا، من نەمدەزانی باسی برای منی دەکرد".

### ئاڵای تایفی لەسەر مەزاری پێغەمبەران

مەزارگەی نەبی یونس کە لەلای سوننەکانی ئەو شارە زۆر پیرۆزە، پێشتر لەلایەن داعشەوە تەقێندرایەوە، دوای رزگارکردنیشی لە چنگی داعش، ئاڵایەکی سووری لەسەر هەڵکراوە کە وێنەیەکی خەیاڵیی ئیمام عەلی تێدایە و لەسەری نووسراوە "ابد والله يازهرا ماننسى حسينا". ئەمەش سوننەکانی ئەو شارەی نیگەران کردووە.

کەسێکی سوننە مەزهەبی دانیشتووی مووسڵ بە (رووداو)ی گوت "جارێ با لە شەڕی داعش تەواو بین، خودا دەزانێ چۆن ئەم کێشەیە ساف دەکەین". یەکێکی دیکە گوتی "ئاڵای شیعە لێرە تائیفەگەری دەورووژێنێ و قبوڵی ناکەین".

بەڵام سەربازە شیعەمەزهەبەکانی نێو سوپای عێراق دەڵێن دیارە خەڵکی موسڵ زوو ئەوەیان لەبیرکرد کە لە باشووری عێراقەوە بۆ رزگارکردنی شارەکەیان هاتوون. عەقیل دەحام، سەربازی عێراقی (شیعە) بە (رووداو)ی گوت "ئەگەر شیعە نەبووبان کێ مووسڵی رزگار دەکرد؟ خودا ئەمانە عاقڵ بکات، دیارە عەقڵیان لەدەست داوە، ئێمە بۆ تائیفییەت نەهاتووینەتە ئێرە، بەڵکو هاتووین براکانمان لە مووسڵ رزگار بکەین".

### بکوژەکەی گۆگجەلی کوژرا

پتر لە هەفتەیەکە بەری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ بە تەواوی لە چنگی داعش دەرهێنراوە، بەڵام ئاسەوارەکانی داعش هەر ماون، بۆ نموونە تابلۆی سەر فەرمانگەکان کە داعش پێشتر گۆڕیبوونی، هەروەها تابلۆکانی هاتوچۆ.

داعش بەرگرییەکی زۆری کرد، بەڵام دواجار نیوەی شاری مووسڵی لەدەستدا، ئێستاش تەرمی چەکدارانی داعش لە بەری چەپی شارەکە ماون. لەسەر گۆڕستانی نەبی یونس، تەرمێک دانراوە و بە بەتانییەکی سپی داپۆشراوە، لەولاش گەنجێک سەرقاڵی هەڵکەندنی گۆڕێکە، ئەگەر پرسیار نەکەی وادەزانی ئەو گۆڕە بۆ ئەو تەرمە لێدەدرێ.

بەڵام تەرمەکە، تەرمی چەکدارێکی داعش بوو کە بە گوتەی خەڵکی ناوچەکە تەمەنی 15 ساڵە و بە بکوژە بەناوبانگەکەی گۆگجەلی ناسرابوو. گەنجێک کە لەسەر گۆڕستانەکە بوو، گوتی "ئەو چەکدارە چەند رۆژێکە لێرە کەوتووە، سوپا پێیگوتین نابێت بیشارنەوە بۆ ئەوەی ببێتە پەند و عیبرەت بۆ خەڵک".

### تەرمەکانیان دەگوازنەوە گۆڕستان

لە نزیک مەزارگەی نەبی یونس، گۆڕێک ئامادەکراوە، گۆڕهەڵکەنێکیش سەرقاڵی لێدانی گۆڕێکی دیکەیە. کاتێک پرسیارمان کرد ئەو گۆڕانە بۆ کێن؟ گۆڕهەڵکەنەکە گوتی "من لە پێناوی خودا ئەو گۆڕانە هەڵدەکەنم، زۆر کەس هەیە

### عەرەبێکی مووسڵ: ئاڵای شیعە لێرە تایفەگەری دەورووژێنێ و قبوڵی ناکەین

### سەربازێکی سوپا (شیعە): مووسڵاوییەکان بیریان چوو کێ لە دەستی داعش رزگاری کردن

ناوچە شوێنەوارییەکانی مووسڵ هەبووبێ و یان شوێنەوارناسەکانی نێو داعش بووبن.

ئیسماعیل طویل کە بە گوتەی خۆی درێژترین پیاوی مووسڵە لە دەروازەی تونێلەکە ئاماژە بۆ دیوارە شوێنەوارییەکان دەکات و دەڵێت "ئێرە کاتی خۆی دادگای ئاشوورییەکان بووە، داعش ئەو تونێلەی بۆ شوێنەوار لێداوە، دوای لێدانی ئەو تونێلە داعشێکی رووسی پێیگوتم سەربازانی خەلافەت لێرە زێڕیان دەرهێناوە".

هەروەها هاووڵاتییەکی دیکە گوتی "داعش ئەو تونێلەی بۆ شەڕ بەکارنەدەهێنا، دەڵێن ژێر ئەو گردە شوێنەواری ئاشوورییەکانی لێبووە، پێدەچێ داعش ئەو تونێلەی بۆ گەڕان بەدوای شوێنەواردا لێدابێ".

### ناوێرن بگەڕێنەوە شنگال

بەری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ لەرووی پێکهاتەی ئێتنیکی و ئاینییەوە جیاوازە لەبەری ڕۆژئاوای، لە بەری ڕۆژهەڵات نەتەوەکانی کورد و عەرەب و کەمینەکانی وەکو تورکمان و کریستیان هەن. هەروەها لەرووی ئاین و ئاینزاش زۆر تێکەڵە، کریستیان، کوردی ئێزدی، کوردی موسوڵمان، کوردی شەبەک، تورکمانی سوننە، تورکمانی شیعە و عەرەبی سوننەی تێدایە.

ئەوانەی لەوێ لە هەردوو ئاینەکە بوون، کوردە موسوڵمانەکانی قەزای شنگالن کە دوای رزگارکردنی شنگال بەشێکی زۆریان بەرەو مووسڵ هەڵاتن، چونکە ئەوان ترسیان لە تۆڵەکردنەوەی ئێزدییەکان هەبوو.

ئەبوو محەممەد کە کوردێکی موسڵمانی قەزای

زمانە وڵامت دەدەنەوە. ئەوان دەڵێن خەڵکەکە لە نێوان خۆیاندا زۆر تەبان، بەڵام ئەوە سیاسییەکانن کار لەسەر کاڵبوونەوەی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئاین و ئاینزاکانی شارەکە دەکەن.

ئەبو شیرین، بەساڵاچوویەکی مووسڵە و ریشێکی سپی درێژی هەیە، بە دەست ئاماژە بۆ جلوبەرگەکەی بەری دەکات کە دشداشەیەکە و عەگاڵێکیشی لەسەر نابوو، گوتی "جلوبەرگەکەم عەرەبییە، بەڵام من کوردم. لێرە نەتەوە و ئاینەکان هیچ جیاوازییەکیان نییە، شیعە و سوننە هیچ کێشەیەکیان نییە، ئەوە سیاسییەکانن ئەو جیاوازییەیان دروستکردووە، ئێمە هیچمان ناوێ، تەنیا دەمانەوێ بە ئاشتی بژین".

بەهزاد حەسەن، گەنجێکی مووزەردە بوو، لە چوارڕیانێکی شارەکە وەستابوو و کڵاوی بلووزەکەی بە سەریدا دابوو، کەمێک ریشی درێژ کردبوو، پێدەچوو هێشتا تارمایی داعش وازی لێنەهێنابێ، چونکە پێشتر لەسەر کورتکردنەوەی ریشەکەی لەلایەن داعشەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ کرابوو.

بەهزاد کە بە رەچەڵەک کوردە، گوتی: "ئێمەی کورد لە سەردەمی بەعس دەچەوسێندراینەوە، دوای نەمانی سەددام ئەمجارەیان دەوڵەتی ئیسلامی و قاعیدە لە ئێمەی دەکوشت، بەڵام لە سەردەمی داعش (بە نەفرەت بن و نەگەڕێنەوە) جیاوازیمان پێنەدەکرا، کەس بە ئێمەی نەدەگوت سەر بە چ نەتەوەیەکی، کەس لەسەر زمان یان نەتەوە سزا نەدەدرا".

### مندالان نەفرەت لە داعش دەکەن

مندالانی مووسڵ سەر لە سیاسەت دەرناکەن، بەڵام بە سانایی هێزی باش و خراپ لە یەکدی جیادەکەنەوە. زیاد منداڵێکی کوردە و تەمەنی کەمتر لە 10 ساڵە، لەگەڵ نەجیبی هاورێی لەسەر شەقامێکی سەرەکیی مووسڵ وەستابوو، گوتی "داعش خراپ بوو، چونکە شەڕی دەکرد، ئێمە حەز لە سوپا دەکەین".

### خێرگەڕایەوە

مووسڵاوییەکان نەمانی داعش بە گەڕانەوەی خێر دەزانن، خەڵک وەکو جاران کەوتوونەتە کۆڵانەکان و کەسابەتی خۆیان دەکەن، کەسیش باج و سەرانەیان لێ وەرناگرێ.

مەلیک مستەفا کە گەنجێکی کوردە و دانیشتووی مووسڵە، دەڵێت ئەو کاتەی داعش لێرە بوو کار و کاسبی نەبووە. ئەو کە بە عەرەبانە لە کۆڵانان سەوزەی فرۆشتووە، داهاتی رۆژانەی تەنیا 1500 دینار بووە.

مەلیک کە خەریکی دروستکردنەوەی لا دیوارێکی رووخاو بوو، گوتی "دوای نەمانی داعش، ئەمڕۆ یەکەم رۆژی کارکردنمە، رۆژانەکەم 25 هەزار دینارە، تاوەکو نیوەڕۆ کارەکە تەواو دەکەم. بە نەمانی داعش، ئیش گەڕایەوە، خێر گەڕایەوە".

مووسڵاوییەکان دەڵێن بە هەر جۆرێک بێت دەتوانن قووتی رۆژانەیان دابین بکەن، بەڵام لەو کاتەدا تاکە گرفتی ئەوان نەبوونی ئاو و کارەبایە، ئەوەش تەنیا داواکاریی ئەوان بوو لە کاربەدەستانی عێراق.

### کوردە موسوڵمانەکانی شنگال لە ترسی پەکەکە و ئێزدییەکان ناوێرن بگەڕێنەوە

### تەرمی بکوژەکەی گۆگجەلی لەسەر گۆڕستانی نەبی یونس کەوتووە

مەزهەبی، ون بووە، شوێنەواری شەڕ لەو ناوچەیە بەرەبەرە کاڵ دەبێتەوە، گەراجەکان پڕن لە پاسی بچووک و تاکسی، بەدرێژایی ئەو رێگایەی لە بەرتلەوە دەچێتە نێو مووسڵ، زۆربەی دووکانەکان بەهۆی شەڕەوە وێران بوون، بەڵام ئەوە خەڵکەکەی لە کەسابەت نەخستووە، دووکاندار و کاسبکاران لەسەر عەرەبانە کاڵاکانیان ساخ دەکەنەوە.

سیمای ناوچەکە زۆرتر لە سیمای شارەکانی هەرێمی کوردستان لە دوای راپەڕینی 1991 دەچێت، لەسەر جادەکان بە دەبە و بەرمیل سووتەمەنیی وەکو نەوت و بەنزین و گازوایل دەفرۆشن. رێگاکان بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانەوە چاڵی گەورە گەورەیان تێکەوتووە، لە هەندێک شوێن شوێنەواری شەڕی قورس بەدی دەکرێ، هەندێک لە خانووەکان لەگەڵ زەوی تەخت بوون، هەندێکیشیان ئەوەندەیان گوللە بەرکەوتووە لە بێژینگ دەچن.

سەنتەری بەشی رۆژهەڵاتی مووسڵ بە تەواوی ئارام بووەتەوە، خەڵک سەرقاڵی کاری خۆیانن، هیچ کەسێکی ریشدرێژ نابینی، ژنان پەچەیان فڕێداوە، خەڵک بە ئارەزووی خۆی مژ لە جگەرە و نێرگەلە دەدات، حسبەی داعش نەماوە غەرامە و دارکارییان بکات.

غانم ئەحمەد جاسم کە عەرەبێکی دانیشتووی گەڕەکی نەبی یونسە، مژێک لە جگەرە باریکەکەی دەستی دەدات و دواتر دەست بۆ باخەڵی دەبات و پسوولەیەکی رەنگ سوور دەردێنێ کە لەسەری

دەبینی، داوای ناسنامە لە هەندێک لە شوفێران دەکەن، هێشتا فەرمانگەکانی حکومەت بە تەواوی ئاوەدان نەکراونەتەوە، بنکەی پۆلیس لە گەڕەکی نەبی یونس لە نێو کۆڵانێکدایە، سەری کۆڵانەکە بە ئۆتۆمبێلێکی لەکارکەوتوو گیراوە. بنکەکەی پۆلیس لە خانووی ئەو کەسانەدایە کە داعش بوون و لەگەڵ چەکدارانی داعش هەڵاتوون بۆ بەری رۆژئاوای شارەکە.

پۆلیسێکی کورد کە لەسەری کۆڵانەکە وەستابوو، گوتی "رەوشەکە بە تەواوی ئارام بووەتەوە، داعش نەماوە، هێزە ئەمنییەکان کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر شارەکەدا هەیە". سەبارەت بە پاشماوەی داعش، ئەو پۆلیسە گوتی "خەڵک زوو زوو دێن زانیاریمان دەدەنێ لەسەر ئەو کەسانەی کە داعش بوون، بەڵام کاتێک دەچین ماڵەکانیان بپشکنین ئەو کەسانە لەوێ نەماون".

لە بەری رۆژهەڵاتی شارەکە تەنیا گوێت لە دەنگی گوللە هاوەنەکانی داعش دەبێ کە لە رۆژئاواوە ئاراستەی رۆژهەڵاتی شارەکەی دەکەن. فڕۆکەکانی سوپای عێراق بەردەوام بەسەر ئاسمانی شارەکەدا دەسووڕێنەوە، ناو بەناو بۆمب بەسەر بەری رۆژئاوای شارەکەدا بەردەدەنەوە.

### شەڕێکی شاراوە بەناوی تۆڵەسەندنەوە

دانیشتووانی رۆژهەڵاتی مووسڵ لە چنگی داعش

### داعش لە نەبی یونس تونێلی بۆ دەستکەوتنی زێڕ و شوێنەوار لێداوە

### گەنجێکی کورد: تەنیا لە سەردەمی داعش هەستمان بە جیاوازی نەدەکرد

توانای لێدانی گۆڕی نییە، یان کەس نییە گۆڕی بۆ هەڵکەنێ من ئاسانکارییان بۆ دەکەم".

ئەو گۆڕهەڵکەنە گوتی "ئەو گۆڕانە زیاتر بۆ ئەو کەسانەن کە پێشتر خەڵکیان مردووە، بەڵام لە ترسی شەڕ و بۆردومانی فڕۆکە نەدەوێران تەرمەکان بێننە گۆڕستان، هەر لە باخچەی ماڵەکانیان دەیانناشتن، ئێستا دووبارە لێرە دەیاننێژن".

### "زێڕی نەبی یونسیان دەرهێناوە"

گۆڕستانی نەبی یونس دەکەوێتە سەر گردێک کە گردی تۆبەی پێدەڵێن. داعش لە دوو شوێنی گۆڕستانەکە تونێلی لێداوە. لە شوێنێکیان دیوارێکی شوێنەوار دەرکەوتووە. پێدەچێ ئەوانەی ئەو تونێلەیان لێدابێ شارەزاییان لەبارەی

شنگالە، ئێستا لە گەڕەکی نەبی یونس لە مووسڵ نیشتەجێیە. ئەبوو محەممەد کە لەسەر مەزاری نەبی یونس قسەی بۆ (رووداو) کرد، گوتی "لێرە داعش بەردەوام یەخەی دەگرتین و دەیگوت ئێوە کوردن و دەبێ لێرە بڕۆن، لەولاش لە ترسی پەکەکە و ئێزدییەکان ناوێرین بگەڕێینەوە شنگال".

ئەبوو محەممەد رەتیکردەوە کە ئەوان هیچ پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووبێ و گوتی "باوەڕ بکەن کە داعش لێرە بوو چەندینجار بە نهێنی تەلەفۆنم بۆ پێشمەرگە کردووە و زانیاریم لەبارەی داعش پێداون".

لە گەڕەکێکی وەکو نەبی یونس، تاوەکو پرسیار لە شوناسی کەسەکە نەکەی نازانی سەر بە چ نەتەوەیەکە، بە کوردی قسە بکەی بە کوردی وەڵامت دەدەنەوە، بە عەرەبی قسە بکەیت بەو



تونێلێکی داعش بۆ گەڕان بەدوای زێڕ و شوێنەواردا



موسڵاوییەکان دەڵێن ئەگەر سیاسییەکان وازیان لێبێنن، ئەوان هیچ کێشەکیان نییە



سوپای عێراق ناهێڵێت تەرمی چەکدارانی داعش بنێژرێن

(فۆتۆ: رووداو)

## د.هادی عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی سیاسی و جەماوەریی یەکگرتوو:

# پارتی و یەکێتی ئێمەیان لە بەشێکی گفتوگۆکانی نێوانیان ئاگادار کردووە



**د.هادی عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی سیاسی و جەماوەریی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەڵێت هەر چارەسەرێکی سیاسی لە دەرەوەی پەیامەکەی بارزانی بۆ گۆڕینی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە سەرکەوتوو نابێ. د.هادی عەلی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) هەروەها دەڵێت "زۆربەی جومگەکانی دەسەڵات لای پارتییە، دەبێ ئەو نەرمی و سازش بنوێنێ". ئاشکراشی کرد کە لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندێکی یەکگرتوو سەردانی ئێران دەکات.**

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
رووداو – هەولێر

**رووداو: دوای پەیامەکەی بارزانی، پارتی یەکەم لایەن سەردانی کرد ئێوە بوون، دانوستاندنەکان بۆ نەگەیشتوونەتە ئەنجام و پرۆژەیەکی هاوبەش؟**

**د.هادی عەلی:** ئەوان کە هاتنە لای ئێمە پرۆژەکیان نەبوو. تەنیا باسی ئەوەیان کرد لەسەر بنەمای پەیامەکەی کاک مەسعود، سەردانی لایەنەکان دەکەن. زۆر باسی وردەکاری و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان نەکرا. ئێمە پێشوازیمان لە پەیامەکەی بارزانی کرد و بە هەنگاوێکی باشمان زانی، بەڵام بە برادەرانی مەکتەبی سیاسی پارتیمان راگەیاند دەخوازین پەیامەکەی کاک مەسعود بۆ واقیع تەرجەمە بکرێت و بکرێتە پرۆژە تا دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە.

**رووداو: تا چەند ئەوە راستە کە پارتی و یەکێتی ئێوەیان لە نێوەڕۆکی گفتوگۆکانیان ئاگادار کردووەتەوە؟**

**د.هادی عەلی:** لە بەشێک لەوەی لە نێوان یەکێتی و پارتی گوزەراوە ئاگادارین، بەشێوەی جیاجیا نوێنەری هەردوولا سەردانیان کردووین، لە یەکێتی بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە لە پارتیش کاک دلشاد شەهاب بە جیا سەردانی ئەمینداری گشتییان کردووە، باسی بەشێک لە نێوەڕۆکی دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوولایان کردووە. لەسەر زۆر بابەتی سەرەکیی لێکتێگەیشتنی باش دروستبووە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و کاراکردنەوەی پەرلەمان، بەڵام ئەوەی هەستمان پێکرد پارتی چاوەڕێی بڕیاری یەکێتی دەکات بۆ ئەوەی کۆی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بگەنە بڕیارێکی هاوبەش.

ئەوەی سەرجەم لایەنەکان لە سەری کۆکن پەیامەکەی کاک مەسعود بارزانییە کە باسی گۆڕانکاری لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکە دەکات. بۆیە هەر پرۆژەیەکی سیاسی گفتوگۆی لەسەر بکرێت دەبێ لەسەر بنەمای پەیامەکەی بارزانی بێت و باسی گۆڕانکاری لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکە تێدا بێت، لە پاڵ ئەمەدا دەبێ چارەسەری قەیرانی دارایی بکرێت و سیستەمی پاشەکەوتی مووچە هەڵبوەشێتەوە.

## شاندێکی یەکگرتوو بەم نزیکانە دەچێتە ئێران

## زۆربەی جومگەکانی دەسەڵات لای پارتییە دەبێ ئەو نەرمی و سازش بنوێنێ

**رووداو: پێتانوایە ئەم قەیرانە دارایی نییە و سیاسییە؟**

**د.هادی عەلی:** ئێستا نرخی نەوت بەرزبووەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان باجی خستووەتە سەر هەموو شتێک و خەرجییەکانی حکومەتیش کەم کراونەتەوە، بە بڕوای من قەیرانی دارایی پەیوەندی بە گەندەڵی و بە هەدەردان و نەبوونی شەفافیەت و لێپرسینەوە و پەکخستنی دامەزراوە چاودێرییەکانی وەکو پەرلەمان و دەزگاکانی دیکەوە هەیە. هەروەها کەڵەکبوونی مووچەخۆرێکی زۆری هەردوو حیزب کە بارگرانی لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان دروستکردووە. مووچەخۆرانی دوو حیزبەکە مووچەیان کەمی نەکردووە و پاشەکەوتی مووچە ئەوانی نەگرتووەتەوە.

فەرمانبەرانی ئاسایی حکومەت باجی ئەو مووچەخۆرانەی حیزب دەدەن، ئەگەرنا ژمارەی فەرمانبەرانی راستەقینە 700 هەزارە، کەچی ملیۆنێک و 400 هەزار مووچەخۆر هەیە، ئەو نیو ملیۆن مووچەخۆرە هەمووی بە بڕیاری حیزب دامەزراوە.

**رووداو: چەند جارێک لە میدیاکانی خۆتانەوە باسی ئەوەتان کردووە کە نابێ پارتی و یەکێتی هیچ لایەنێک پەراوێز بخەن، ئێوە ترستان هەیە لایەنێک لە نزیکبوونەوەی پارتی و یەکێتی ئاوت بکرێت؟**

**د.هادی عەلی:** ئەگەر پەیامەکەی کاک مەسعود بارزانی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت و گۆڕانکاری لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکە بکرێت، هیچ لایەنێک پەراوێز ناخرێت، بەڵام ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێ نەکرێت، ناکۆکی و کێشە بەردەوام دەبێت. ئەگەر لایەنێک پەراوێزبخرێت، قەیرانەکان بەردەوام دەبن.

**رووداو: ئێوە شەڕی پەراوێزنەخستنی گۆڕان دەکەن؟**

**د.هادی عەلی:** ئێمە دەمانەوێ کێشەکان چارەسەر ببن، گۆڕان و یەکێتی رێککەوتنیان هەیە ئەگەر پارتی و یەکێتی رێبکەون و گۆڕان پەراوێز بخەن، ئەوا کێشە لە دەڤەری سلێمانی بەردەوام دەبێت، کە کێشە بۆ یەکێتی دروست بێت، مانای وایە کێشە بۆ حکومەت و هەرێمی کوردستان دروست دەبێت.

**رووداو: دژی رێککەوتنی نوێی پارتی و یەکێتین یاخود لەگەڵ کاراکردنەوەی رێککەوتنی ستراتیژی نین؟**

**د.هادی عەلی:** هەلومەرجی ئێستای هەرێمی کوردستان وەکو 2007 نییە، دۆخەکە گۆڕاوە، بڕواش ناکەم رێککەوتنی ستراتیژی بۆ دابەشکردنی هەرچی پۆست و پلەی هەرێمی کوردستان و بەغدا لە نێوان پارتی و یەکێتی سەرکەوتوو بێت.

**رووداو: بارزانی چەند جارێکە تۆپەکە فڕێ دەداتە گۆڕەپانی لایەنە سیاسییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، تەنانەت باسی دانانی کەسێک بۆ شوێنی خۆی دەکات، بۆچی لایەنەکانی دیکە جگە لە پارتی لەو پرسە نایەنە پێش؟**

**د.هادی عەلی: هەوڵەکان بۆ رێککەوتن زیاد لە پێویست لاوازە،** زیاتر لە دوو مانگە کاک مەسعود بارزانی پەیامەکەی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام هیچ رێککەوتنێک نەکراوە، هەر لایەنێک دەبێ بەپێی قەبارەی خۆی لەو قەیرانە سیاسییانە بێتە پێشەوە.

**رووداو: لایەنەکان زۆر باسی ناهاوسەنگی لە دابەشکردنی دەسەڵات دەکەن و پەنجەی تۆمەت بۆ پارتی رادەکێشن، ئێوەش هەمان بۆچوونتان هەیە؟**

**د.هادی عەلی:** کێشەی سەرەکیی هەرێمی کوردستان ناهاوسەنگیی دابەشکردنی پۆست و دەسەڵاتە لە نێوان هێزە سیاسییەکان لەگەڵ دابەشکردنی سامان و داهاتی ئەم وڵاتە بەسەر تەواوی ناوچە و هاووڵاتییان. دەبێ ئەو دوو پرسە چارەسەر بکرێن. بە راشکاوانە لە کۆبوونەوەکاندا بە پارتیمان راگەیاندووە کە جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات لەدەستی ئێوەیە، دەبێ ئەوان پرۆژەیان هەبێت کە نەرمی و سازشی تێدابێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## پاشکەوتی مووچەخۆران پارتی و یەکێتی نەگرتووەتەوە

## سوورین لەسەر ئاشکراکردنی پیلاندارێژەرانی تیرۆری ماموستا وشیار

**رووداو: ئیسلامییەکان کە خاوەنی 17 کورسین، ئێستا هاوکاری و پرۆژەی نزیکبوونەوەتان هەیە. لە چەند رۆژی رابردوودا سێیەم کۆبوونەوەی لوتکەتان کرد، بۆ نەتانتوانیوە ئەو 17 کورسییە لە گۆڕینی پارسەنگی هێز لە کوردستان بەکاربهێنن؟**

**د.هادی عەلی:** نزیکبوونەوە و یەکخستنی نێو ماڵی ئیسلامییەکان هەنگاوی باشی بڕیوە و پرۆژەکەش هەمەلایەنەیە و ئامانجی زۆریشی هەیە کە لە پاڵ بواری فکری، دەعەوی، باسی رۆڵی سیاسیش لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و کۆی پرۆسەکە هەیە. لیژنەیەکی باڵا لە نێوان هەرسێ لایەنە ئیسلامییەکە و رێکخراوەکانی دیکەی ئیسلامی کۆبوونەوە و گفتوگۆیان لە نێواندا دەبێت، ئومێد دەکەین لەسەر کۆی پرسە سیاسییەکان بگەینە تێڕوانینێکی هاوبەش.

**رووداو: کەیسی تیرۆری ماموستا وشیار بە کوێ گەیشت؟**

**د.هادی عەلی:** ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو چەند جارێک هەڵوێستی فەرمیی حیزبی راگەیاندووە و چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی دەزگا ئەمنییەکان دەکەین بگەنە ئەنجامێک. ئەگەرچی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دواکەوتووە، بەڵام بەپێی قسەی شارەزایان ئەو کەیسانە پێویستیان بە کات هەیە و ئێمەش چاوەڕێ دەکەین.

**رووداو: بارزانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئەمینداری یەکگرتوو گوتی: کوشتنی ماموستا وشیار دژی من کراوە، ئێوە ئەو کەیسەتان لەگەڵ راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ نەکرد؟**

**د.هادی عەلی:** گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و جەخت لەسەر ئاشکراکردنی پیلاندارێژەرانی ئەو تاوانە کراوە، ئەوانیش نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە و سوورن لەسەر ئەوەی تاوانبارانی راستەقینەی ماموستا وشیار ئاشکرا بکرێن.

**رووداو: ئێستا هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی مالیکی لە خولی داهاتوودا سەرۆکایەتی وەزیران وەربگرێتەوە، بارزانیش رایگەیاندووە ئەگەر ئەوە سەربگرێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ کەس، سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، پێشبینی گەڕانەوەی مالیکی دەکەن؟**

**د.هادی عەلی:** ئەگەر کێشە نێوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێن بە نەخشە رێگایەکی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکرێت، گرنگ نییە کێ لە بەغدا حاکمە، چونکە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان نابێ، بەبۆچوونی خۆم پرسی سەربەخۆیی زۆر لەوە گەورەترە کە پەیوەست بکرێت بەوەی کەسێک لە بەغدا لەسەر حوکم بێت. سەربەخۆیی پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەییە و هەموومان لەسەری کۆکین، حەق نییە ببەسترێتەوە بە حاکمێک لە بەغدا.

## ئەگەر کورد یەکگرتوو بێت گرنگ نییە کێ لە بەغدا حاکمە

**رووداو: لەدوای کۆنگرەی حەوتەمەوە شاندی باڵای یەکگرتوو سەردانی تورکیای کردووە، بەڵام سەردانی ئێرانتان نەکردووە، ئێوە بە حیزبێکی هاوسەنگ ناسراون، بۆچی نەچوونە تاران؟**

**د.هادی عەلی:** راستە سەردانی تورکیامان کردووە و ئەوانیش شاندیان هاتووە. شاندی ئێرانیش سەردانی کردووین. دوایینجاریش کە ئاغای ئیرەج مەسجدی سەردانی کردین بە فەرمی داوەتی کردین بۆئەوەی سەردانی تاران بکەین و بڕیاریشە شاندێکی یەکگرتوو بەمنزیکانە سەردانی تاران بکات.

---

## 60%ی بەرپرسانی لقەکان ئەندامی سەرکردایەتی نابن

# پارتی گۆڕانکاری لە 21 ئۆرگانیدا دەکات و شەش لق کەمدەکاتەوە

**میڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

گەرمترین باسی نێو کادیرانی پارتی، ئەو گۆڕانکاریانەن کە سەرکردایەتی ئەو حیزبە بە نیازە لە ماوەکانی داهاتوودا ئەنجامی بدات. ئێستا لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی تاوەکو کادری خوارەوە پرسیار دەکەن، ئایا ئەم گۆڕانکارییانە کێ دەگرێتەوەو کێ دەچێتە ماڵەوە؟

رۆژی 2017/1/14 مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرپەرشتی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەی کرد و لەو کۆبوونەوەیەدا قسەی لەسەر گۆڕانکارییەکانی نێو پارتی کرد.

ئەڤین هرۆری، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (رووداو) گوت "سەرۆک بارزانی گوتی گۆڕانکاری هەموویان دەگرێتەوە بە لق و مەکتەبەکانی حیزبیشەوە".

پارتی لەسەر راسپاردەی بارزانی حەوت لیژنەی پێکهێناوە بۆ نووسینی راپۆرت و چۆنیەتی گۆڕانکاری و چاکسازی لە نێو حیزبدا. پارتی کە 38 کورسی هەیە، زۆربەی جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کوردستان، لە سەرووی هەموویانەوە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی لەدەستە.

### جەعفەر ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی:
### پارتی لە گۆڕانکاریدا یاریی شەترەنج ناکات

بەپێی بڕیاری بارزانی، سەرجەم بەرپرسی لقەکان و بەرپرسی مەکتەبەکانی حیزب دەگۆڕدرێن، بگرە هەندێک لە لقەکان هەڵدەوەشێنەوە و لەگەڵ لقی دیکە تێکەڵ دەکرێن.

جەعفەر ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیشە، لەبارەی گۆڕانکارییەکانی نێو حیزبەکەی بە (رووداو)ی گوت "راپۆرتەکان لەبەردەستی سەرۆکن، زۆر بە وردی گفتوگۆ لەسەر بابەتی گۆڕانکاری دەکات، چونکە نایەوێ هەنگاوی هەڕەمەکی بهاوێ".

لەبارەی گۆڕینی بەرپرسانی لقەکانی پارتی، جەعفەر ئیبراهیم دەڵێت "گۆڕانکاری بۆ باشترکردنی حیزبە، ئێمە شەترەنج ناکەین کەسێک لابدەین و کەسێکی دیکە جێگۆڕکێ پێبکەین".

پارتی دیموکراتی کوردستان 26 لقی هەیە، بەڵام ژمارەکانی 13 و 25 لە نێو لقەکانی پارتیدا نین.

د.ئاراس خوشناو، کادیری پێشکەوتووی پارتی و کارگێڕی لقی دووی پارتی لە هەولێر هەندێ زانیاری لەسەر گۆڕانکارییەکان بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "بڕیارە گۆڕانکاری لە 21 ئۆرگاندا بکرێ و ژمارەی لقەکانیش لە 26 لقەوە بکرێنە 18 لق".

لە کۆنگرەی 13ی پارتی کە لە مانگی 12ی 2010 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بڕیار درا بەرپرسانی لقەکان لە سەرکردایەتی حیزب بن، بەڵام وەک خۆشناو باسی دەکات، ئەمجارە دانانی بەرپرسانی لق جیاوازە "60%ی بەرپرسانی لقەکان لە دەرەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی دەبن، بەڵکو کادیری باش و کارگێڕ لقەکان دادەنرێن".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) پارتی شەش لق کەم دەکاتەوە، بەشێوەیەک دوو لق لە پارێزگای دهۆک، دوو لق لە سنووری پارێزگای هەولێر، دوو لقیش لە سنووری سلێمانی و کەرکووک. ئەوەی زانراوە لقەکانی شێخان لە دهۆک، مەخموور، باڵەکایەتی-چۆمان لە هەولێر نامێنن. بڕیاریشە لقی 19ی دەوروبەری سلێمانی بچێتە سەر سنووری لقی کەرکووک.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا رووی لە بەرپرسانی حیزبەکەی کرد و گوتی "کەس لەو گۆڕانکارییانە عاجز نەبێ، ئەم گۆڕانکاریانە بە ئیجرائات وەرنەگرن. ئەوانەی پلەشیان بەرز دەکرێتەوە حیسابی ئەوە نەکەن کە لەوانی دیکە سەرکەوتووترن".

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی، هەر چوار ساڵ جارێک دەبێ کۆنگرە ببەسترێ، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە لە 2014 بڕیاریان دا بۆ ساڵێک درێژ بکرێتەوە، لە کۆتایی 2015ش نەیتوانی کۆنگرە ببەستێ. ئاراس خوشناو دەڵێت "لەبەر ئەوەی کۆنگرە نەکرا و کۆنفرانسیش نەکرا، گۆڕانکاریی نێو حیزب ببووە مەتڵەب، ئەمە هەنگاوێکی سروشتییە و پارتی پێویستی بە کەمکردنەوە و بچووککردنەوەی هەندێ دەزگایە، گۆڕانکاری بچووکترین هەنگاوە بە بەراورد بە بەستنی کۆنگرە".

# ـێڵن کورد بچێتە کەرکووک و موسڵ

ئەمریکا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا باس لە دۆزینەوەی کانگایەکی گەورەی مس لە باشووری کوردستان دەکات. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "تیمێکی جیۆلۆجی، بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی جیۆلۆجیستێکی بەریتانی، توانیویانە کانگایەکی گەورەی مس لە دووریی 40 میل لەسلێمانی و دوو میل لە سنووری ئێران بدۆزنەوە".

بەڵام مەسەلەکە تەنیا وەکوو مەسەلەیەکی زانستی و ئابووری نەماوەتەوە. چونکە بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە حکومەتی عێراق هەر زوو پەیوەندی بە جیۆلۆجیستە بەریتانییەکەوە کردووە بۆئەوەی سەبارەت بە دەوڵەمەندیی کانگاکە و ناوئاخنی کانگاکە هیچ زانیارییەک ئاشکرا نەکات.

ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی هەواڵگری ئاماژە بەوە دەکات کە "حکومەتی عێراق لەوە ترساوە کورد سوود لەم سەرچاوە دەوڵەمەندە سروشتییە وەربگرێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ". حکومەتی عێراق نیگەرانی ئەوەش بووە کە "ئەگەر کورد بەم کانگایە بزانێت، ئەوە دەشێت وەکوو چەکێکی پڕوپاگەندەیی لە قازانجی خۆی بەکاری بهێنێ".

لەو بەڵگەنامەیەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە "ڕۆژنامەکانی عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی 1949دا کۆمەڵێک زانیارییان لەبارەی دۆزینەوەی کانگایەکی مس لە باکووری عێراق بڵاوکردووەتەوە، بەڵام زانیارییەکانی نێو ڕاپۆرتەکانیان سەبارەت بە چڕیی مسی نێو خاکی کانگاکە جیاواز بوون لە زانیاری نێو ڕاپۆرتی جیۆلۆجیستە بەریتانییەکە. لە ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەکانی عێراقدا وا هاتووە کە ڕووبەڕی کانەکە نەزانراوە".

## چارەنووسی دیارییەکەی مستەفا بارزانی

وەک لە بەشی پێشووی بەڵگەنامەکانی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکادا ئاماژەی پێدرا، دیارییەکانی مستەفا بارزانی بۆ کیسینجەر و هاوژینەکەی هەرایەکی زۆری لەنێو میدیای ئەمریکیدا نابووەوە. بەرپرسانی ئەمریکیش لێدوانی جیاوازیان سەبارەت بە جۆری دیارییەکان دابوو.

بەڵام لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکادا دەردەکەوێت کە بارزانی لە دوو کاتی جیاوازدا دوو دیاری بۆ وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا ناردووە. بەگوێرەی بەڵگەنامەکە یەکەمجار "لە شوباتی 1974 فەرشێکی بچووکی ئەسفەهانی وەکوو نیشانەیەکی ڕێز" بۆ وەزیری دەرەوە نێردراوە. دیاریی دووەمیان ملوانکەیەکی زێڕ بووە کە بە کۆمەڵێک مرووی ڕازێنراوەتەوە. بەپێی دۆکیۆمێنتەکەی دیوانی تۆماری کەلوپەلەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا "ئەم دیارییە لە نیسانی 1974 بۆ مەراسیمی زەماوەندی کیسینجەر و هاوسەرەکەی نێردراوە". ڕاپۆرتەکەی دیوانی تۆماری کەلوپەلەکانی وەزارەتی دەرەوە مەزندە دەکات نرخی هەر دوو دیارییەکە لە 50 دۆلاری ئەمریکی زیاتر نەبێت.

لەو بەڵگەنامەیەدا دەقی نامەی بارزانی بۆ کیسینجەر لەسەر دیاریی زەماوەندەکە دانراوە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**بۆ بەڕێز دکتۆر هێنری کیسینجەر**
**هاوڕێی ئازیزم**
**هیواداریـن ئـەم دیاریـی زەماوەندەمـان لێ قەبووڵ بکەن کە بەدەستـی کورد دروستکراوە، لەگـەڵ دیارییەکەشـدا باشـترین ئاواتـەکان بۆ خۆتان و خاتوو کیسینجەر (واتە هاوژینی هێنری کیسینجەر) دەخوازین، هەروەها هیواداریشین لە ژیانی سیاسـی و دەرەوەی سیاسـەتی خۆتاندا سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنن.**
**لەگەڵ ڕێزمدا**
**مستەفا بارزانی**


No Objection to Declassification in Part 2013/01/03 : LOC-HAK-173-7-26-4

14/4/974

To Dr. Henry Kesinger
Dear Friend:
We hope that you accept the Kurdish-made wedding present with our best wishes for you and Mrs Kesinger and our hope for full success in your political and non-political life
With my best regards
friendly your's
Mustafa Barzani

Wedding gift - necklace

No Objection to Declassification in Part 2013/01/03 : LOC-HAK-173-7-26-4

دەقی نامەی بارزانی بۆ کیسینجەر لەسەر دیاریی زەماوەندەکە

## هەڵەبجە و دەستەوەستانیی ئەمریکا:

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە ڕێکەوتی 22ی ئەیلولی 1988ی لەسەرە، ئاماژە بە چڕبوونەوەی هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر هێزە کوردییەکانی نزیک سنووری تورکیا دەکات. ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە هێرش بۆ سەر هێزە کوردییەکانی نزیک سنووری ئێرانیش بکرێ. خاڵی جێی سەرنج لەو بەڵگەنامەیەدا وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە "قەبارەی هێرشەکان دیار نییە"، هەروەها جەخت کراوەتە سەر ئەوەی کە "بەغدا هەڵمەتی جینۆساید لە دژی کورد بەڕێوەنابات". ئەو بەڵگەنامەیە دەشڵێت، سزای ئابووریی ئەمریکا لە دژی عێراق "کاریگەری لەسەر سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە کورد و چەکە کیمیاییەکانی حکومەتی عێراق نابێت".

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی مانگی تشرینی یەکەمی 1988ی گۆڤاری (فۆرێن پۆڵیسی)ی ئەمریکی، لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بەهۆی دواکەوتنی ڕاپۆرتەکەیان نەیانتوانیوە پڕۆژە بڕیاری سزای ئەتۆمی لە دژی ڕژێمی بەعس ڕادەستی ئەنجوومەنی پیران بکەن. بەگوێرەی ڕاپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر عێراقدا نەبووە. ئەوکات یەکێک لە بەرپرسانی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندووە "ئێمە لە دوا خولەکدا لە زلکاوی ئەم پڕۆژە یاسایە دەرچووین".


Declassified and Approved For Release 2013/01/23 : CIA-RDP89T00234R000100030001-3

CQ Foreign Policy

**Iraq Sanctions Yield to Special Interests in Senate**

Omnibus foreign policy legislation imposing sanctions against Iraq was buried under the weight of special interest concerns on Capitol Hill in the closing hours prior to adjournment.

Although both chambers of Congress had voted by overwhelming margins to sanction Iraq for its alleged use of chemical weapons, the actual legislation fell victim to delays and to demands by members for special deals.

The collapse of the Iraq measure killed several other foreign policy measures, most notably a tightening of U.S. arms sales laws in response to the Iran-contra affair.

The bill's death also sparked an unusually bitter feud between the House Foreign Affairs and Senate Foreign Relations committees, raising new questions about the political stature of those panels.

Foreign Relations, in particular, has had trouble for two years getting its legislation onto the floor, creating frustrations on both panels. Sources in both chambers said the fallout from this year's battling could jeopardize the relationship between the committees well into next year.

As often happens at the end of congressional sessions, Sen. Jesse Helms, R-N.C., was at the center of action. While he supported the Iraq measure, Helms lodged other objections that prevented the bill from reaching the Senate floor Oct. 21.

Although the State Department opposed the Iraq sanctions, President Reagan, during an Oct. 21 political campaign trip with Helms to North Carolina, personally lobbied the senator on other issues related to the omnibus bill. Had Reagan been successful in swaying Helms, Congress might have passed both the omnibus bill and another measure authorizing U.S. contributions to United Nations peacekeeping forces. *(Story, p. 3142)*

Even so, a senior State Department official said that "we escaped rather well" from the last-minute legislative quagmire. J. Edward Fox, assistant secretary of state for legislative affairs, voiced disappointment at the failure of the U.N. bill but said the State Department was pleased that Congress did not enact other measures — including items pushed by Helms.

**Crafting a Bill**

In the closing days of the session, House and Senate leaders tried to put together an omnibus foreign policy bill including several items that had stalled in Congress for one reason or another.

The Iraq sanctions were to be the centerpiece of the omnibus bill. Starting early in September, the Senate voted three times and the House twice to impose sanctions against Iraq to protest its alleged use of chemical weapons against its Kurdish minority.

TERESA ZABALA

***"This is a horrible way to legislate. But somebody must like it because we keep doing it."***
**—Rep. Dante B. Fascell, D-Fla.**

House and Senate members early in October worked out a compromise sanctions package that met some administration objections. Even so, Fox said Secretary of State George P. Shultz probably would have recommended that Reagan veto a sanctions bill as damaging to U.S. diplomatic efforts to persuade Iraq to forswear the use of chemical weapons.

The Senate also had attached the compromise sanctions package to the tax corrections bill (HR 4333). *(Iraq background, Weekly Report p. 2983)*

On Oct. 20, House Foreign Affairs Committee leaders produced their omnibus foreign policy bill (HR 5550), including the Iraq sanctions. As passed by the House later that day by voice vote, the bill had provisions on nine issues other than Iraq, most of them technical matters.

The major non-Iraq item was a substantial tightening of restrictions on U.S. government or private arms sales to countries that support international terrorism. Every provision but one had been worked out beforehand between members of the Foreign Affairs and Foreign Relations committees. The exception was an amendment by William S. Broomfield, Mich., ranking Republican on Foreign Affairs, putting into law a ban on arms sales preferences for New Zealand because of its refusal to accept port calls by U.S. nuclear ships.

Once the House passed HR 5550, Foreign Affairs Chairman Dante B. Fascell, D-Fla., acceded to a demand by Dan Rostenkowski, D-Ill., chairman of the Ways and Means Committee, that the Iraq sanctions be removed from the tax bill. Rostenkowski had objected to all non-tax provisions added by the Senate.

**Delays in the Senate**

HR 5550, the omnibus foreign policy bill, officially reached the Senate shortly after noon on Oct. 21. By then, senators had concluded that their own attempts to craft a similar measure had failed. The Senate effort collapsed, in large part, because Helms and other senators demanded action on items that the administration and House leaders refused to accept.

Helms, according to aides and other sources, was pressing for two provisions that had been blocked three weeks earlier during action on the fiscal 1989 foreign aid spending bill (HR 4637). One Helms provision would have curtailed legal immunity for foreign diplomats in the United States. Another would have delayed a deal under which China is to launch three U.S.-made satellites. *(Weekly Report pp. 2731, 2540)*

—*By John Felton*

Copyright 1988 Congressional Quarterly Inc
Reproduction prohibited in whole or in part except by editorial clients.

Oct. 29, 1988—PAGE 3141

Declassified and Approved For Release 2013/01/23 : CIA-RDP89T00234R000100030001-3

ڕاپۆرتی گۆڤاری فۆرێن پۆلسی لەبارەی کاردانەوەی کۆنگریس بەرامبەر چەکی کیمیایی حکومەتی عێراق

## پێشبینییەکانی ئەمریکا بۆ ڕەوشی عێراق و کوردستان

لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکادا ڕاپۆرتێک لەسەر عێراقی پاش - ڕووخانی سەدام هەیە کە مانگی کانوونی دووەمی 2003 ئامادە کراوە، واتە دوو مانگ بەر لە هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق. وەک لە پێشەکی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "ئەم ڕاپۆرتە لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئامادە کراوە، تێیدا بیر لە بزوێنەرە نێوخۆییەکانی عێراق دەکرێتەوە" کە دەکرێت دەسەڵاتی سیاسیی عێراقی پاش سەدام، ڕووبەڕووی تەحەددای گەورە بکاتەوە".

هەر لە ساڵی 2003وە پرسی دابەشبوونی خاکی عێراق یەکێک لەو پرسانە بووە کە بەردەوام باسی کراوە، سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بەر لە سەرهەڵدانی داعش (هەڵسوکەوتەکانی حکومەتی مالیکی) و پاشانیش هێرشەکانی داعش جارێکیتر ئەم پرسەی گەرم کردووەتەوە، ئەمەش نەک هەر لەلایەن کوردەوە (کە هەوڵ بۆ سەربەخۆیی دەدات)، بەڵکو لەلایەن سوننەکانیشەوە کە بەپێی لێدوانی سەرکردەکانیان گەیشتوون بەوەی عێراقێک بە دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز ناتوانێت دادپەروەرانە حوکم بکات.

بەڵام لە ڕاپۆرتە 45 لاپەڕەییەکەدا پێشبینی واقیعێکی دیکە کراوە و هاتووە "ئەگەرچی ناکۆکی و گرژی کۆمەڵایەتی لە عێراق دێتە ئاراوە، بەڵام ڕێی تێناچێت عێراق دابەش ببێت". ڕاپۆرتەکە دوو هۆکار بۆ ئەمە دەخاتەڕوو. یەکەمیان ئەوەیە "عێراقییەکان خاوەنی شوناسێکی تایبەت بە خۆیانن کە شانازی پێوە دەکەن و ئەم شوناسە گشتییە بەسەر جیاوازییە ئەتنی و ئاینییەکاندا زاڵ دەبێت". هۆکاری دووەمیش ئەوەیە کە "ئەو ئەڵتەرناتیڤانەی دابەشکردنی عێراق دەیخاتە بەردەم لایەنەکان ئەڵتەرناتیڤێکی سەرنجڕاکێش نین". لەم سۆنگەیەشەوە ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات "کورد لە عێراقی دوای سەدام حوسێندا، پابەند بێت بە یەکپارچەیی خاکی عێراقێکی فیدراڵ".

بەشێک لە ڕاپۆرتەکە لەژێر ناونیشانی "بژارەکانی کورد" باس لە چوار ئەگەر دەکات کە ڕەنگە کورد لە عێراقی پاش سەدامدا بیقۆزێتەوە:

**یەکەم:** کورد ناکۆکی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە و لاوازی حکومەتی عێراق بقۆزێتەوە و لە ڕێگەی هێرشی سەربازییەوە، دەست بەسەر ناوچە و دامەزراوەی ئابووریی گرنگدا بگرێت.

دوو لەو ناوچانەی لە ڕاپۆرتەکەدا پێشبینی دەکرێت کورد چاوی لەسەریان بێت دامەزراوە و ناوچە نەوتییەکانی کەرکووک و موسڵن. ڕاپۆرتەکە پێشبینی ئەوەشی کردووە کە ڕەنگە کورد هەوڵ بدات "ئەو ناوچانە بخاتە ناو ڕێککەوتنی ئۆتۆنۆمی نێوان خۆیان و حکومەتی نوێ". دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا پێشنیاز دەکات "هێزی داگیرکەر (واتە هێزی هاوپەیمانان) ڕێگە لەم هەنگاوەی کورد بگرن".

**دووەم:** کە ڕاپۆرتەکە وەک مەترسی باسی کردووە پەیوەندی بە عەرەبە هاوردەکانی کەرکووک و مووسڵەوە هەیە. ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات لە دوای لەسەر کار لادانی سەدام کورد و تورکمانەکانی کەرکووک هەوڵی وەرگرتنەوەی موڵک و ماڵی خۆیان لە عەرەبە هاوردەکان بدەن، ئەمەش "لە لایەکەوە توندوتیژییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەم دوو شارە ئاوارە دەکات".

**سێیەم:** سەبارەت بە ناکۆکی نێوان پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستان ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە داوە "سەرەڕای هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، هێشتاش جۆرێک لە قین و بێ متمانەیی سیاسی و ناوچەیی و تاکەکەسی لە نێوان پارتە کوردییەکاندا هەیە". ئەم ناکۆکیانەش دەکرێ بۆ جەنگێکی خوێناوی (لە نێوان هێزە کوردییەکان) بگۆڕێت". ڕاپۆرتەکە هۆکاری ئەم گرژییەی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە ڕەنگە هەرکام لە لایەنەکان بۆچوونێکی جیاوازیان سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی نوێ و ناوچە تازە ڕزگارکراوەکان هەبێت.

**چوارەم:** سەبارەت بە هێزە چەکداری و سەربازییەکانی کورد لە عێراقی پاش سەدام ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە داوە "یەکە چەکدارییە کوردییەکان چاودێری ناوچەکان و هاتوچۆی قاچاخی کەلوپەل و خەڵک لەسەر سنووری نێوان ناوچە کوردییەکان و تورکیا و ئێران دەکەن"، ڕاپۆرتەکە پێشبینی ئەوەشی کردووە کە "بەشێکی زۆر لەو گروپە چەکدارییانە ئامادە نابن چەک دابنێن و لە ئیدارەی دوای سەدام حوسێندا بچنە ژێر دەسەڵاتی یاسای عێراقەوە".


CLASSIFICATION ~~SECRET~~/CONTROL U.S. OFFICIALS ONLY [redacted]
Approved For Release 2001/03/05 : CIA-RDP82-00457R005600590003-7
INFORMATION REPORT
CONFIDENTIAL
25X1A
CD NO.
COUNTRY Middle East
SUBJECT Kurdish Activity in the Middle East
DATE DISTR. 1 SEPT 50
NO. OF PAGES 1
NO. OF ENCLS. (LISTED BELOW)
PLACE ACQUIRED [redacted] 25X1C
DATE OF INFO.
SUPPLEMENT TO REPORT NO. [redacted]

Fld 64

[redacted]

25X1X

1. Informant states that an agreement now exists between the USSR and Kurdish nationalists which includes a designation of the territory which will be the future Kurdish state,* and that the USSR will make its first military move in the Middle East through the Kurds.**

2. This informant told source that the Kurds have received considerable amounts of arms and ammunition through secret channels, are well organized,*** and trust their leaders implicitly.

25X1A

25X1A * [redacted] Comment. See [redacted]

25X1A

25X1A ** [redacted] Comment. See [redacted] in which Khalid Bagdash is quoted by an independent source as having stated that in the event of a war in the Middle East, the first movement against Anglo-Americans would begin in the Jazirah area of Syria. See [redacted] for a remark attributed to Muhammad Nimr Awdah: "When the Kurds go into action, we will, too." [redacted] 25X1A

25X1X

25X1A *** [redacted] Comment. See [redacted] in which another fairly reliable source states that the Kurdish tribes in the Jazirah area are organized for sabotage and rebellion [redacted] 25X1A

25X1X

This document is hereby regraded to CONFIDENTIAL in accordance with the letter of 16 October 1978 from the Director of Central Intelligence to the Archivist of the United States.
Next Review Date: 2008

Document No. 3
No Change in Class.
Declassified
Class. Changed To: TS S C
Auth.: HR 70-2
Date: 06 JUL 1978 By: 24
VOID

CONFIDENTIAL
CLASSIFICATION ~~SECRET~~/CONTROL U.S. OFFICIALS ONLY
STATE | NAVY | NSRB | DISTRIBUTION
ARMY | AIR | FBI

Approved For Release 2001/03/05 : CIA-RDP82-00457R005600590003-7

1950 – ڕێککەوتنی نێوان سۆڤیەت و کورد لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی

## کریستیانەکان لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوون بۆ ئەوەی لە موسوڵمانەکان ڕزگاریان بێت

## ئاغایەکی کورد:
## ئەمجارە بە تەنیا نین و سمێڵ فشمان لە پشتە

ڕووداو
ئابووری
ژمارە ( 443 ) - دووشەممە 2017/1/30



## سلێمانی دەیەوێ مووسڵ ئاوەدان بکاتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

ڕێکەوت زەکی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەمەبەستی بووژانەوەی کەرتی ئابووری سلێمانی، پێشنیازی کردووە کارگەکانی سلێمانی بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی شاری مووسڵ بکەن و گوتی "ئامانجمان لەو پێشنیازە ڕاکێشانی زۆرترین پارەیە بۆ سلێمانی بەتایبەتیش کە ژمارەیەکی زۆر کارگەی چیمەنتۆ و بلۆک و کەرستەکانی بیناسازی دەکەونە سنوورەکەوە". ناوبراو گوتیشی "پێشنیازم کردووە وەک یەک تیم بەهەماهەنگی نێوان ئەنجوومەن و پارێزگاری سلێمانی و ژووری بازرگانی لایەنەکانی دیکە دەست پێبکەین، یان لیژنە پەیوەندیدارەکانی ئەنجوومەن یان لیژنەیەکی کاتی بۆ ئەو مەبەستە دروست بکرێت".

### لە 11 ساڵی ڕابردوودا 4 ملیار دۆلار بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ و گۆشت چووەتە دەرەوە

# "گۆشتی ئاژەڵی مردارەوەبوو هاوردەی کوردستان کراوە"

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئامارێک، لە 11 ساڵی ڕابردوودا بە بەهای نزیکەی 4 ملیار دۆلار ئاژەڵی زیندوو و بەرهەمە ئاژەڵییەکان هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون. بازرگانێکی هاوردەکردنی ئاژەڵ و گۆشتیش دەڵێت "بازرگان هەبووە گۆشتی ئاژەڵی مردووی هاوردە کردووە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی ساڵانی 2004 تاوەکو 2014 بە بەهای 3 ملیار و 929 ملیۆن دۆلار ئاژەڵی زیندوو و بەرهەمە ئاژەڵییەکان هاوردە کراون.

بەهۆی زۆریی خواست لەسەر خواردنی گۆشتی سوور و بەرهەمە ئاژەڵییەکان، قەبارەی هاوردەکردنی ئەم بەرهەمانە تاوەکو ساڵی 2013 بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە و لە 55 ملیۆنەوە بۆ 728 ملیۆن دۆلار بەرزبووەتەوە، بەڵام لە ساڵی 2014 بەهۆی قەیرانی داراییەوە بۆ 694 ملیۆن دۆلار دابەزیوە.

بەپێی ستانداردی جیهانی ساڵانە هەر تاکێک پێویستی بە خواردنی 41.2 کیلۆگرام گۆشت هەیە، ئەم بڕەش بەگوێرەی کولتووری وڵات گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. وەزارەتی کشتوکاڵ پێویستیی تاکی هەرێمی کوردستان بۆ خواردنی جۆری گۆشتەکان و هێلکە بەو جۆرە دابەش کردووە: (14.4 کیلۆگرام گۆشتی سوور، 23.9 کیلۆگرام گۆشتی سپی، 2.9 گۆشتی ماسی، 150 هێلکە).

بەپێی ئەو دابەشکارییەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 80 هەزار و 842 تۆن گۆشتی سوور، 134 هەزار و 176 تۆن گۆشتی مریشک، 16 هەزار و 280 تۆن گۆشتی ماسی و 842 ملیۆن هێلکە هەیە، بەڵام توانای کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بۆ گۆشتی سوور 50%یە، بۆ گۆشتی مریشک 76% و بۆ گۆشتی ماسی و هێلکەش تەنیا 30%یە.

بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە، بەڕێوەبەرایەتی کەرەنتینی کشتوکاڵ، ساڵی ڕابردوو ڕێگەی بە هاوردەکردنی 1.440 سەر بەرخ، 91.559 سەر گۆلک و 4.448 تۆن گۆشتی سوور و 131 تۆن مریشکی بەستوو، هەروەها 11 هەزار و 141 تۆن ماسی و 63.900 تۆن هێلکە داوە.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "ئەگەر بازرگانەکان لێمانگەڕێن و حکومەتیش کەمێک دەستکراوە بێت بۆ هاوکاریی ئاژەڵدار و خاوەن کێڵگە پەلەوەرییەکان، تەنیا بە کەمێک ڕێکخستن دەتوانین تەواوی پێویستیی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەو بەرهەمانە دابین بکەین و چیدی پێویستمان بە هاوردە نەبێ".

ڕەمەزان محەممەد، نموونە بە ژمارەی پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان و توانای ساڵانەیان بۆ بەرهەمەکان دێنێتەوە و دەڵێت "لە هەرێمی کوردستان 1317 پرۆژەی بەخێوکردنی مریشکمان هەیە، ئەگەر هەموویان کاربکەن، ساڵانە توانای دابینکردنی زیاتر لە 153 هەزار تۆن مریشکیان هەیە، بەڵام بەهۆی زۆریی مریشکی هاوردە، ئێستا تەنیا 65%یان کار دەکەن". ڕەمەزان گوتیشی "نۆ پرۆژەی هێلکەی خواردنمان هەیە، ئەگەر هەموویان کاربکەن توانای ساڵانەیان دەگاتە 1 ملیار و87 ملیۆن هێلکە، بەڵام بەهۆی گرفتی هاوردە و ساغنەبوونەوەی بەرهەم و وەستانی بەشێکیان، ئێستا تەنیا 30%ی پێویستیی هەرێمی کوردستان دابین دەکەن".

بەپێی ئاماری کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان، لە چوار ساڵی ڕابردوودا 3 ملیۆن و 352 هەزار و 460 سەر مەڕ و بزن و ڕەشەوڵاخ سەربڕدراون.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت "لەبەرئەوەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە هاووڵاتیانی وڵاتانی دەوروبەر گۆشتی سوور دەخۆن و نزیکەی ملیۆنێک و 800 هەزار ئاوارەش لێرەن، بۆیە جگە لەو ژمارە ئاژەڵە زیندووەی بە فەرمی ڕێگە بەهاوردەکردنیان دراوە، دوو بەرامبەری ئەو ژمارەیەش بە قاچاخ لە تورکیا و ئێران و سووریاوە هاوردە دەکرێن".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵی ڕابردوو 71 هەزار و 500 تۆن گۆشتی سوور لە سەربڕخانەکان بەرهەم هاتووە، 50%ی ئەو بەرهەمەش گۆشتی ئاژەڵی خۆماڵی بووە. ڕەمەزان دەڵێت "ئەگەر پرۆژەی هاوچەرخ دروست بکرێن و سنوورێک بۆ هاوردەکردن دابنرێت لە ماوەی چەند ساڵێکی کەم دەگەینە ئاستی خۆبژێوی".

بەهۆی ئەوەی بەرهەمی ساڵانەی ئاژەڵەکانی کوردستان لەگەڵ پێداویستیی خەڵک بۆ گۆشتی سوور یەکناگرێتەوە، بۆیە مانگانە لیژنەی پارێزگاکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێگە بەهاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو و گۆشتی بەستوو دەدەن.

محەممەد بارزانی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای زمزم بۆ هاوردەکردنی گۆشت و ئاژەڵی زیندوو، ساڵانە 50 تاوەکو 60 تۆن گۆشتی بەستووی سوور لە مۆڵداڤیاوە هاوردە دەکات و دەڵێت "نرخی گۆشتی سوور لەمۆڵداڤیا زۆر هەرزانە، بەڵام تورکیا ڕێگە نادات بەنێو خاکەکەیدا بیهێنین، بۆیە بەناچاری لە ڕێگەی ئێرانەوە دەیهێنین، ئەوەش تێچووەکەی زیاد دەکات".

### "گۆشتی ئاژەڵی مردوو هاوردە دەکرێت"

محەممەد بارزانی، نهێنیی پشت هەرزانیی هەندێک جۆری گۆشتی سوور و مریشکی بەستوو بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "من ئاگادارم هەندێ بازرگان تەنیا بۆ قازانجی خۆیان گۆشتی ئاژەڵی مردارەوەبوو هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەوەشم بە وەزیری کشتوکاڵ گوتووە".

محەممەد بارزانی گوتیشی "بەچاوی خۆم لە مۆڵداڤیا بینیم ترێلەیەک گۆشتی سووری ئەو ئاژەڵانەی بە دەمانچە دەکوژرێن و دوای مردنیان ئینجا سەردەبڕدرێن، هەناردەی ڕووسیا کرا، کەرەنتینی ڕووسیا ڕەتیکردەوە، بەڵام بازرگانێک هێنای بۆ کوردستان".

محەممەد جگە لە هاوردەکردنی گۆشتی سوور، ویستوویەتی مریشکی بەستووش هاوردە بکات، بەڵام دەڵێت "هاوردەکردنی لەلایەن چەند بازرگانێکەوە کۆنترۆڵ کراوە، ئەوان بە ترێلە هاوردەی دەکەن و هەموو مریشکەکانیش بە مەکینە سەردەبڕدرێن و ئاویش لە باڵیان دەکرێت بۆ ئەوەی کێشیان زیاد بێت".

بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیی گۆشتی سوور و مریشکی بەستوو، وەزارەتی کشتوکاڵ بازرگانەکانی ناچار کردووە لیژنەی وەزارەت ببەنە وڵاتی بەرهەمهێن، بەڵام محەممەد بارزانی دەڵێت "کاتێک لیژنەکان دەچن بازرگانەکان بۆ هەڵخەڵەتاندنیان هەموو مەرجەکان جێبەجێ دەکەن، بەڵام دوای گەڕانەوەیان دووبارە دەچنەوە سەر هەمان کاری پێشوویان".



| ساڵ | مەڕ و بزن | ڕەشەوڵاخ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| 2012 | 531.383 | 100.413 | 631.796 |
| 2013 | 596.624 | 139.711 | 736.335 |
| 2014 | 861.838 | 169.797 | 1.031.635 |
| 2015 | 809.271 | 143.423 | 952.694 |
| کۆی گشتی | 2.799.116 | 553.344 | 3.352.460 |

### ساڵی ڕابردوو ژمارەی خانووە پلاستیکییەکان لە کوردستان گەیشتووەتە نزیکەی 13 هەزار خانوو

# هەرێمی کوردستان ڕوو دەکاتە چاندن و بەکاربردنی سەوزە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری پرۆژەکانی خانووی پلاستیکی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی و خواست لەسەر سەوزە، ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران لە وەرزی زستاندا سەوزە لەناو خانووی پلاستیکی دەچێنن، بەڵام بەرهەمەکانیان کەمترە لە خواستی بازاڕ و ناچارن سەوزە لە نەجەفەوە هاوردە بکەن.

بیرۆکەی چاندنی سەوزە لەژێر خانووی پلاستیکی لە کوردستان مێژوویەکی درێژی نییە، بۆ یەکەمجار لە زستانی 2008 ئەندازیارانی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ وەک تاقیکردنەوە لە هەشت خانووی پلاستیکیدا سەوزەیان چاند، ئەندازیارەکان لە تاقیکردنەوەکانیان سەرکەوتوو بوون و هانی جووتیارانیان دا سەوزە بچێنن.

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری پرۆژەی خانووی پلاستیکی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "لە مانگی تشرینی یەکەمەوە تاوەکو مانگی شوبات لە کوردستان پلەکانی گەرما دادەبەزن، سەوزەی وەک خەیار، تەماتە، باینجان، کولەکە و بیبەر لەژێر خانووی پلاستیکی بەرگەی ساردی ناگرن و دەمرن، ئەگەر بۆیلەریشی بۆ دابنرێت تێچووی زۆر دەبێت و لە بازاڕ نرخی خۆی ناکاتەوە، بۆیە داوامان لە جووتیاران کرد لەو مانگانە خانووەکانیان بە بەتاڵی جێنەهێڵن و سەوزەی وەک کەرەوز، تەڕەتیزە، جەرجیر، سپێناخ و بروکلی تێدا بچێنن".



بە گوتەی کەمال محەممەد، سەرەتا جووتیاران زۆر گوێیان بەو داواکارییەی وەزارەتی کشتوکاڵ نەداوە، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەهۆی قەیرانی دارایی و خواست لەسەر سەوزە، جووتیاران ڕوویان لە چاندنی سەوزە لەژێر خانووی پلاستیکی کردووە. کەمال محەممەد ئاشکرای کرد "ئەمساڵ زیاتر لە 2500 خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان بەسەوزە چێندراون، ساڵ بەساڵیش ژمارەیان لەزیادبووندایە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵی 2007 تەنیا 224 خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان هەبوون، ئەوانیش بەخۆڕایی لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە درابوونە جووتیاران، بەڵام دوای دەرکەوتنی سوودە ئابوورییەکانی ئەو خانووانە، ئێستا چەندین کۆمپانیای تایبەت بە دروستکردنی خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان دامەزراون. بەپێی ئامارێکیش ساڵی ڕابردوو ژمارەی خانووە پلاستیکییەکانی کوردستان گەیشتووەتە نزیکەی 13 هەزار خانوو. پشکی شێری خانووە پلاستیکییەکان بەر پارێزگای سلێمانی دەکەوێ و نزیکەی 65%ی خانووە پلاستیکییەکانی کوردستان لە سنووری ئەو پارێزگایەدان.

مەلا کامل داود، سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکی، دەڵێت "بەهۆی پاشەکەوتی مووچە و قەیرانی داراییەوە، جووتیارێکی زۆر لە پارێزگای سلێمانی ڕوویان لە چاندنی سەوزە لە ژێر خانووی پلاستیکی کردووە. بەپێی ئەو ئامارە سەرەتاییانەی دەستمان کەوتووە، تەنیا ئەمساڵ زیاتر لە 2000 خانوو بە سەوزەی وەک کەرەوز، تەڕەتیزە، جەرجیر، تەڕەپیاز، سپێناخ، توور، سڵق و هەندێ سەوزەی دیکە داچێنراون".

پێشتر بەشێک لە جووتیاران سەوزەیان بە ئاوی ئاوەڕۆکان ئاو دەدا کە زۆرجار مەترسیی بڵاوبوونەوەی هەندێ نەخۆشی لێ دەکرا. بۆ پاراستنی ژیانی هاووڵاتیانیش وەزارەتی تەندروستی خواردنی سەوزەی لە چێشتخانەکان قەدەغە کرد.

شێرکۆ لوقمان، جووتیارێکی گوندی ئەڵایی ناوچەی بازیانی پارێزگای سلێمانییە، ئەمساڵ 65 خانووی پلاستیکی بە سەوزە چاندووە، دەڵێت "چاندنی سەوزە لەژێر خانووی پلاستیکی زۆر سەرکەوتووە، لەڕووی بەرهەمیشەوە لە شێوازی چاندنی کراوە باشترە".

شێرکۆ لوقمان لەژێر خانووەکاندا کەرەوز، تەڕەتیزە، جەرجیر، مەعدەنووس، شوویت و تووری چاندووە، ڕۆژانە نزیکەی 7 هەزار دەسکە سەوزە دەنێرێتە بازاڕ و دەڵێت" لە پارێزگای سلێمانی ئەمساڵ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە جووتیاران لەژێر خانووەکانیان سەوزەیان چاندووە، بۆیە بەرهەمەکانمان وەک پێویست لە سلێمانی ساغ نابێتەوە و ناچار هەناردەی هەولێر و دهۆک و ئاکرێ و زاخۆ و کەلار و پێنجوێنی دەکەین".

پێشتر هەندێک لە جووتیاران لە وەرزی زستاندا هیچ بەرهەمێکیان نەدەچاند و خانووەکانیان بە کرێ دەدا، بەڵام ئێستا زۆر بە زەحمەت خانووی پلاستیکی بۆ کرێ دەستدەکەوێ. شێرکۆ لوقمان جگە لە 15 خانووەکەی خۆی، 50 خانووشی بە کرێ گرتووە بۆ چاندنی سەوزە، دەڵێت "پێشتر لە وەرزی زستاندا هەر خانوویەکمان بە 250 هەزار دینار بە کرێ دەگرت، بەڵام ئێستا خواست لەسەر چاندنی سەوزە لە زستاندا زۆر بووە و خاوەنەکانیان خۆیان دەیچێنن، بۆیە زۆر بە زەحمەت خانووی پلاستیکیمان بۆ کرێ دەستدەکەوێت".

جگە لە سلێمانی لە هەولێریش خەریکە چاندنی سەوزە لەژێر خانووی پلاستیکی لە وەرزی زستاندا دەبێتە نەریت. کەمال محەممەد دەڵێت "لە هەولێر ئەمساڵ لەژێر زیاتر لە 500 خانووی پلاستیکی سەوزە چێندراوە، بەڵام بەهۆی ئاوارەکان و خواستی زۆر لەسەر سەوزە، بەرهەمی خانووەکان ناتوانن پێویستی دانیشتووانی هەولێر پڕبکەنەوە".

### هەولێر سەوزە لە نەجەف دێنێ

کەیفی ئیسماعیل باپیر، بازرگانێکی فرۆشتنی سەوزەیە لە گومرگی میوە و سەوزەی هەولێر، دەڵێت "لە هەولێر خواستێکی زۆر لەسەر سەوزە هەیە و بەرهەمی جووتیاران ناتوانێ ئەم خواستە پڕبکاتەوە. بۆیە جگە لەو سەوزەیەی ڕۆژانە لە سلێمانییەوە دەگاتە هەولێر، بازرگانان ڕۆژانە 7 لۆری دیکەش لە نەجەفەوە دەهێنن کە هەر لۆرییەک زیاتر لە 35 هەزار دەسک سەوزەی تێدایە".

بەگوتەی کەیفی ئیسماعیل، ئەو سەوزەیەی ڕۆژانە لە نەجەفەوە دەگات، هاوسەنگیی نرخی ڕاگرتووە. کەیفی گوتی "ئەگەر ڕۆژێک لۆرییەکانی نەجەف نەگەنە هەولێر، نرخی زۆربەی سەوزەکان بۆ دوو بەرامبەر و هەندێجاریش بۆ سێ بەرامبەر زیاد دەبێت".

# سوپای ئەمریکا دەگەڕێتەوە عێراق؟

ڕووداو- هەولێر

یەکێک لە دروشمەکانی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی نوێی ئەمریکا، لە کاتی کەمپینی هەڵبژاردنەکان ئەوە بوو کە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبەستێتەوە بە "بردنی نەوت"ی ئەو ناوچەیە. ئێستاش ئەمە لە دروشم دەرچووە و بووە بە بەشێک لە سیاسەتەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا. دۆناڵد ترەمپ لە گوتارەکەیدا لە بارەگای ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی (CIA) ڕایگەیاند "ئەگەر نەوتی عێراق بەدەست ئێمەوە بووایە، داعش دەرنەدەکەوت... غەنیمەی جەنگ بۆ لایەنی سەرکەوتووە، بەڵام ئێمە دەستمان بەسەر نەوتی عێراقدا نەگرت، ڕەنگە هێشتاش چانسێکی دیکەمان لەبەردەم بێت بۆ ئەوەی دەست بەسەر نەوتی عێراقدا بگرین".

هەمان بۆچوون جارێکی دیکە لە دیمانەی کەناڵی (ABC)ی ئەمریکیدا دووپات کرایەوە، بەڵام شارەزایانی سیاسەت و ئابووریی نێودەوڵەتی بە گومانەوە لەو بۆچوونەی ترەمپ دەڕوانن.

## بۆچی نایاسایییە؟

لە پاشکۆی پەیماننامەی 1907 ی لاهای سەبارەت بە یاساکانی جەنگ هاتووە "دەبێ ڕێز لە موڵکی تایبەت بگیرێت و ناکرێت دەستی بەسەردا بگیرێت... تاڵانکردنی موڵکی تایبەت (تاکەکەس بێت یان وڵات) قەدەغەیە".

لە پەیماننامەی 1949ی جنێڤیشدا هاتووە "وێرانکردنی موڵکی تایبەت یان گشتی، لەلایەن هێزی داگیرکەرەوە قەدەغەیە". تەنانەت بڕیارنامەکەی 1974 ی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئەم جۆرە هەنگاوانە قەدەغە دەکات.

ئەنتۆنی کلارک ئەرێند، پرۆفیسۆری بواری حوکمڕانی و سیاسەتی دەرەوە لە زانکۆی جۆرج تاونی ئەمریکی، پێیوایە تاکە ڕێگەیەک بۆئەوەی ترەمپ بتوانێت ئەمە بکات، پەنابردنە بەر سزایەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەڵام "چونکە جەنگی 2003ی عێراق بە بڕیار و پشتگیریی ئەنجوومەنی ئاسایش نەبووە، بۆیە ناکرێ دڵنیابین ئەنجوومەنی ئاسایش پشتگیری لە بڕیارێکی لەم چەشنە دەکات یان نا".

بە شکاندنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەمریکا زیانێکی گەورەی بەردەکەوێت، لەبەرئەوەی ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زۆر وڵات و کێشەدا پێویستی بەم پەیماننامانە دەبێت. بە کورتییەکەی مەسەلەکە هەر ئەوە نییە چۆن بە زەبری هێز پەیماننامەیەک هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە شکاندنی ئەم پەیماننامانە لە درێژخایەندا لە هێزی بڕیارەکان و متمانەی وڵاتان بە ئەمریکا کەم دەکەنەوە و ئەمەش کێشەی گەورە بۆ ئاسایشی جیهان دروست دەکات.

## بۆچی ئەم پلانە بە قازانجی ئەمریکا نییە؟

ئیدارەی نوێی ئەمریکا لەلایەن کۆنە بازرگانێکەوە سەرکردایەتی دەکرێ، هەر بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە کۆشکی سپی لە ڕوانگەیەکی دارایی و بازرگانیی ڕووتەوە سەیری پەیوەندی و سیاسەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بکات، بەڵام کێنێس پۆڵاک لە پەیمانگەی بروکینگز لە وتارێکدا دەڵێت هەنگاوێکی لەم جۆرە "نەک هەر نایاسایی و نائەخلاقییە، بەڵکو بگرە لەڕووی داراییشەوە هەنگاوێکی خراپە".

پۆڵاک کە شارەزاییەکی باشی لە سیاسەتی عێراق و ناوچەکەدا هەیە، هەروەها دەڵێ "هەر دروشمی بردنی نەوتی عێراق لە بیرۆکەی فیلمە زانستییە خەیاڵییەکان دەچێت، چونکە ئەمریکا ناتوانێت بە یەک جار 143 ملیار بەرمیل نەوتی عێراق بەرێت". بۆیە پۆڵاک پێیوایە مەبەستی ترەمپ لە بردنی نەوتی عێراق دەبێ داگیرکردنی عێراق بێت "بۆ ئەوەی بتوانین نەوتی عێراق دەربهێنین و ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهانی بکەین و داهاتی نەوتەکەش بۆ خۆمان هەڵگرین".

لێکۆڵەرەکەی بروکینگز دەشڵێت چونکە نەوتی عێراق لە هەرێمی کوردستان و باشووری عێراقە "ئەمریکا پێویستی بە داگیرکردنی هەموو عێراق نییە... بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچە نەوتییەکانی کوردستان و باشووری عێراقدا، تەنیا پێویستی بە ڕەوانەکردنی 150 بۆ 200 هەزار سەربازە"، واتە هەمان ئەو ژمارە هێزەی کە ئەمریکا لە ساڵی 2003 بۆ 2008 لە عێراق جێگیری کردبوون.

ئەم سەربازانە بۆ ئەوە ڕەوانەی عێراق دەکرێن تاوەکو کێڵگە، دامەزراوە، پاڵاوگە و بۆڕییە نەوتییەکانی عێراق بپارێزن. ئەزموونی ساڵانی 2003 هەتا 2008 دەریدەخات سەربازەکانی ئەمریکا ڕۆژگارێکی خۆشیان لە عێراق نابێت، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو هێزانە بەمەبەستی کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی سەرچاوە نەوتییەکانی عێراق ڕەوانە کرابن. بۆیە پۆڵاک پێیوایە "خەرجییەکانی داگیرکاریی ئەمجارە لەوەی 2003 بۆ 2011 کەمتر نابێت".

خەرجیی ڕاستەوخۆی سوپای ئەمریکا لە جاری پێشوودا نزیکەی 815 ملیار دۆلار بووە، واتە بۆ هەر ساڵێک 100 ملیار دۆلار، بەڵام جەنگ و هەڵمەتی داگیرکردن خەرجیی ناڕاستەوخۆشی هەیە (وەکوو ئەو سوودەی دەکەوێتە سەر قەرزەکانی حکومەت کە بۆ جەنگ کردوونی، یان خەرجیی چارەسەرکردن و قەرەبووکردنەوەی بریندار و خێزانەکانیان).

بەگوێرەی وتارەکەی پۆڵاک، ئەگەر خەرجییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی ئەو جەنگە کۆبکرێنەوە، ئەوە خەرجیی گشتیی شەڕەکە بۆ هەشت ساڵ خۆی لە 1.7 بۆ 3 تریلیۆن دۆلار دەدات، واتە ساڵانە 212 بۆ 375 ملیار دۆلار.

کێنێس پۆڵاک بۆ وتارەکەی خۆی خەرجیی ساڵانەی 212 ملیار دۆلار هەڵدەبژێرێت و ئەوە دەخاتەڕوو کە عێراق ئێستا بەوپەڕی توانای بەرهەمهێنانی خۆی ڕۆژانە 4.8 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، پاشان جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە "ئەگەر ئەمریکاش دەستی بەسەر نەوتی عێراقدا گرتبا (وەک ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا دەیڵێت)، ئەوە نەدەکرا توانای بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لەوەی ئێستا زۆر زیاتر بکرێ".

بەگوێرەی ڕاپۆرتی دەزگای زانیاریی وزەی حکومەتی ئەمریکا (EIA)، داهاتی نەوتی عێراق لە ساڵی 2015 نزیکەی 57.2 ملیار دۆلار بووە، داهاتی نەوتی عێراق لە ساڵی پێشتر نزیکەی 89.2 ملیار دۆلار بووە. هەڵبەت عێراق هەموو نەوتەکەی هەناردە ناکات، بەڵکو 10% بۆ 14%ی بۆ بەکارهێنانی ناوخۆییە. پۆڵاک جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی "ئەگەر ئەو بڕە نەوتەش هەناردە بکرێت، داهاتی 2015 دەبێتە 65 ملیار و داهاتی 2014ش دەبێتە 102 ملیار دۆلار".

لێکۆڵەرەکەی بروکینگز دەڵێت "لە باشترین حاڵەتدا (واتە کەمترین خەرجیی سوپا و زیاترین داهاتی نەوتی عێراق) خەرجیی سوپای ئەمریکا و داهاتی نەوتی عێراق وەک یەک دێتەوە. لە خراپترین حاڵەتیشدا (واتە بەرزبوونەوەی خەرجییەکانی سوپا و کەمبوونەوەی داهاتی نەوتی عێراق) ئەمریکا زیانێکی دارایی گەورە دەکات". کێنێس پۆڵاک پێشبینی دەکات هەرچەند ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق درێژتر ببێتەوە، خەرجییەکانیش بەرزتر دەبنەوە، کە دەکرێ ساڵانە خۆی لە 300 ملیار دۆلار بدات.



دۆناڵد ترەمپ: ڕەنگە هێشتا چانسێکی دیکەمان لەبەردەم بێت بۆ ئەوەی دەست بەسەر نەوتی عێراقدا بگرین.

**توێژەرێکی پەیمانگەی بروکینگز:**
**خەرجییەکانی داگیرکاریی ئەمجارە لەوەی 2003 کەمتر نابێت**

# نەوتی لیتەیی ئەمریکا هەڕەشە لە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک دەکات

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو گرووپی پێترۆ لۆجیستیکس ئێس ئەی (Petro Logistics SA) لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) بەشێوەیەکی باش پابەندی ڕێککەوتنەکەی 30ی تشرینی دووەم بوون کە بە مەبەستی هاوسەنگکردنەوەی ڕەوشی بازاڕی نەوت لە ڤیەننا واژۆ کرا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک کە بەشداری ڕێککەوتنەکەن، لە مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ڕۆژانە 900 هەزار بەرمیل نەوتیان لە بەرهەمی ڕێکخراوەکە کەم کردووەتەوە، بەو پێیەش ڕێکخراوەکە 75 بۆ 80% پابەندی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا بوون.

ڕۆژی 30ی تشرینی دووەمی 2016 وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ڕێکخراوەکە بە ڕێژەی 4.5% ڕێککەوتن کە دەکاتە 1.2 ملیۆن بەرمیل. ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا یەکەم ڕێککەوتنی ڕێکخراوەکە بوو لە نۆ ساڵی ڕابردوودا. قۆناغی بەرایی ڕێککەوتنەکە شەش مانگە کە مانگی یەکەمی ئەمساڵ یەکەم مانگی جێبەجێکردنی بوو. لەو ڕێککەوتنەدا سعودیە و عێراق پشکی شێریان بەردەکەوێت و ئەم دوو وڵاتە بە تەنیا نیوەی کەمکردنەوە لە ئەستۆ دەگرن.

لە بەشێک لە داتاکانی گرووپی پێترۆ لۆجیستیکسدا هاتووە "زانیارییەکانمان ئاماژە بە ئاستێکی باشی پابەندی بە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک دەکەن. ئەوە یەکەمجارە گرووپێکی دەرەوەی ئۆپێک هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنێکی ڕێکخراوەکە بکات.

گرووپی پێترۆ (لۆجیستیکس ئێس ئەی) گرووپێکی ڕاوێژکاریی بواری وزەیە کە بارەگای سەرەکییان لە جنێڤە و ماوەی 30 ساڵە چاودێریی ئاست و چۆنێتی گواستنەوەی نەوت بە تانکەر لە ڕێگەی دەریاکانەوە دەکەن.

هەتا ئێستا ئۆپێک خۆی هیچ ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ئاستی کەمکردنەوەی بەرهەمی ڕۆژانەی بڵاونەکردووەتەوە، بەڵام خالد فالح، وەزیری وزەی سعودیە، لە کۆبوونەوەکەی 22ی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "ئاستی پابەندیی لایەنەکان زۆر باشە".

بەڵام هەندێک لە شرۆڤەکاران و ناوەندەکانی چاودێریی بازاڕی نەوت، لەوانەش گرووپی بەریتانیی ئێنێرجی ئەسپێکت (Energy Aspect) گومانیان هەیە هەموو وڵاتانی بەشدار لە ڕێککەوتنەکە بتوانن پابەندی بەڵێنەکانی خۆیان بن. گرووپە بەریتانییەکە لە نێوان ئەو وڵاتانەدا ئاماژە بە عێراق دەکات کە بەهۆی جەنگی داعش و چاککردنەوەی پیشەسازیی نەوتی وڵاتەکەی دوای چەندین ساڵ سزا، ناتوانێ لەسەر ڕێککەوتنەکە بەردەوام بێ.

دە ڕۆژ دوای ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک، کۆبوونەوەیەکی دیکە لە نێوان ئۆپێک و 13 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک بەڕێوەچوو کە گرنگترینیان ڕووسیا و مەکسیک بوون. لە کۆبوونەوەکەی 10ی کانوونی یەکەمدا وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک بەڵێنیان دا 558 هەزار بەرمیل لە کۆی بەرهەمی ڕۆژانەیان کەم بکەنەوە کە تێیدا ڕووسیا بە کەمکردنەوەی 300 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا پشکی شێری بەردەکەوێت. بەپێی ڕێککەوتنەکە ڕووسیا هەتا کۆتایی مانگی ئاداری ئەمساڵ 200 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی خۆی کەم دەکاتەوە.

سعودیە، کوەیت و جەزائیر ڕایانگەیاندووە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکانیان لەوە زیاتر دابەزاندووە کە لە ڕێککەوتنەکەدا داوا کراوە، مۆسکۆش لەلایەن خۆیەوە ئۆپێکی دڵنیا کردووەتەوە لەوەی بەشێوازێکی خێراتر لەوەی بەڵێنی دابوو، ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ کردووە. ئۆپێک کۆمیتەیەکی پێنج کەسی پێکهێناوە کە نوێنەری ڕووسیا، عوممان (وەک وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک) و قەتەر، ڤەنزوێلا و کوەیت (وەک وڵاتانی نێو ئۆپێک لەخۆدەگرێت). ئەم کۆمیتەیە بڕیارە لە کۆتایی مانگی ئادار کۆببێتەوە و ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ئاستی پابەندیی وڵاتانی بەشداری ڕێککەوتنەکە بڵاوبکاتەوە.

یەکێک لە مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی ئەمریکایە. هەم ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) و هەم دەزگای زانیاریی وزەی ئەمریکا (EIA) لە پێشبینییەکانی خۆیاندا ئاماژە بەوە دەکەن بەرهەمی نەوتی لیتەیی ئەمریکا لە ساڵی 2017دا بەرز دەبێتەوە. هەروەها چاوەڕێش دەکرێ وڵاتانی بەرازیل و کەنەدا ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرز بکەنەوە. هەفتەی پێشوو ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا گەیشتەوە نۆ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەمەش بەرهەمی نەوتی ئەمریکا لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا بە بڕی نیو ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیادی کردووە.

بەڵام ئیگۆر یوسفۆف، وەزیری پێشووی وزەی ڕووسیا، ڕەتیکردەوە نەوتی لیتەیی ئەمریکا بتوانێت لە هەموو بازاڕەکانی جیهاندا ڕکابەریی ئۆپێک بکات، وەکوو خۆی بە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکی گوتووە "ئەمریکییەکان خۆیان باش دەزانن هەندێک بازاڕ هەیە بۆ ئەوان دەست نادات".

یوسفۆف کە لەساڵی 2001 بۆ 2004 وەزیری وزەی ڕووسیا بووە، پێیوایە "لەو بازاڕانەی لە ژێر کۆنترۆڵی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووسیادان، نرخی گرێبەستەکانی هێندە هەرزانە کە ئەمریکییەکان توانای ڕکابەرییان نییە".

وەزیری پێشووی وزەی ڕووسیا کە ساڵی 2001 ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ئۆپێکیش کردووە، گەشبینە بەوەی بازاڕی جیهانی دەتوانێ مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ نەوتی ئەمریکیدا بکات، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی "داوای جیهانی بەهۆی گەشەی ئابووریی ئاسیا و ئەورووپا بەرز دەبێتەوە. بازاڕی جیهان توانای هەزمکردنی هەموو ئەو نەوت و غازەی هەیە کە ئێستا بەرهەم دەهێنرێ".

ئەو ڕێژەیەی کە گرووپە سویسرییەکە بڵاوی کردووەتەوە، بەرزترین ڕێژەی پابەندییە کە ئۆپێک لە ڕێککەوتنەکانی ساڵانی پێشوودا تۆماری کردووە، بەرزترین ئاستی پابەندی 70% بووە کە لە ڕێککەوتنەکەی ساڵی 2008 تۆماری کردبوو، واتە ئەو کاتەی ئۆپێک بەهۆی قەیرانی دارایی جیهانییەوە بڕیاری دا ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی کەم بکاتەوە.



ئەندامانی ئۆپێک بە ڕێژەی 75% بۆ 80% پابەندی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا بوون.



## نەورۆز بۆ وەیسی بەرەکەتە

**ڕووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی بۆ جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ 15 داواکاری لە وڵاتانی ئەوروپا و هەرێمی کوردستانەوە بۆ هاتووە و دەڵێت ئەگەر ڤیزا وەربگرێ بۆ نەورۆز لە ئەوروپا دەبێ. عەزیز وەیسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ جەژنی نەورۆز، لە وڵاتانی بەریتانیا و سوید و فینلەند و دانیمارک و هۆڵەنداوە نزیکەی 14 بانگهێشتنامە و لە ئوتێلێکی گەشتیاریی شاری سلیمانیشەوە بانگهێشتێکی بۆ نێردراوە. عەزیز وەیسی گوتی "داوای ڤیزام بۆ وڵاتانی ئەوروپا کردووە و ئەگەر پێم بدەن دەچمە دەرەوە، ئەگەریش وەرمنەگرت، نەورۆز لە سلێمانی دەبم". بۆ ئاهەنگی سەری ساڵیش وەیسی بانگهێشتی دەرەوە کرابوو، بەڵام بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لەگەڵ کۆمپانیای سپۆنسەردا، بانگهێشتەکانی هەڵوەشاندەوە.

### خانمە گۆرانیبێژی تونسی یوسرا مەحنووش بۆ (ڕووداو):

# ئێستا لە کۆنسێرتەکان داوام لێدەکەن گۆرانیی کوردی بڵێم



خانمە گۆرانیبێژی تونسی یوسرا مەحنووش تا ئێستا شەش جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، ئەو دەڵێت بەپێویستی دەزانێ ساڵی جارێک یان دووجار سەردانی کوردستان بکات.

یوسرا ساڵی 1987 لە توونس لەدایک بووە، ساڵی 2007 بەشداریی وەرزی چوارەمی بەرنامەی سوپەر ستاری کرد و پلەی سێیەمی هێنا، دواتر لە ساڵی 2012 بەشداری لە بەرنامەی زە ڤۆیس کرد و پلەی دووەمی بەرنامەکەی وەرگرت، خاوەنی چەندین گۆرانی سینگڵە، چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆریی عێراقیشی دووبارە کردووەتەوە، یەکەمین گۆرانی خۆی لە ساڵی 2013 بەناوی "بفکر فیک" بڵاوکردەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، یوسرا بە گوتنەوەی گۆرانیی "شەمامێ" لە کوردستان ناوبانگی دەرکرد، لە دوایین سەردانیدا بۆ هەولێر (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

هیوا سەلاح و دلێر تیلی
ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: چۆنە زوو زوو سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەی؟**

**یوسرا مەحنووش:** وابزانم ئەوە شەشەمین جارە سەردانی ئێرە دەکەم، لەبەرئەوەی کوردستان شوێنێکی تایبەتی لە دڵی مندا هەیە، هیوای ئارامی و سەلامەتی و ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ دەخوازم، دەبێ ساڵی جارێک یان دوو جار هەر سەردانی کوردستان بکەم.

**ڕووداو: دوو گۆرانیی کوردیت گوتوون، بەنیازیت گۆرانیی دیکە بەزمانی کوردی بڵێی؟**

**یوسرا مەحنووش:** بەڕاستی من زۆر حەز لە گۆرانیی کوردی دەکەم، چونکە گۆرانیی کوردی تام و چێژێکی تایبەتی هەیە، پێشتریش چەند گۆرانییەکی کوردیم گوتووە، وەک شەمامێ و کوردستان کە جەماوەرێکی یەکجار زۆری هەبوو. ئێستاش لە دەیان کۆنسێرت و ئاهەنگدا خەڵک داوای گۆرانیی کوردیم لێدەکەن کە زۆربەشیان لە زمانەکە ناگەن، بەڵام حەزیان لێیە بۆیان بڵێمەوە. من لە ڕێگەی ڕووداوەوە داوا لە ئاوازدانەر و شاعیرانی کورد دەکەم، چەند ئاواز و تێکستێکی جوانمان بۆ بنێرن تاوەکو لە ئەلبوومەکەی خۆمدا بڵاویان بکەمەوە، لە ناخی دڵمەوە حەز دەکەم گۆرانی بە کوردی بڵێم.

**لە ناخی دڵمەوە حەز دەکەم بە کوردی گۆرانی بڵێم**

**کازم ساهیر زۆر نازم هەڵدەگرێت**

**ڕووداو: وەک دەبینرێ کازم ساهیر هونەرمەندی عێراقی زۆر هاوکاریت دەکات، چی لەو فێر بووی؟ کاریگەریی کازم بەسەر تۆوە چەندە؟**

**یوسرا مەحنووش:** سەرەتا ڕێز و سڵاوێکی بێ پایانم بۆ قەیسەری گۆرانیی عەرەبی کازم ساهیر هەیە، چونکە هەمیشە پاڵپشت و هاوکاری من بووە. شانازییەکی گەورەیە لەگەڵ ئەو هونەرمەندە مەزنە کار بکەم، چونکە لە ماوەیەکی زۆر هەستیار و گرنگی ژیانی هونەریمدا دەستی گرتم، هەتا ئێستا پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانمان هەیە و ڕاوبۆچوونی لەسەر هەموو کارێکی هونەری وەردەگرم، دوایین کۆنسێرتیشمان لە تونس بەیەکەوە پێشکەش کرد کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، هەر لەسەرەتای بەرنامەی بەهرەمەندان و دەنگخۆشان کازم ساهیر باوەڕی بە توانا و دەنگی من هەبوو، ئێستا زۆر نازم هەڵدەگرێت (بە پێکەنینەوە).

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی کورد هەیە، شارەزای هونەری کوردیت؟**

**یوسرا مەحنووش:** خۆزگە ئەو پەیوەندییە بەهێز و پتەو دەبوو، بەڵام بەداخەوە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ دروست نەبووە، هەرچەندە لە بەرنامەکانی زە ڤۆیس و ئەرەب ئایدل گوێم لە دەنگی چەند بەشداربوویەکی کورد بوو، بەڕاستی دەنگیان زۆر خۆش بوو، بۆیە ئامادەم هەر هونەرمەندێکی کورد داوا بکات بەیەکەوە کار بکەین، هەر هونەرمەندێکی کوردیش پێویستی بە هاوکاری و پاڵپشتیی من بێت بێ دوودڵی لە خزمەتیدا دەبم.

**ڕوودا: بڕیار بوو لەگەڵ ئاوازدانەری کورد هەڵکەوت زاهیر کارێکی هاوبەش بکەن، ئەمە بە کوێ گەیشت؟**

**یوسرا مەحنووش:** ڕاستە بەنیازبووین بەیەکەوە کارێکی هونەری بکەین، ئەو دەنگی منی زۆر پێ خۆش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵکەوت زاهیر ئاوازدانەرێکی بەتوانا و لێهاتووە، بەڵام لەبەر سەفەر و گەشتی زۆر و کۆنسێرت و نەبوونی کات، نەمانتوانی کارەکە بکەین، بەڵام پەنا بەخوا بەیەکەوە کاری هاوبەشمان دەبێت.

**داوا لە ئاوازدانەر و شاعیرانی کورد دەکەم، ئاواز و تێکستی جوانم بۆ بنێرن**

**ڕووداو: پرۆژە و بەرنامەی نوێت هەیە؟**

**یوسرا مەحنووش:** بەڕاستی دەبووایە زۆر زووتر ئەلبوومەکەم بڵاوکردباوە، بەڵام زۆر دواکەوتین لە بڵاوکردنەوەی، ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە، بەڕاستی ئەلبووم کارێکی زۆری دەوێت و دەبێت زۆر بە هەستیاری گۆرانییەکان هەڵبژێریت بۆ بڵاوکردنەوە، بەتایبەتی کاتێک هونەرمەندێک دەیەوێت بە چەند زمان و شێوەزارێکی دیکە گۆرانی بڵێت، تاوەکو هەوادارانت رازی بکەی، بۆیە ئەلبوومەکەم دواکەوت، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەلبوومەکەم بڵاودەکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵی ئامادەکاریم بۆ وێنەگرتنی چەند ڤیدیۆکلیپێک.

**هەر هونەرمەندێکی کورد داوام لێبکات هاوکاریی دەکەم**

**دەبێ ساڵانە دووجار سەردانی هەرێمی کوردستان بکەم**



## دالیدا گلەیی هەیە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- بەیروت**

دالیدا خەلیل، ئەستێرە و ئەکتەری لوبنانی کە ئێستا زنجیرە درامایەکی بەناوی ئەمیرە لەیال لە دوو کەناڵی عەرەبی پەخش دەکرێت، دەڵێت دراما لە لوبنان دارماوە، هەموو گرنگییەکی ئەم وڵاتە بۆ بواری میوزیکە.

دالیدا خەلیل بە (ڕووداو)ی گوت "دراما لە لوبنان زۆر لاوازە، بەجۆرێک کە کەمترین بودجە بۆ بەرهەمهێنانی درامایەکی تەلەڤزیۆنی دابین دەکرێ، لە کاتێکدا درامای لوبنانی یەکێکە لە بەهێزترین دراماکانی ناوچەکە". دالیدا خەلیل دەشڵێت "گرنگیی زۆر بە میوزیک و گۆرانیبێژان دەدرێت، بەراورد بە ئەکتەرەکان، هەروەها کار بۆ بەهێزکردنی دراما ناکرێت، ئەمەش لاوازیی پلانی حکومەتی لوبنان بۆ کەرتی بەرهەمهێنانی درامای لوبنانی دەردەخات".



## ڕۆلا سەعد گۆرانی بە فەڕەنسی دەڵێ

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – بەیروت / فۆتۆ: زۆرییان**

خانمە هونەرمەندی لوبنانی ڕۆلا سەعد خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکی فەرەنسییە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا کلیپی دەکات.

ڕۆلا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆرانییەکە بە زمانی فەڕەنسییە و ئەزموونێکی نوێیە بۆ من". وەک خۆیشی دەڵێت دەیەوێت ناوبانگی لە وڵاتە عەرەبییەکان بچێتە دەرەوە و بگاتە ئەوروپا و وڵاتانی جیهان.

ڕۆلا سەعد بە گۆرانییەکی دوێت لەگەڵ ئەستێرەی کۆچکردوو سەباح ناوبانگی لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان بڵاوبووەوە. ڕۆلا لە بارەی پرۆژەیەک بۆ ڕێزگرتن لە سەباح دەڵێت "پێشتر ئەلبوومێکم لە گۆرانییەکانی سەباح بڵاوکردووەتەوە، بۆ داهاتووش هێشتا هیچ پلانێکم نییە، بەڵام هەمیشە سەباحم لەبیرە".

## سیاسەت هوتێل بەیروتی ڕاگرت



**دەریاز یونس**
**ڕووداو – بەیروت**

دارین حەمزە، خانمە ئەستێرە و ئەکتەری لوبنانی کە رۆڵی لە چەندین فیلمی لوبنانی و میسری و ئەڵمانی و فەرەنسیشدا بینیوە، ڕەتیکردەوە ڕاگرتنی فیلمی "هۆتێل بەیروت" پەیوەندی بە دەرکەوتنە ورووژێنەرەکەی ئەوەوە هەبووبێ.

دارین حەمزە، رۆڵی سەرەکی لە فیلمی "هۆتێل بەیروت" بینیوە کە فیلمێکی لوبنانی – فەرەنسییە. فیلمەکە باس لە پیاوێکی فەڕەنسی دەکات کە سەردانی بەیروت دەکات و دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئافرەتێکی لوبنانییەوە، ئەم فیلمە دوای ماوەیەک لە پیشاندانی راگیرا.

دارین بە (ڕووداو)ی راگەیاند "راگرتنی هۆتێل بەیروت لە سینەماکانی وڵاتە عەرەبییەکان هیچ پەیوەندی بە رووت دەرکەوتن و دیمەنە ورووژێنەرەکانی نێو فیلمەکەوە نەبوو، بەڵکو بابەتێکی سیاسی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕاگرتنە بۆ فیلمەکە مارکێتینگێکی زۆر باش بوو، بەجۆرێک دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە میدیاکان، هەموو خەڵکی چوون بۆ سەیرکردنی فیلمەکە".

## زارا ڕۆژهەڵات پارە بۆ شنگال کۆدەکاتەوە

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

زارا ڕۆژهەڵات، کچە گۆرانیبێژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داهاتی کۆنسێرتێکی لە سوید پێشکەش بە ئاوارەکانی شنگال دەکات.

زارا لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی لەگەڵ گرووپی وەفای مەهاباد بەشداریمان لە فێستیڤاڵی میوزیکی شیستای نێودەوڵەتی کرد کە تایبەتە بە گۆرانیبێژانی کچ لە سوید، بەخۆشحاڵییەوە بەشێک لە داهاتەکەم بەخشییە ئاوارەکانی شنگال، ئەمەش وەکو کارێکی مرۆڤانە و ئەرکێکی سەرشانم".



دەربارەی نوێترین بەرهەمی خۆی زارا بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی ڕووداوەوە دەڵێت "نوێترین کاری هونەریم لە ئاواز و تێکستی سامی ئەرگوشیە کە بەنیازین لە نەورۆزی ئەمساڵ بڵاوی بکەینەوە".


Life
Life
0.5 L
NATURAL SPRING WATER
NATURAL SPRING WATER
UB


Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
Carrefour
hi!
EMPIRE CINEMA
KFC sogood
LC Waikiki
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484

ڕووداو
ژنان
ژمارە ( 443 ) - دووشەممە 2017/1/30



## لە دەریاچەی دووکاندا خۆی خنکاند

**ڕووداو- سلێمانی**

نەقیب سائیب سەلام، گوتەبێژی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێوارەی ڕۆژی 2017/1/26، کچێکی تەمەن 19 ساڵ بەنێوی (پ.ع) دانیشتووی گوندی جۆبلاغی نزیک شارۆچکەی دوکانی سەر بە شاری سلێمانی خۆی خستووەتە نێو دەریاچەی دوکانەوە و خنکاوە. تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادیی سلێمانی کراوە، ناوبراو گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ڕووداوەکە خۆخنکاندنە و بە گوتەی باوکیشی، کچەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە، لە شوێنی ڕووداوەکەش دەرمان و بەڵگەی نەخۆشییەکەی دۆزراوەتەوە". بەپێی زانیارییەکانیش، ئەو کچە هەر بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە وازی لە خوێندنیش هێناوە.



### مێردەکەی دەڵێت کێشەی دەروونیی هەبووە

# ژنە ئاوارەیەک لەناو کەمپی خازر خۆی دەخنکێنێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەسمەهان نانی نیوەڕۆی لەگەڵ مێردەکەی خوارد، دوای نانخواردن بە پەتێک خۆی بە ستوونی خێوەتەکەیاندا هەڵواسی و خۆی خنکاند، تەرمی ئەسمەهان بردرایەوە ئەو شوێنەی کە لە ترسی چەکدارانی داعش جێیهێشتبوو.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/1/25 ژنێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی ئەسمەهان بەهجەت سەعید کە دایکی منداڵێکی کچ بوو، لە کەمپی خازر خۆی خنکاند. مێردی ئەسمەهان دەڵێت هاوژینەکەی هیچ کێشەی لەگەڵ ئەو نەبووە، بەڵکو نەخۆشیی دەروونی هەبووە و هەر بەو هۆیەشەوە خۆی خنکاندووە.

ئەسمەهان دانیشتووی گەڕەکی بەکر بووە لە مووسڵ، دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و نزیکبوونەوەی شەڕ لە گەڕەکەکەیان، لەگەڵ سەتان کەسی دانیشتووی گەڕەکەکە ئاوارەی کەمپی خازر بووە.

ڕزگار عوبێد، سەرپەرشتیاری کەمپەکانی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی ڕۆژی 2017/1/25 لەگەڵ هاوژینەکەی نانی نیوەڕۆیان خواردووە، ئەسمەهان بە پەت خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە".

عومەر موئەیەد شاکر، هاوژینی ئەسمەهان سەبارەت بە خۆخنکاندنی هاوژینەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "من و ژنەکەم هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام ئەو پێشتریش لە مووسڵ و دواتر لەناو کەمپیش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، تەنانەت جارێک نەوتی خواردەوە و نەوتی دەرخواردی منداڵەکەشی دابوو".

دایک و باوکی ئەسمەهان هەر لە مووسڵ ماونەتەوە، بەڵام برایەک و چەند خوشکێکی نیشتەجێی کەمپەکانی خازر و حەسەن شامن.

عومەر موئەیەد باسی هۆکاری خۆخنکاندنی هاوژینەکەی کرد و گوتی " نەخۆشیی دەروونی هەبوو، چەندینجار کەسوکارەکەیم لە حاڵەتەکەی ئاگادار کردووەتەوە و قسەشمان لەگەڵ کردووە، ماوەیەک باش دەبوو، دواتر بەهەمانشێوە هەوڵی خۆکوشتنی دەدا".

ئەسمەهان کچێکی هەیە بەناوی ئەحلام و تەمەنی ساڵێک و دوو مانگە، بە گوتەی نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر "دوای ئەوەی تەرمی ئەسمەهان بەهجەت سەعید ڕەوانەی پزیشکی داد لە هەولێر کراوە، دەرکەوتووە کە هیچ ئاسەوارێکی ئەشکەنجەدان بە جەستەیەوە دیار نەبووە".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەشڵێت "ئەو ژنە خۆی بە ستوونی خێمەکەیان لە کەمپی خازر خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە".

بە گوتەی عومەر موئەیەد کە عەرەبە و خەڵکی بەغدایە، ئەسمەهان کورد بووە، دوای ئەوەی پزیشکی دادی لێکۆڵینەوەیان لە تەرمی ئەسمەهان کردووە، تەرمەکەی بردراوەتەوە گۆگجەلی و لەوێ بەخاک سپێردراوە".

### ملی خۆی بڕی

**خۆخنکاندنی ئەو ژنە ئاوارەیە، دووەم حاڵەتی خۆکوشتنی ژنانە لە کەمپەکان، ڕۆژی 15ی ئەم مانگەش ژنێکی تەمەن 39 ساڵ، بەناوی سوعاد محەممەد، دایکی سێ منداڵ، لەنێو کەمپی لەیلانی دوو لە ناحیەی لەیلانی نزیک شاری کەرکووک خۆی سووتاند و دوو ڕۆژ دواتر گیانی سپارد. بە گوتەی کەسوکارەکەی، سوعادیش نەخۆشیی دەروونی هەبووە.**

**ڕزگار عوبێد، سەرپەرشتیاری کەمپەکانی هەولێر دەڵێت "ئەمە دووەم حاڵەتی خۆکوشتنە کە لە کەمپەکانی هەولێر ڕوودەدات، پێشتریش کوڕێکی تەمەن 26 ساڵان کە ئاوارە بوو، لە کەمپی حەسەن شام بە چەقۆ ملی خۆی بڕی".**

# گزنگ خۆی سووتاند یان سووتا؟

## خەزووری گزنگ: بووکەکەم بە پەرەمێز سووتاوە

**ڕووداو – ڕاپەڕین**

### پۆلیس: پەرەمێزمان لە شوێنی ڕووداوەکە نەبینی

### یەکێتیی ژنان: گرنگ خۆی سووتاندووە

لە ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕاپەڕین، ئافرەتێکی تەمەن 18 ساڵ دەسووتێ، کەسوکارەکەی دەڵێن ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە و بەهۆی ئاگری پەرەمێزەوە سووتاوە، بەڵام ڕێکخراوێکی ژنان کە بەدواداچوونیان بۆ دۆسیەی ئافرەتەکە کردووە، دەڵێن ئەو ئافرەتە ویستوویەتی بخوێنێ، بەڵام کەسوکارەکەی ڕێگرییان لێکردووە، بۆیە ئەویش خۆی سووتاندووە.

ڕۆژی 2017/1/19 ئافرەتێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی (گزنگ.م.ع) دانیشتووی گەڕەکی کوردستان لە ناحیەی حاجیاوا، لە نێو ماڵەکەیدا لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا سووتا، گزنگ تەنیا هەفتەیەک لە نەخۆشخانە مایەوە و دواتر گیانی سپارد. کەسوکارەکەی دەڵێن سووتاوە، بەڵام پۆلیس و ڕێکخراوێکی ژنان دەڵێن "خۆی سووتاندووە".

(ئەحمەد.ب) کە خەزووری گزنگە، دەڵێت نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر گزنگی بۆ کوڕەکەی خواستووە، وەکو هەر خێزانێکی تازە ژیانێکی ئاساییان هەبووە، هەرچەندە بە تەمەن بچووک بوون، بەڵام دوو کەسی تێگەیشتوو بوون.

ئەحمەد باسی ساتی سووتانی بووکەکەی دەکات و دەڵێت "ئەو ڕۆژە هەردووکیان لە ماڵەوە بوون، بووکەکەم ویستوویەتی پەرەمێز دابگیرسێنێ، بەڵام گڕی پەرەمێزەکە بۆ ئەو چووە، بەو هۆیەوە ئاگری تێبەربووە".

ئەحمەد هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردنەوە کە لەبارەی مەرگی بووکەکەی بڵاوکراونەتەوە و گوتی "ئەوان هیچ کێشەیەکیان نەبوو، یەکدییان زۆر خۆشدەویست، بۆیە ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە، کەسوکاری کچەکەش هیچ قسەیەکیان لەسەر ڕووداوەکە نەبووە، بە هەردوولامان یەک پرسەمان بۆ دانا. ئەگەر شتێک هەبووایە گزنگ باسی دەکرد، هەفتەیەک لە نەخۆشخانە مایەوە، داوای لەسەر کەس نەبووە و کەسیشی تۆمەتبار نەکردووە".

بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی ژنانی کوردستان لە بیتوێن، ئەو زانیاریانەی خەزووری گزنگ ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت ئەو ئافرەتە بەهۆی گوشاری کەسوکارەکەی خۆی سووتاندووە.

ئاشنا حەسەن، لێپرسراوی کۆمیتەی یەکێتیی ژنانی کوردستان لە بیتوێن بە (ڕووداو)ی گوت، بەدواداچوونیان بۆ دۆسیەی ئەو ژنە کردووە و بۆیان دەرکەوتووە تەنیا شەش مانگە شووی کردووە و لەگەڵ مێردەکەی یەکدییان خۆشویستووە و کێشە لە نێوانیاندا نەبووە.

سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ئافرەتە، ئاشنا گوتی "بەپێی بەدواداچوونمان گزنگ ویستوویەتی بچێتەوە قوتابخانە، بەڵام ماڵی باوکی و ماڵە خەزوورانیشی ڕێگرییان لێکردووە بخوێنێ، بۆیە خۆی سووتاندووە".

بەگوتەی ئاشنا، گزنگ هیچ کێشەی لەگەڵ مێردەکەی نەبووە، بگرە پێشتر بۆ گەیشتن بەو کوڕە دووجار هەوڵی خۆکوشتنی داوە، جارێکیان شادەماری دەستی بڕیوە و جارێکیشیان حەبی خواردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی گوت، گزنگ دوای شووکردن گەڕاوەتەوە قوتابخانە، زۆر دڵیشی بە خوێندنەکەی خۆش بووە، هەمیشە دەیگوت شووکردن ڕێگر نییە لە کەسێک کە مەبەستی بێ بخوێنێ. گوتیشی "لە نێو قوتابییەکاندا دوو قسە بڵاوبووەتەوە، هەندێکیان دەڵێن خۆی سووتاندووە، هەندێکیشیان دەڵێن سووتاوە".

### پۆلیس پەرەمێزی نەدۆزییەوە

ملازم ڕێبوار ئەسعەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت "پۆلیس بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکە کردووە و هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە کرد، گوتەی شایەتحاڵەکان وەرگیرا، بەڵام پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکە هیچ پەرەمێز و ئامێرێکی دیکەی ئاگری نەدۆزییەوە، بۆیە گومان دەکرێت ئەو ژنە خۆی سووتاندبێ".

مولازم ڕێبوار گوتیشی "ئەو ژنە 80%ی جەستەی سووتابوو، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی نەتوانرا لە نەخۆشخانە ئیفادەی وەربگیرێ و لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیەوە بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی هەولێر، دوای حەوت ڕۆژ لەبەر زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی مردبوو".



# نەیانهێشت شوو بکات، سەری خۆی هەڵگرت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- گەرمیان**

شنۆ، لەگەڵ هاوژینی یەکەمی ئاسوودە نەبوو، هەموو ئومێدێکی لەسەر دووبارە شووکردن هەڵچنیبوو، بەڵام ماڵی باوکی ڕێگەیان نەدا شووبکاتەوە، بۆیە ناچار لەگەڵ ئەو کوڕەی خۆشیدەویست بڕیاری هەڵاتنی دا و بەبێ ڕەزامەندی کەسوکاریان خێزانیان پێکەوەنا، ئێستا ڕێکخراوێک لەسەر هێڵە بۆ ئەوەی کێشەی شنۆ لەگەڵ کەسوکارەکەی چارەسەر بکات.

شنۆ و دیاری، ناوی خوازراوی ئەو کوڕ و کچەن کە تەمەنیان سەرووی هەژدە ساڵە و دانیشتووی دەڤەری گەرمیانن، ئەوان ماوەیەک خۆشەویستی یەکدی بوون و خەونیشیان دروستکردنی خێزان بووە، هەرچەندە دیاری چەند جارێک چووەتە خوازبێنی شنۆ، بەڵام کەسوکاری کچەکە ڕازی نەبوون، بۆیە پێکەوە بڕیاریان دا هەڵبێن.

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کچە پێشتر شووی کردووە و جیابووەتەوە، دواتر لەگەڵ کوڕێک پەیوەندی هەبووە، کوڕەکە چەند جارێک چووەتە خوازبێنێ، بەڵام کەسوکارەکەی ڕازی نەبوون شووی پێ بکات.

بە گوتەی عەقید لەمیعە "ئەو دوو خۆشەویستە دوای نائومێدبوونیان لە گەیشتن بە یەکدی، سەرەتای ئەمساڵ بڕیاریان داوە هەڵبێن و دواتر خێزان پێکەوە بنێن، سەرەتا کەسوکاری کچەکە لە ونبوونی کچەکەیان ئاگاداریان کردینەوە و گومانیان هەبوو لەگەڵ خۆشەویستەکەی ڕۆیشتبێت، دواتر کەسوکاری کوڕەکەش بۆ هەمان کێشە سەردانیان کردین، ئێمەش بۆ هەردوولامان ڕوونکردەوە کە تەمەنی کوڕ و کچەکە لەڕووی یاساییەوە بۆ شووکردن و ژنهێنان گونجاوە، لە کاتێکدا خۆشەویستی یەکدین و چەندینجاریش کوڕەکە چووەتە خوازبێنی".

ئەو کوڕ و کچە لەگەڵ هەڵاتنیان بەڵگەنامە فەرمییەکانیان لەگەڵ خۆیان بردووە و ئێستا لە شوێنێک خۆیان حەشارداوە، بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانیش لەڕێگەی تەلەفۆنەوە قسەیان لەگەڵ کوڕەکە کردووە و ڕێنماییان کردووە کە لە دادگا گرێبەستی هاوژینی بکەن.

عەقید لەمیعە گوتی "کوڕەکە پێیگوتین حەزمان نەدەکرد بگاتە ئەو ڕاددەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لەلایەن کەسوکاری کچەکەوە ڕێگریمان لێکرا، پەنایان بۆ هەڵاتن برد".

بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان ئەرکی یەکەمیان لەگەڵ کوڕ و کچەکە تەواو کردووە، بەڵام ئەرکی دووەمیان کە هێشتا دەستیان پێ نەکردووە ئاشتەوایی نێوان خێزانی کوڕ و کچەکەیە، بۆ ئەوەی هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوونەدات.

عەقید لەمیعە دەڵێت "تا ئێستا لە سەرەتای کیشەکەداین و دەبێت لەگەڵ هەردوو خێزانەکە دابنیشین و ئاشتەوایی لەنێوانیاندا بکەین، بۆیان ڕوون بکەینەوە ئەو کوڕ و کچە ڕێگەیەکی دروستیان هەڵبژاردووە و دوای هەڵاتنیشیان لەڕێگەی دادگاوە گرێبەستی هاوژینییان کردووە".

بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بەنیازن دوای قسەکردن لەگەڵ خێزانەی کچەکە، بەڵێننامەیان پێ پڕبکەنەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا مەترسیی لەسەر ژیانی کوڕ و کچەکە دروست نەبێت، بەرپرسەکەی ژنان گوتی "بەڵێننامە بە خێزانی کچەکە پڕدەکەینەوە بۆ ئەوەی توندوتیژی بەرامبەر کەسیان نەنوێنن، ئەوەندەی بزانین نیەتی ماڵی کچەکەش وایە بەو هاوسەرگیرییە ڕازی بن، چونکە کوڕ و کچەکەش چاوەڕێی ئاشتبوونەوەی خێزانەکانیانن".

لەماوەی ڕابردوودا بەهۆی ڕێگریکردن لە شووکردنی کچان لەلایەن کەسوکاریانەوە، چەندین کچ پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە.

عەقید لەمیعە باسی مەترسییەکانی ڕێگری لە شووکردنی کچان دەکات و دەڵێت "کاتێک کچێک تەمەنی یاسایی تەواو دەکات و خۆشەویستی هەیە و بڕیاری شووکردن دەدات، نابێت خێزانەکانیان ڕێگرییان لێ بکەن، چونکە زۆرجار ئەو ڕێگرییە کارەساتی وەکو خۆکوشتن، خۆخنکاندن و خۆسووتاندنی لێ دەکەوێتەوە".

پێکەوە سەرهەڵگرتنی کوڕ و کچ کە لە کوردەواریدا بە ڕەدووکەوتن ناودەبرێ، زۆرجار بە ئاشتەوایی و هەندێجاریش بە کوشتن کۆتایی دێت. چۆمان ئەحمەد، توێژەری کۆمەڵایەتی لەبارەی کێشەی ئەو کوڕ و کچە، دەڵێت لەو سەردەمەدا بەشێک لە کچان بەهۆی کاریگەربوونیان بە دراما دۆبلاژکراوەکان بیر لە شووکردن بەو ڕێگەیە دەکەنەوە، بە تایبەتی کاتێک کەسوکاری ڕێگرن لە شووکردنی.

چۆمان پێیوایە بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە و بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەی کوڕ و کچەکەشدا توندوتیژییان بەرامبەر نەکرێت، جگە لە پڕکردنەوەی بەڵێننامە، پێویستە هەردوولا دابنیشن و سوڵح بکەن.



## بەندکراوێک خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو- سلێمانی**

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کاژێر 4ی بەرەبەیانی ڕۆژی 2017/1/26 سزادراوێکیان کە تەمەنی 24 ساڵە و سزای لەسێدارەدانی هەبووە و نزیکەی چوار مانگە لە چاکسازییە، لەنێو هۆڵی سزادراواندا خۆی خنکاندووە. دوای خۆیشی وەسیەتنامەیەکی بۆ باوکی جێهێشتووە و نووسیویەتی "ڕووداوەکە دەستی کەسی تێدا نییە، خۆم خنکاندووە و ماوەیەکە تووشی نەخۆشی گەڕیی پێست بووم و قەرزداری کەسیش نیم". سەرچاوەکە گوتیشی "لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەشمانەوە لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە پێکهێنراوە".

### مانگانە 1000 گرێبەست کراوە

# لە کەرکووک هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە هەڵکشاندان

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

ئامارێکی دادگای کەرکووک وا دەردەخات کە گرێبەستەکانی هاوژینی هاوشانی حاڵەتەکانی جیابوونەوە لەو پارێزگایە ڕوو لە بەرزبوونەوەیە.

بەپێی ئەو ئامارە، وێڕای توندوتیژی و شەڕی دژی داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووک لەماوەی ساڵی ڕابردوودا، بەڵام پێکەوەنانی خێزان و گرێبەستی هاوسەرگیری لەو پارێزگایە ڕوو لە هەڵکشان بووە. هاوکات تەڵاق و جیابوونەوەش بەڕێژەیەکی کەم زیادی کردووە.

سروود ئەحمەد، بەرپرسی ئۆفیسی کەرکووکی کۆمەڵەی ئەملی عێراقی بەپشتبەستن بەو ئامارەی دادگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ساڵی ڕابردوو لە سنووری پارێزگای کەرکووک 12 هەزار و 722 گرێبەستی هاوژینی و 2481 حاڵەتی جیابوونەوە لە دادگای کەرکووک تۆمارکراون، لە کاتێکدا لە ساڵی 2015دا 7648 هاوسەرگیری و 2107 جیابوونەوە تۆمارکراون.

زیادبوونی گرێبەستی هاوژینی لە دادگاکانی پارێزگای کەرکووک، بە بڕوای سروود بۆ هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە بۆ سنووری پارێزگای کەرکووک دەگەڕێتەوە کە سەرەڕای دەرهێنانی شارەکانیان لەدەستی داعش، هێشتا لەوێ ماونەتەوە.

جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی ژنان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەبارەی ئەو ئامارە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ئامارەکەی دادگا دەردەکەوێ ژمارەی گرێبەستی هاوژینی زیادی کردووە، ئەوەش جێی دڵخۆشییە". بەڵام جگە لەو هۆکارەی کە سروود ئاماژەی بۆ کرد، بەبڕوای جوان حەسەن، ڕێگەدان بە فەرژنی و شووکردنی کچانی خوار تەمەن 18 ساڵان لە کەرکووک هۆکاری زیادبوونی گرێبەستی هاوژینییە.

یاسای باری کەسیی عێراق ڕێگەی داوە کچان لە تەمەنی 15 ساڵی بە ڕەزامەندیی وەلی ئەمریان شوو بکەن، هەروەها ڕێگەی داوە پیاو هەتا چوار ژن بهێنێ. ئەم یاسایانە لە هەرێمی کوردستان هەموار کراون، بەڵام پارێزگای کەرکووک تاوەکو ئێستاش کار بەو یاسایانە دەکات.

### ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک:
### فرەژنی و شووکردنی کچانی خوار تەمەن 18 ساڵ ژمارەکەی بەرزکردووەتەوە

### چالاکڤانێکی ژنان:
### بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری بەهۆی ئاوارەکانەوەیە



#### کچانی کەرکووک جیاوازن

بڵند زەندی تەمەن 34 ساڵ، ساڵێکە خێزانی پێکەوەناوە، تێچووی ژنهێنانەکەی 17 ملیۆن دینار بووە. بڵند دەڵێت "کچانی کەرکووک بە بەراورد بە کچانی ناوچەکانی دیکە زۆر هاوکارن لە کاتی هاوسەرگیری. بۆ نموونە هاوژینەکەم داوای زێڕێکی کەمی کرد، خەرجیی مانگی هەنگوینیشی لەئەستۆ گرت".

چالاکڤانانی ژن لە کەرکووک پەسنی کچانی شارەکەیان دەدەن کە زۆر گرنگی بە ئاڵتوون و پێداویستیی هاوژینی نادەن. ئەمەش بەهۆکاری زیادبوونی ڕێژەی هاوژینی لە کەرکووک دەزانن.

سروود گوتی "بەپێچەوانەی کچانی هەرێمی کوردستان کە زۆرجار بۆ شووکردن داواکاری زۆریان هەیە، زۆربەی کچانی کەرکووک داوای ئاڵتوونی زۆر یان جیاکردنەوەی ماڵ ناکەن، ڕەنگە بە ئەڵقە و گوارە و زنجیرێک و مارەییەکی کەم قەناعەتیان بێت".

شکۆفە محەممەد کە ساڵانی هەشتاکان لە پەیمانگە بووە، دەڵێت "زۆربەی ئەو قوتابییە کوڕانەی لە پەیمانگا لەگەڵمان بوون و کەرکووکی نەبوون، حەزیان دەکرد کچی کەرکووکی بخوازن، چونکە دەیانگوت کچی کەرکووکی ئەوەندەی گرنگی بە ڕەوشتی بەرامبەر دەدەن، ئەوەندە سەروەت و خانوو و ئاڵتوونیان بەلاوە گرنگ نییە".

هەرچەندە ئەو چالاکوانانە زۆربوونی حاڵەتەکانی هاوژینی بە ئەرێنی دەبینن، بەڵام ڕەخنەش لە هەندێک شووکردن و ژنهێنان دەگرن. شکۆفە گوتی "بەشێک لە گەنجانی خوار 24 ساڵ، بەداخەوە بەهۆی کاریگەری درامای دۆبلاژکراو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوو دەکەن، زۆرجاریش شووکردنەکەیان درێژە ناکێشێ و جیادەبنەوە".

سروودیش بەو پێیەی ڕێکخراوەکەیان تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، دەڵێت "ڕاستە گرێبەستی هاوژینی زۆر بووە، بەڵام ڕەنگە هەمووشیان سەرکەوتوو نەبن، بە تایبەتی هەندێک لەوانەی هاوسەرگیری دەکەن ئاستی ڕۆشنبیرییان وەکو یەک نییە، بۆ نموونە مامۆستایەکی کچ شووی بەکەسێکی نەخوێندەوار کردووە، ئێستا بەهۆی جیاوازیی ئاستی ڕۆشنبیرییانەوە کێشەیان هەیە".

شکۆفە محەممەد، باسی لایەنە نەرێنییەکەی زۆربوونی هاوسەرگیری کرد و گوتی لەو ماوەیەدا لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسی شاری کەرکووک باسیان لە زۆربوونی حاڵەتەکانی جیابوونەوە کردووە کە بەشێکی پەیوەندی بە زۆربوونی ئەو گرێبەستانەوە هەیە لە دەرەوەی دادگا لەلایەن مەلاوە دەکرێن، بۆیە بەنیازن لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ مەلاکان بکەن".

#### زێڕنگەر بازاڕیان لاوازە

سەرەڕای زیادبوونی گرێبەستی هاوژینی لە کەرکووک، بەڵام زێڕنگەرەکانی شارەکە دەڵێن ساڵی ڕابردوو بازاڕیان کز بووە. مەریوان عومەر کە 14 ساڵە زێڕنگەرە بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردوو بەراورد بە ساڵانی دیکە فرۆشتنی ئاڵتوون کەمی کردووە، دەتوانم بڵێم لەو ئاڵتوونانەی فرۆشتوومە، 40%ی بۆ هاوسەرگیری بووە کە ئەوەش ڕێژەیەکی کەمە و هۆکارەکەشی دۆخی داراییە". مەریوان باسی هەندێک لەو کچانەی کرد کە شوویان کردووە و زێڕیان لەلای ئەو بردووە "کچ هەبووە تەنیا ئەڵقە و گوارە و ئەنگوستیلەیەکی کڕیوە، هەبووە تەنیا پێنج مسقاڵ زێڕی ویستووە، کچیش هەبووە تەنیا ئەڵقەیەکی هەڵگرتووە".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## باڵیۆزخانە ڕزگاری کرد

کچێکی 16 ساڵان لە ئەوروپا دەهێننەوە کوردستان. ئەو کچە لەو وڵاتەی لێی ژیاوە، جارێک سکاڵای لەسەر خێزانەکەی تۆمار کردووە، ئەوانیش دەیهێننەوە کوردستان و لە خزمێکی خۆیانی مارە دەکەن، بە قەناعەتی خۆیان ئیدی لەو کێشەیە ڕزگاریان بووە، بەڵام نەیانتوانی ئیرادەی کچەکەیان زەوت بکەن.

ئەو کچە دەرفەتێکی بچووکی بۆ ڕەخسا و پەیوەندی بە پۆلیسی وڵاتەکەی خۆیەوە کرد و لە ماوەی 48 کاژێردا هەموو شتێکیان بۆ دابین کرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. بۆیە کاتێک ئافرەتەکە لە ماڵ ڕادەکات، باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە عێراق پێیدەڵێن پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتانەوە بکات.

کچەکە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی "دوو ساڵ دەبێت گەڕاومەتەوە کوردستان، باوکم منی ڕادەستی مامم کرد. ئەویش هەر لە یەکەم ڕۆژ مۆبایل و لاپتۆپ و پاسپۆرتەکەی لێ زەوت کردم، بۆم نەبوو مۆبایل بەکاربێنم. ماوەیەکی زۆر وەکو دەستبەسەر وابووم. پاش ساڵێک خزمێکی خۆمیان بۆ دۆزیمەوە و پێیانگوتم دەبێ مێردی پێ بکەی، هەرچەندە من نارازی بووم، بەڵام سوودی نەبوو. پێمگوتن بەو مەرجە ڕازی دەبم شووی پێ بکەم، بمبات بۆ ئەوروپا، بەڵام باوکم و مامم ڕازی نەبوون. ئەو کوڕەی خزمیشم زۆر دڵی لەسەرم نەبوو، لە ڕۆژی مارەکردنمەوە تاوەکو ئێستا زۆر بە ساردی مامەڵەی لەگەڵ کردووم".

کچەکە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی "لە دادگا گرێبەستی هاوژینیمان نەکرد، لەلای مەلایەک لە یەکدییان مارە کردین، نازانم مەبەستیان چی بوو، ماڵی خەزووریشم بەهەموو جۆرێک چاودێرییان دەکردم، بەڵام ڕۆژێک توانیم مۆبایلێک بەدەست بهێنم، پەیوەندیم بە هاوڕێیەکی خۆمەوە کرد، هەموو کارەکانی بۆ تەواو کردم، پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەمەوە کردبوو، کێشەی منی پێگەیاندبوون، پاشان ژمارەی باڵیۆزخانەی بۆ من ڕەوانە کرد و خۆم پەیوەندیم پێیانەوە کرد، ئەوان ڕێنماییان کردم کە پەیوەندی بە ئێوەوە بکەم، ئەوانیش کارەکانم بۆ ئەنجام دەدەن، بۆیە ئێستا داواکاریم هەیە لە مێردەکەم جیاببمەوەو بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم".

دادگا داوای نوێنەری باڵوێزخانە و مێردەکەی کرد لەبەردەم دادگا ئامادەبن، لە کاتی ئامادەبوونی مێردەکەی و کەسوکارەکەی، بۆ مێردەکەی ڕوونکرایەوە کە ژنەکەی نایەوێ بگەڕێتەوە لای. مێردەکەی گوتی مادام کچەکە دەیەوێ بگەڕێتەوە ئەوروپا من لاریم نییە و دەستبەرداری دەبم، بەڵام داوای هیچ مافێکم لێ نەکات. هەردوولا لە دەرەوەی دادگا پێکهاتن و جیابوونەوە.

کێشەی ئەو ژنە پێمان دەڵێت زۆربەی ئەوانەی ئێستا لە ئەوروپا دەژین، چاوکراوەن و وا بە سانایی کۆتوبەند ناکرێن و هەموو ئەو ڕێگا یاساییانە دەزانن کە لە کۆتوبەندی دابونەریت و کولتوور ڕزگاریان دەکات، هەروەها باشیش دەزانن ئەوان لەلایەن حکومەتەکانیانەوە گرنگی بە مافەکانیان دەدرێت، بۆیە بە ئاسانی مافەکانیان وەردەگرنەوە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

### منداڵانی بێسەرپەرشت کەوتوونەتە دەست باند و گرووپە توندڕەوەکان

# پەرلەمانی عێراق پرۆژە بڕیارێک لە قازانجی منداڵانی بێلانە تاوتوێ دەکات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پرۆژە بڕیارێکی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لەمەودوا منداڵانی بێسەرپەرشت لەدوای تەمەنی 18 ساڵیش بتوانن لە خانەکانی داڵدەدان بمێننەوە، تاوەکو دوای تەواوکردنی خوێندن، یان پێکەوەنانی خێزان و دەستکەوتنی شوێنێکی باشتر.

ماددەی 32 لە یاسای ژمارە 126ی ساڵی 1980ی کاروباری کۆمەڵایەتی کە تایبەتە بە منداڵانی بێسەرپەرشتی خانەکان، دەڵێت منداڵانی بێلانە دوای ئەوەی تەمەنیان گەیشتە 18 ساڵ، دەبێت خانە جێبهێڵن. هەر بەپێی یاساکە ئەگەر گەنجێکی بێسەرپەرشت لە قۆناغی شەشی ئامادەیی بۆ دوو ساڵ بمێنێتەوە، ئەوا دەتوانێت تا 19 ساڵی لە خانەدا بژی، بەڵام هەندێک لەوانە دوای 18 ساڵیش شوێنێکیان نییە ڕووی تێبکەن و کەسیش باوەشیان بۆ ناکاتەوە، بۆیە ئێستا لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەیەوێ لەڕێگەی پرۆژە بڕیارێکەوە، کارکردن بەو ماددەیە ڕابگرێ و هەمواری بکات.

ئەشواق جاف، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەلایەن خانەکانی بێسەرپەرشتانەوە لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش پێشنیازی هەموارکردنی ئەو ماددەیەیان بۆ کراوە بۆ ئەوەی لەمەودوا کەسانی سەرووی 18 ساڵیش تا تەواوکردنی خوێندن، یان پێکەوەنانی خێزان، یان دۆزینەوەی شوێنێکی باشتر لە خانەکان بۆ نیشتەجێبوونیان، هەر لە خانەکاندا بمێننەوە.

ئەشواق باسی دوو پێشنیازی لێژنەکەیانی کرد بۆ ئەو منداڵانەی کەسیان نییە، یەکێکیان حکومەت هەر لە خانەکانی خۆیان و خانەی بەساڵاچووان ئیشیان بۆ بدۆزێتەوە کە لەو کاتەدا دەتوانن لەوێش بمێننەوە.

سەبارەت بە پێشنیازی دووەمیش گوتی "ئەگەر ئەو منداڵانە بیانەوێت زانکۆ تەواو بکەن، ئەوە دەچنە بەشی ناوخۆیی، ئەگەریش نەڕۆنە بەشی نێوخۆیی هەر لە شوێنی خۆیان بمێننەوە تا دوای زانکۆ، دوای تەواوکردنی زانکۆش ئەگەر خێزانیان پێکەوەنەنا، یان ئیش و کاریان دەستنەکەوت، یان کەس باوەشی بۆ نەکردنەوە، هەر لە خانە بمێننەوە".

هاتنە دەرەوەی ئەو منداڵانە زۆرجار گرفتی بەدواوەیە و هەوڵ و ماندووبوونی چەند ساڵەی سەرپەرشتیارانی خانەکە بەفیڕۆ دەدات.

ئەشواق جاف دەڵێت "لەعێراق باری ئەمنی خراپە، زۆر جار ئەو منداڵانە ئەگەر کوڕ بووبن لەپاش دەرچوونیان لە خانەی بێسەرپەرشتان کەوتوونەتە دەست گرووپە توندڕەوەکان، کچەکانیش کەوتوونەتە دەست باندەکانی لەشفرۆشی".

لەم مانگەوە وەرزی نوێی یاسادانان لە پەرلەمانی عێراق دەستی پێکردووە، ئێستا لیژنەی مافی مرۆڤ پرۆژە بڕیارەکەیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە بۆ ئەوەی لە دانیشتنەکانی داهاتوودا دەنگی لەسەر بدرێت و کارکردن بەو ماددەیە ڕابگیرێت.

ئەشواق جاف گوتی "بەگشتی پرۆژە بڕیارەکە لەبەردەم دوو ئەگەردایە، حکومەت دەتوانێت جێبەجێی بکات و دەشتوانێت جێبەجێی نەکات، بەڵام ئەم پرۆژەیە لەبەرئەوەی مرۆڤانەیە، لەوباوەڕەداین حکومەت جێبەجێی بکات".

لیژنەکە هەروەها لەڕێگەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە پرۆژە یاسایەک پێشکەشی حکومەتی عێراق دەکەن بۆ ئەوەی ماددەکە هەموار بکرێت. د.ئەشواق گوتی "لەبەرئەوەی مانەوەی ئەو منداڵانە پێویستی بە لایەنی داراییە، دەبێت پرۆژە یاساکە ببرێتەوە ئەنجوومەنی وەزیران و لەوێش پەسەند بکرێت و پاشان بێتەوە پەرلەمان".

سەرنج حەمەسەعید، بەڕێوەبەری چاودێریی کۆمەڵایەتی لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئاگایان لەو پرۆژە بڕیارەی پەرلەمانی عێراق نییە و دوو ساڵ لەمەوبەریش لە کاتی سەردانی د.ئەشواق بۆ لایان، باسی کێشەی منداڵانی سەروو 18 ساڵیان کردووە، ئەوانەی کەسیان نییە و کێشەی دامەزراندنیان هەیە.

ساڵی 1986 پەیڕەوی ناوخۆی خانەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵەی ئەو خانانە لەگەڵ منداڵاندان لەنێو یاساکەدا جێی کراوەتەوە، بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتیش لە کوردستان ڕۆژی 2014/8/25 بە هاوکاریی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، پرۆژەیەکیان بۆ هەمواری پەیڕەوەکە پێشکەشی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە تا بینێرنە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردن، بڕگەیەکی پرۆژەکەشیان تایبەتە بەو منداڵانە.

سەرنج گوتی "پێشنیازمان کردووە ئەو منداڵانەی دەبنە 18 ساڵ و کەسیان نییە، لە دامەزراوەکانی وەزارەتدا دابمەزرێنەوە، لە ساڵانی هەشتاکانیشدا ئەو دامەزراندنە هەبووە، لەو کاتەدا داهات و شوێنی نیشتەجێبوونیشیان دەبێت، بەڵام بەهۆی ڕاگرتنی دامەزراندنەوە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ نەکراوە، لێرەشەوە داوا لە حکومەت دەکەین خۆیان بڕیارێکی لەو شێوەیە بۆ ئەو منداڵانە دەربکەن، چونکە ئێمە تەنیا پێشنیازمان کردبوو".

#### منداڵانی کوردستان دەرناکرێن

بە گوتەی سەرنج، هێشتا هیچ کەسێک لە خانەکانی بێسەرپەرشتان لە کوردستان دوای تەمەنی 18 ساڵی دەرنەکراوە. سەرنج گوتی "نزیکەی پێنج شەش منداڵمان لابوو کە دەبووایە دوای تەمەنی 18 ساڵی خانەکە جێبهێڵن، بەڵام هیچ کامیان دەرنەکراون، بەڵکو هەوڵماندا لە خانەکان بە گرێبەست یاخود خۆبەخش دایانمەزرێنینەوە، یان لەڕێگەی ڕێکخراوەکان و کەرتی تایبەتەوە کارمان بۆ دۆزیونەتەوە ئینجا ڕۆیشتوون".

زەیتۆ تۆفیق، بەڕێوەبەری چاودێریی کۆمەڵایەتی لە هەولێر بەهەمانشێوە بێئاگایی خۆی لەو پرۆژەیەی پەرلەمانی عێراق نیشان دا و گوتی دوای 18 ساڵ مرۆڤ کامڵ دەبێت و وا باشترە پشت بە خۆی ببەستێ، بەڵام ئەو منداڵانەش بەهیچ شێوەیەک دەرناکرێن، ئەگەر کوڕ بووبێت لای خۆیان یان لە کەرتی تایبەت کاریان بۆ دەدۆزنەوە، کچەکانیش ئەگەر بخوێنن دەتوانن تاوەکو 19 ساڵی لە خانە بن، بەڵام هەندێکیان ئێستا لە زانکۆ دەخوێنن و وەکو خۆبەخشیش لە خانە کار دەکەن.

### ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری لیژنەی مافی مرۆڤ:
### بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەو منداڵانە لە خانەکان دەربکرێن

## لە ئوستراليا خۆپیشاندان دژی کۆچبەران کرا

**ڕووداو- هەولێر**

لە ئوسترالیا خۆپیشاندانێک بۆ دژایەتی کۆچبەرانی موسڵمان و پاڵپشتی ڕێگری لە هاتنی کۆچبەران بەڕێوەچوو. خۆپیشاندەران ڕەخنە لە سیاسییەکانی وڵاتەکەیان دەگرن کە دەیانەوێت دەنگی موسڵمانانی وڵاتەکە بۆ هەڵبژاردن بقۆزنەوە. باڵتن چالاکڤانێکە و ڕەخنەی توند لە سیاسییەکان دەگرێت و دەڵێت "بەهۆی کۆچبەرانی موسڵمان دەنگ بۆ خۆیان کۆدەکەنەوە". خۆپیشاندانەکە لەلایەن گرووپی چاکسازی ئوسترالیا ڕێکخراوە، ئەوان دژی ئەو شەریعەتی ئیسلام و بنەماکان بۆ بەشێکی خەڵکی ئەو وڵاتە پەیرە و بکرێت، خۆپیشاندەرێک ئەوە بۆ شەرم بۆ وڵاتەکەی دادەنێت.



# ئیتاڵیا کۆچبەران لە چاوەڕوانیدا دەهێڵێتەوە

**شوان سدیق**
**ڕووداو- ڕۆما**

## کۆچبەرێکی کورد: کڵێسا نەبووایە، ئەم زستانە ڕەق دەبووینەوە

ڕێکەوت جەلال لە فینلاندەوە ڕووی لە ئیتاڵیا کرد، چونکە پێشتر هاوڕێکانی پێیانگوتبوو حکومەتی ئیتاڵیا زوو شوێنت بۆ دابین دەکات و زووش وەڵامی داواکارییەکەت دەداتەوە، بەڵام وا دەرنەچوو. ڕێکەوت دەڵێت "ئەگەر کڵێساکان نەبن، بەم زستانە لە سەرما ڕەق دەبینەوە".

ژمارەیەکی زۆر لەو کۆچبەرە کوردانەی لە وڵاتانی دیکە، داواکاریی مافی پەنابەرێتییان ڕەتکراوەتەوە، ڕوویان لە ئیتاڵیا کردووە، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانیدا دەهێڵدرێنەوە و تەنانەت زۆربەیان نەبراونەتە کەمپەکانیش تا ئەوکاتەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێ.

لەلای ئیتاڵییەکان، کۆچبەرانی کورد بەراورد بە کۆچبەرانی ئەفریقا و ئاسیای ناوەڕاست و خوارو، بە پارەدار و خۆشبەخت ناسراون، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە هەموو کوردێک توانای بەکرێگرتنی شوقە و خانووی هەبێ، بگرە زۆربەیان بۆ حەوانەوە پەنایان بۆ کڵێساکان بردووە.

نائومێدیی کۆچبەران بە حکومەتی ئەم وڵاتە دوای ئەوە دێت کە راشکاوانە پێیان دەڵێت "چاوەڕێ بکەن تاوەکو شوێنتان بۆ دابین دەکرێت". ئەم چاوەڕوانییە لە هەفتەیەکەوە بۆ پێنج مانگ و بگرە زیاتریش درێژ دەبێتەوە، چونکە ئیتاڵیا بەرەڕووی قەیرانی دارایی بووەتەوە و گوشارێکی زۆری کۆچبەرانیشی لەسەرە.

ئایینی زۆربەی دانیشتووانی ئیتاڵیا، مەسیحیی کاتۆلیکە، بۆیە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئەو وڵاتە کڵێسا هەیە، هەروەها یانەی کۆمەڵایەتی و ماڵی داڵدەدانی هەژاران و بێسەرپەرشتان و کۆچبەران لەو وڵاتەدا زۆرن، تەواوی ئەو شوێنانەش لەلایەن ڤاتیکان و خێرخوازانی ئیتاڵییەوە هاوکاریی داراییان دەکرێن.

ڕێکەوت جەلال، 26 ساڵ، کۆچبەرێکی کوردە و چەند وڵاتێکی ئەورووپی بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەری تاقیکردووەتەوە، دوایین وڵاتی ئەورووپا فینلاند بووە کە داواکارییەکەی ڕەتکردووەتەوە، بۆیە بە قسەی هاوڕێکانی ڕووی لە ئیتاڵیا کردووە.

ڕێکەوت بە (ڕووداو)ی گوت "لە ئیتاڵیا کڵێسا بووەتە ماڵی یەکەممان، ئەگەر کڵێسا نەبووایە، دەبوو لەسەر جادە یان لە نێو پارکی ئۆتۆمبێل بخەوین، بەو زستانە هەر لە سەرما ڕەق دەبووینەوە".

ڕێکەوت کە ماوەی سێ مانگە لە شاری کۆزنسای ئیتالیایە، دەڵێت کاتێک لە فینلاند داوای مافی پەنابەرێتی ڕەتکراوەتەوە، پێیانگوتووە لە ئیتاڵیا بە سێ مانگ مافی پەنابەری وەردەگری، بەڵام وا دەرنەچووە "هەموو ئەو قسانەی لەبارەی ئیتاڵیا بۆیان کردم ڕاست دەرنەچوون، لێرە کاروباری کۆچبەران قورسە و لێمان ناپرسنەوە. حکومەت هەر پێمان دەڵێ ئارام بگرن".

ڕێکەوت پەشیمان نییە کە ڕووی لە ئەورووپا کردووە و دەڵێت "ژیان لە کوردستان لە سایەی سەری دەسەڵاتدارانەوە، زۆر قورس بووە، پەشیمان نیم و بەنیازیش نیم بگەڕێمەوە کوردستان".

کاسا نۆسترا لە شاری کۆزنسا کە سەنتەرێکی تایبەت بە کاروباری ئاینییە، بووەتە پەناگەیەک بۆ ئەو کۆچبەرانەی چاوەڕێن حکومەت شوێنیان بۆ دابین بکات. سۆر سلیڤیا، سەرپەرشتیاری ئەو سەنتەرە بە (ڕووداو)ی گوت "هاوکاریی پەنابەران و کەسانی کەمدەرامەت ئەرکی هەمووماندە، لەم سەنتەرە بەپێی توانا هاوکاریی هەموو کەسێک دەکەین بەبێ جیاوازی".

سلیڤیا کە بە ڕەچەڵەک مەکسیکییە و 13 ساڵە لە ئیتاڵیا دەژی، هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی ئاینی کریستیان. ئەو باسی خزمەتگوزارییەکانی سەنتەرەکە دەکات و دەڵێت "ڕۆژانە جگە لە ڕۆژانی سێشەممە دەرگای سەنتەرەکە کراوەیە، خواردن دەدەینە کۆچبەران و کەسانی هەژار، هەروەها دەتوانن لێرە خۆیان و جلەکانیان بشۆن".

کاسا نۆسترا ماوەی سێ ساڵە دامەزراوە. لەلایەن کەسانی خێرخواز و حکومەتی ڤاتیکانەوە پشتیوانی دەکرێ. ڕۆژانە خواردن و خواردنەوە پێشکەشی زیاتر لە 30 کەس دەکات. سەنتەرەکە داڵدەی شەش کۆچبەری داوە کە پێنجیان کوردن.

سەلمان ڕەفیق، کۆچبەرێکی کوردە و دوو مانگە ڕووی لە ئیتاڵیا کردووە، سەلمان بە (ڕووداو)ی گوت "هەر کە هاتمە ئیتاڵیا سەردانی دەزگای کاروباری کۆچبەرانم کرد و خۆم پێناساندن، ژمارە تەلەفۆنیان لێوەرگرتم و گوتیان شوێنت بۆ دابین دەکەین و خۆمان تەلەفۆنت بۆ دەکەین، بەڵام تا ئێستا پەیوەندییان پێوەنەکردووم".

سەلمان لە ئیتاڵیا دەستی لە هیچ کار و کاسبییەک گیر نەبووە، بۆیە ناتوانێ خانوو بە کرێ بگرێ، ئەویش وەکو کۆچبەرانی دیکە ناچار بووە پەنا بۆ کڵێسا و ماڵی داڵدەدانی هەژاران ببات.



کۆچبەرانی کورد لە ئیتاڵیا پەنا بۆ کڵێساکان دەبەن (فۆتۆ: ڕووداو)

پێش هاتنی وەرزی زستان، کۆچبەران زۆر مژولی دابینکردنی شوێنی حەوانەوە نەبوون و هەر لە پارکی ئۆتۆمبێل و شوێنە گشتییەکان و وێستگەکانی شەمەندەفەردا ڕۆژیان دەکردەوە. بەڵام ئێستا بەرگەی شەپۆلی بەفروبارانی ئەورووپا ناگرن و ناچارن پەنا بۆ کڵێساکان ببەن. سەلمان لەگەڵ 15 کۆچبەری دیکەی کورد هانایان بۆ کڵێسایەکی شاری کۆسینزای باشووری ئیتاڵیا بردووە.

لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئیتاڵیا، حکومەت کەمپی بۆ حەواندنەوەی کۆچبەران دروستکردووە، خانووی بە بەشێکیشیان داوە، بەڵام ژمارەی کۆچبەران زۆر لەوە زیاترە کە بتوانرێ لە کەمپەکاندا جێیان بکرێتەوە. ئەو سەنتەر و کڵێسایانەشی کە هاوکاریی کۆچبەران دەکەن، هاوکاری و خزمەتگوزارییەکانیان زۆر سنووردارە.

لە ئیتاڵیا سیستەمی جێگیرکردنی پەنابەران و دابینکردنی خزمەتگوزاری وەکو خوێندن و تەندروستی و هاوکاریی دارایی لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێک، تەنانەت لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەگۆڕێ.

لە شارەکانی باشوور جگە لە کەمپ، خانوو و هەموو پێداویستییەکانی دیکە بۆ کۆچبەران دابین دەکرێ، بەڵام دوای چاوەڕوانییەکی زۆر. لە شارەکانی ناوەڕاست و باکوور بەهۆی گوشاری زۆری کۆچبەران، خێزانە کۆچبەرەکان زۆرتر چانسی وەرگرتنی خانوویان هەیە.

رزگار محەممەد پێشتر لە شاری میلان بووە و ئێستا ڕووی لە شاری کاتنزارۆ کردووە، دەڵێت "لە میلان کەنیسەکان خواردنیان پێشکەش دەکردین، حکومەتیش لە کامپ شوینی بۆ دابین کردبووین. ئێستاش لێرە ژیانمان باشە، بەڵام دوای چوار مانگ گەیشتینە ئەم قۆناغە، چونکە لەم وڵاتە شوێنی نیشتەجێبوون وەک پێدانی مافی پەنابەری بۆ کۆچبەر گرنگە".

## کورد بیر لە جێهێشتنی دەکەنەوە

# مالمۆی سوێد بۆ بیانییەکان دەبێتە دۆزەخ

**ڕووداو- مالمۆ**

کوشتنی کوڕە گەنجێکی تەمەن 16 ساڵان لە مالمۆی سوێد، ترس و نیگەرانییەکی زۆری لای خەڵکی شارەکە دروستکردووە، پەنابەرانی کوردیش دەڵێن چیدی مالمۆ بۆ ئەوان شوێنێکی ئارام نییە و بیر لە جێهێشتنی دەکەنەوە.

"ئەحمەد گەنجێکی لەسەرخۆ بوو، قەت وەک دژە کوردێک، یان کەسێکی ڕەگەزپەرست هەڵسوکەوتی نەدەکرد، بە مەرگی زۆر نیگەرانم". ئەمە گوتەی نارینی تەمەن 17 ساڵانە کە کوردێکی دانیشتووی شاری مالمۆیە، نارین هاوڕێی ئەو گەنجە عەرەبە عێراقییە بوو کە لە ناوەڕاستی ئەم مانگە لە کاتی چاوەڕوانیی هاتنی پاسدا، لە وێستگەیەکدا لەلایەن چەند کەسێکەوە کوژرا.

کوشتنی ئەحمەد زەبحاوی 16 ساڵ کە بە ڕەچەڵەک لە خێزانێکی عێراقی بووە، نەک تەنیا عەرەب و تاراوگەنشینانی ئەو شارە، بەڵکو تەواوی دانیشتووانی شاری مالمۆی نیگەران کرد. ئەوەندەی پێنەچوو لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختیش گەنجێکی دیکەی بیانی کوژرا. هەردوو ڕووداوەکە لە سەرەتا و ناوەڕاستی ئەم مانگەدا بوون.

لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەمە چواردەمین حاڵەتی کوشتنی گەنجی بیانییە لە شاری مالمۆ. ئەو شارە چوارەم گەورە شاری سوێدە کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای سوێد و لەسەر سنووری دانیمارکە. ژمارەیەکی زۆری کوردی لێ نیشتەجێیە، بەڵام زۆرینەی بیانییەکانی نیشتەجێی ئەو شارە لە عەرەبی عێراقی بە پلەی یەک و مەغریبی بە پلەی دووەم پێکهاتوون. زۆرجار ئەم شارە وەک شاری گرووپە مافیاکان ناوی دەرکردووە.

جەمال ئەحمەد کە کوردێکی دانیشتووی ئەو شارەیە و ساڵانێکی زۆرە لە سوێدە، ئەو شەوەی داعش مەخمووری داگیرکرد لە هەولێر بوو، ئەو دەڵێ "هێندەی لێرە هەست بە نیگەرانی دەکەم، هێندە هەستم بە نیگەرانی نەکرد کە داعش لە هەولێر نزیک بووەوە، درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم شەوان خەوم لێناکەوێ".

جەمال ئەحمەد کە 30 ساڵە لە سوێد دەژی، بیر لەوە دەکاتەوە بچێتە شارێکی دیکەی سوێد، چونکە وەک خۆی دەڵێت تاوەکو ئێستا سێ جار دزی لە ماڵەکەی کراوە.

دەستگیرکردنی پیاوە لێزەرەکە کە وەک سوێدییەکی قەناس بەدەست و بکوژی بیانییەکان لە مالمۆ ناوی دەرکردبوو، جۆرێک لە ئارامی بۆ شارەکە گەڕاندبووەوە، بەڵام کوشتنی ئەحمەد و گەنجە بیانییەکانی دیکە، دووبارە خەڵکەکەی نیگەران کردووە.

سیاسەتڤانانی بیانیی سوێد ڕەخنەیان هەیە و پێیانوایە دەوڵەت سیاسەتێکی تۆکمەی بۆ ئەو پرسە نییە. کوردۆ باکسی سیاسەتڤان و ڕۆژنامەنووسی کوردی ئەو وڵاتە دەڵێت کوشتنی بیانییەکان لای سوێد بایەخێکی ئەوتۆی نییە "ئەگەر سوێدییەک بکوژرایە، هەموو دنیا بۆی دەهاتنە سەر خەت، بەڵام لەبەرئەوەی سەرڕەشێک بووە، هەر زوو دۆسیەکەی دادەخەن".

کوردۆ باکسی کە دوو جار بەربژێری پارتی ژینگە بووە بۆ پەرلەمان، بەراوردی ڕووداوی کوشتنی کچە کورد و کچە سوێدییەک دەکات و دەڵێت "مێدیاکانی سوێد کوشتنی کچە کوردەکە گەورە دەکەن، چونکە باوکێکی کورد کوشتوویەتی، بەڵام کوشتنی کچە سوێدیەکە لەلایەن کەسێکی نزیکی، بچووک دەکرێتەوە". باکسی هەروەها نموونەی بە ڕفاندنی ڕۆژنامەنووسێکی سوێدی لە ئەسیوپیا هێنایەوە و گوتی "ئەوە چەندین ساڵە ڕۆژنامەنووسێکی سوێدی لە ئەسیوبیا ڕفێنراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەچەڵەکی بیانییە، فەرامۆش کراوە".

باڵیۆزی عێراق لەو وڵاتە کە کوردێکی باشووری کوردستانە، دەڵێت "ڕازی نین بەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی کوشتنی ئەحمەدەوە کراون، داوامان کردووە لە وردەکاری لێکۆڵینەوەکان ئاگادار بکرێینەوە".

بەکر فەتاح، باڵیۆزی عێراق لە سوێد بەپاساوی نەبوونی کات، وەڵامی ڕووداوی نەدایەوە، بەڵام لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی کۆمپیسی عەرەبی گوتوویەتی "وەزارەتی دەرەوەی عێراق، لە ڕێگەی ئێمەوە بەدواداچوون بۆ وردەکارییەکانی ئەو کەیسە دەکات".



ئەحمەد زەبحاوی لە وێستگەیەکی پاسدا لە شاری مالمۆی سوێد لەلایەن چەند کەسێکەوە کوژرا

## کوردێک: لە مالمۆ هەست بە نائارامی دەکەم

### مالمۆ شاری گرووپە مافیاکان

"مالمۆ شاری گرووپە مافیاکان".. ئەمە شوناسی ئەو شارەیە بەلای زۆر لە ڕەوەندە جیاوازەکانی سوێدەوە.

سوێدییەکان پێیانوایە ئەمە جۆرێکە لە زیادەڕۆیی. ئانا سڤانسۆن نووسەر و لێکۆڵینڤان دەڵێت "لە شارێکی وەک مالمۆ کەسانی وەک یاریزانی تۆپی پێ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ پێگەیشتوون کە ئێستا سیمبولی خەڵکی سوێدە". سڤانسۆن گوتیشی "دەیان کورد و عەرەب و ئەلبانی لەم شارە ژیاون و بوونەتە کەسی دیار و کاریگەر لەسەر کۆمەڵگە، ناکرێت بە ڕووداوێک شوناسی ئەم شارە بشێوێنرێ".

لەم شارە، هەمیشە پۆلیس لە هەموو کونجێکی دەبینرێ. ڕووداوەکانی دزیکردن و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر و کوشتن و ڕفاندن لە هەڵکشاندان.

ئەحمەد بەرواری لە مالمۆ چێشتخانەی هەبووە و دووجار چێشتخانەکەی سووتێنراوە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "هەڕەشەی گرووپە مافیاکان وای لێکردم هەرگیز بیر لە پڕۆژەی گەورەی بازرگانی نەکەمەوە".

بەرواری کە ئێستا مالمۆی جێهێشتووە، گوتیشی "بێزاربووم لە هەڕەشە و سەرانەی گرووپە چەتەکان. منداڵەکانم لە قوتابخانە فێری دەیان شتی خراپ دەبوون، ئەگەر زوو فریا نەکەوتبام".

### خۆری گرووپە کوردییەکان ئاوابوو

گرووپە چەتە و مافیاکانی کورد پێشتر ناوبانگی زۆریان هەبوو لە سوێد. عەسابەکانی وەک جەنگیزخان، (ئە.خەیلانی) و (ح.دەربەندیخانی) و چەندینی دیکە، لە یادگەی خەڵکی مالمۆ و یۆتۆبۆریدا ماون. بگرە ماوەیەک بابەتی گەرمی مێدیاکانی سوێد و ئەورووپا بوون. سیروان کۆیی، دانیشتووی سوێد دەڵێت "بەهۆی چالاکبوونی گرووپە عەرەبەکان، ئێستا باسی گرووپە کوردییەکان هەر ناکرێت".

سیروان کۆیی کە پڕۆژەی بازرگانی هەبووە لە مالمۆ گوتیشی "گرووپی چەتە و مافیای عەرەبی و سریانی شوێنیان بە گرووپە کوردییەکان لێژ کردووە".

# بازاڕی بووکەڵەی سێکسی لە فەیسبووک گەرمە



## پسپۆڕێک: ئەوانەی ئەو بووکەڵانە بەکاردێنن نەخۆشیی پارافیلیایان هەیە

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

ئێستا کەرەستە و بووکەڵە سێکسییەکان بابەتێکی گەرمی نێو خەڵکی بەگشتی و گەنجانن بەتایبەتی، پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێ هەندێک لەو کەسانەی ئەو بووکەڵە سێکسیانە بەکاردێنن تووشی نەخۆشیی پارافیلیا بوون و هەندێکیشیان تەنیا ڕەنگدەرەوەی کۆمەڵگەی مۆدێرنن. توێژەرێکی کۆمەڵایەتیش هۆشداری دەدات کە ڕووکردنە ئەو نەریتانە کار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

چەندین پەیج لە فەیسبووک ڕیکلام بۆ فرۆشتنی بووکەڵە و کەرەستەی سێکسی دەکەن و لە شارەکانیش لە هەندێک شوێن بە شاراوەیی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێ.

بڕیار یەکێک لەو گەنجانەیە کە لە دەمی هاوڕێکانیەوە گوێی لەو بابەتە بووە و دەڵێت کەم نین ئەوانەی ئەو کەرەستانە بەکاردێنن "ڕۆژێک برادەرێکم هاواری لە کەسێک کرد، ئەوە بۆ نایهێنیتەوە؟ گوتی با سێ ڕۆژی تریش لەلام بێ". دواتر بە بڕیار دەڵێ ئەوە هەواڵی بووکەڵە سێکسییەکەی پرسیوە کە برادەرەکانی ماوە ماوە لێی وەردەگرن و بە زەحمەت نۆرەی خۆی دێتەوە!

بڕیار دەڵێت لە بازاڕەکانی لەنگە بە شاراوەیی کڕین و فرۆشتن بەو کەرەستانەوە دەکرێ، بەڵام ڕێگەی دیکەش زۆرن بۆ دەستخستنی "ئێستا دەتوانی بە ئاسانی لەڕێگەی بازاڕە ئەلیکترۆنییەکانی ئینتەرنێتەوە بووکەڵەی سێکسی و کەرەستەی دیکە بکڕی، لە ئەمریکا و ئەورووپاوە بە پۆست بۆت دێتەوە بەبێ ئەوەی کەس بزانێ".

نرخی یەکێک لەو بووکەڵانە لە ئەمازۆن لە 13 دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 1300 دۆلار و نرخیان بەپێی کواڵیتی و نزیکییان لە لەشێکی سروشتی، دەگۆڕێ.

پزیشک و توێژەران دەرکەوتنی ئەو دیاردە نوێیانە بە بەشێک لە دەرکەوتەکانی جیهانگیری دەبینن.

د.جەعفەر عومەر، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی دەروونی دەڵێ "بەکارهێنانی بووکەڵەی سێکسی دەرکەوتەیەکی دونیای مۆدێرنە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەریهەڵداوە. پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی بە خێرایی بە جیهاندا نیشانەن بۆ پەسەندکردنی لەلایەن بەشێک لە کۆمەڵگەوە".

بەبڕوای محەممەد گۆمەشینی، توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕاوێژکاری خێزانی، سروشتی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئەمڕۆ و نەبوونی هەندێک یاسای تایبەت بە دیاردە نوێیەکان هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردانەن "کرانەوەی سنوورەکان و هێنانی کەلوپەل لە وڵاتان و بازرگانیی ئازاد، بەهۆی کرانەوەی کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوە و بەئاسان دەستکەوتنی هەموو شتێک، لەلایەکی دیکەش نەبوونی یاسای تایبەت بە قەدەغەکردن و ڕێگریکردن لەو بابەتانە، هەموویان هۆکاری سەرەکین".

### بۆچی خەڵکی ڕوو لەو بابەتانە دەکەن؟

ئاژانسی سپۆتنیکی ڕووسی هەفتەی ڕابردوو لە ڕاپۆرتێکیدا باسی بەربڵاویی بەکارهێنانی بووکەڵە سێکسییەکانی لە وڵاتانی عەرەبی بەگشتی و میسر و لوبنان بەتایبەتی کرد. بە لێکدانەوەی ئەو ئاژانسە ڕووسییە، قەیرانی دارایی و زۆربوونی ڕێژەی بێکاری هۆکارێکی سەرەکین.

دکتۆر نەبیل خوری، پسپۆڕ لە دەروونناسیی کرداری، لەو ڕاپۆرتەی سپۆتنیکدا هەندێک شرۆڤەی دەروونیی کردووە بۆ ئارەزووی هەندێک لە خەڵکی بۆ بووکەڵە سێکسییەکان "کاتێک پیاوێک شکست دێنێ لە سەرنجڕاکێشانی خانمێک بەرەو خۆی، یان گرفتی هەبێ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یان زیرەک نەبێ لە تێکەڵبوون بە ڕەگەزی بەرامبەر، یان متمانەی بەخۆی لاواز بێ و لە جەستەی خۆی ڕازی نەبێ، یان لایەنی ماددیی لاواز بێ و نەیەوێ پارە لە سێکسدا خەرج بکات، ئیدی پەنا بۆ ڕێگەیەکی ئاسان دەبات بۆ کپکردنەوەی غەریزەکانی، ئێستاش بووکەڵە سێکسییەکان ئەو ڕێگە ئاسانەن".

محەممەد گۆمەشینی هەروەها دەڵێت "وەرگرتنی هەموو کەناڵێکی تیڤی و ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان بەبێ سانسۆر، کارێکی وایان کردووە لاوان دەستیان بگات بەهەموو ئەو شتانەی لە فیلمەکاندا دەیانبینن و دەیانەوێ ئەوانیش تاقیی بکەنەوە".

د.جەعفەر عومەریش، جگە لە جەختکردنەوە لەسەر ئەو هۆکارانەی د.نەبیل خوری ئاماژەی پێداون، سروشتی ژیانی جەنجاڵی ئەمڕۆش بە هۆکارێکی دیکە دەزانێ "مرۆڤ ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤێکی دیکە دروستکرد، دەبێت بەردەوامیی پێبدات و بە هەموو جەستە و ڕوحی لەگەڵیدا بێت و بەشێکی کاتەکانی بۆ تەرخان بکات، بەڵام ڕەنگە ژیانی جەنجاڵی ئەمڕۆ بواری هەندێک کەس نەدات ئەو کارە بکەن، بۆ پەنا بۆ بووکەڵەیەک دەبەن".

### گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی

محەممەد گۆمەشینی هۆشداری دەدات لە پەرەسەندنی ئەم حاڵەتە و دەڵێت "بە دیاردەبوونی ئەم بابەتە، لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی خراپی دەبێت، چونکە دەبێتە ڕێگەیەک بۆ خراپەکاری و بەلاڕێدابردنی لاوان بۆ کاری نەشیاو، دروستبوونی کێشە و تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی". گۆمەشینی دەڵێ پێویستە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەجددی بێنە سەرخەت و ڕێگری لەمە بکەن، چونکە کاریگەرییەکانی لە داهاتوودا بەدەردەکەوێت.

### بەکارهێنەران نەخۆشن

د. جەعفەر عومەر، پزیشکی پسپۆڕی دەروونی دەڵێ کەسێتی هەندێک مرۆڤ بەجۆرێکە زۆرتر سێکس لەگەڵ بووکەڵە پەسەند دەکەن، وەکو کەسێتی سکیزۆید کە زۆر حەز بە تێکەڵی ناکەن، یان کەسێتی شەرمن و دوورەپەرێز کە شەرم لە پەیوەندی دەکەن. د.جەعفەر ئەو کەسانەی بە "نەخۆش" ناوبرد و گوتی "حاڵەتێکی دەروونی هەیە کە مرۆڤ ئارەزووی سێکسیی تەنیا بە پەیکەر دەجوڵێت، دەتوانین لە ڕووی دەروون پزیشکییەوە ئەو کەسانەی هۆگر دەبن بە بووکەڵەی سێکسییەوە بە حاڵەتێکی تایبەت لە تێکچوون لە ئارەزووی سێکسی نێوبەبەین کە پێیدەگوترێ پارافیلیا (paraphilia) لەوانەیە تاک تووشی خەمۆکیش بکات".

# ئایا واز لە خواردنی گۆشتی سوور بهێنین؟



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

ڕووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

گۆشتی سوور بە چەندین ڤیتامین و کانزا دەوڵەمەندە کە بۆ دەوڵەمەندکردن و هەمەڕەنگکردنی ژەمەکانمان گرنگن، بەڵام لەو ساڵانەی دوایی نێوبانگی گۆشتی سوور هەندێک زڕاوە، چونکە هەندێک توێژینەوە ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان خواردنی گۆشتی سوور و تووشبوون بە شێرپەنجە، نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن و سستبوونی گورچیلە و چەندینی دیکە دەکەن، بەڵام ئایا بەڕاستی هەموو خواردنێکی گۆشتی سوور بۆ جەستە زیانی هەیە؟

### گۆشتی سوور وەک خۆراکێکی سەرەکیی مرۆڤ

گۆشتی سوور ئەو گۆشتەیە کە لە گیاندارە شیردەرەکانەوە وەردەگیرێ. هەندێک کەس ڕۆژانە بەشێوەی جیاواز دەیخۆن. بەگشتیش، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە زۆربەی ژەمەکانماندا هەیە.

لە وڵاتێکی وەکوو ئەمریکا ساڵی ڕابردوو هەر کەسێک بە تێکڕا 48 کیلۆ گۆشتی سووری خواردووە، ئەمەش کەمبوونێکی بەرچاوە بە بەراورد بە چەند دەیە لەمەوبەر، بۆ نموونە ساڵی 1970 هەر تاکێکی ئەمریکایی 66 کیلۆ گۆشتی سووری خواردووە. تەنیا لە دەیەی ڕابردوودا ئەمریکاییەکان بە ڕاددەی 10% خواردنی گۆشتی سووریان کەمکردووەتەوە، کەمترین بڕیش ساڵی 2014 خوراوە کە 45 کیلۆگرام بووە بۆ هەر کەسێک.

### بادانەوە بەرەو خۆراکی ڕووەکی

بەگوێرەی ڕووپێوییەکی ساڵی 2016، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژمارەی گیاخۆرەکان گەیشتووەتە هەشت ملیۆن کەس. ئەوانەشی تەواو نەبوونەتە گیاخۆر، مەیلیان بەرەو خواردنە ڕووەکییەکان چووە. بۆ نموونە هەمان ڕووپێوی دەریخستووە 37%ی ئەو ئەمریکیانەی لە دەرەوەی ماڵ ژەمێکیان بەڕێ کردووە، خواردنی ڕووەکییان هەڵبژاردووە نەک گیانەوەری. 36%ی ئەوانەی خواردنی ڕووەکییان هەڵبژاردووە، گوتوویانە بۆ پاراستنی تەندروستییان ئەوە دەکەن.

بەپێی نوێترین ڕێنمایی ئەکادیمیای خۆراک و شەکرەی ئەمریکایی، خواردنی ڕووەکی لەبری گیانەوەری، ئەگەری تووشبوون بە شەکرە بە ڕاددەی 62% کەم دەکاتەوە، هەروەک ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ و مێشکیش کەم دەکاتەوە.

### گۆشتی سوور و شێرپەنجە

ئۆکتۆبەری 2015 ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی، بۆ یەکەمجار بە فەرمی ڕایگەیاند لەنێوان خواردنی گۆشتی سوور و تووشبوون بە شێرپەنجە پەیوەندی هەیە. بەهێزترین پەیوەندی نێوان گۆشت و شێرپەنجە خواردنی گۆشت بوو لە شێوازەکانی گۆشتی دەستکاریکراو (لەقوتوونراو یان هەر ڕێگەیەکی دیکەی هەڵگرتن و تەمەندرێژکردنی).

ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە لە شێرپەنجە (کە دامەزراوەیەکی سەر بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییە)، دوای پێداچوونەوەی 800 توێژینەوەی زانستیی پێشوو، هەندێک داتای لەبارەی پەیوەندیی نێوان گۆشت و شێرپەنجە بڵاوکردەوە.

ئاژانسەکە ڕایگەیاند کە خواردنی ڕۆژانەی 50 گرام گۆشتی دەستکاریکراو ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی کۆڵۆن بە ڕاددەی 18% زیاد دەکات.

ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە لە شێرپەنجە پەیوەندی بینیبووەوە لەنێوان خواردنی گۆشتی سوور و زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەکانی ڕێکە و کۆڵۆن، پەنکریاس و پرۆستات.

هەروەها بەپێی ڕاگەیێندراوی ئینستتیوتی نیشتیمانیی ئەمریکی بۆ توێژینەوە لە شێرپەنجە، گەرمکردنی گۆشت بۆ پلەی ئێجگار بەرز (بە نموونە کاتی سوورکردنەوە و برژاندن) ماددەگەلێکی تێدا دروست دەکات کە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

### سستبوونی گورچیلە

لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا 661 هەزار کەس کێشەی سستبوونی گورچیلەیان هەیە کە حاڵەتێکە تێیدا گورچیلەکان چیدی توانایان نییە خوێن خاوێن بکەنەوە لە پاشەڕۆ زیانبەخشەکان.

هۆکارە سەرەکییەکانی سستبوونی گورچیلە بریتین لە شەکرە و بەرزەپەستانی خوێن، بەڵام توێژینەوەیەکی مانگی تەمموزی ساڵی پار پەیوەندی بینییەوە لەنێوان زۆر خواردنی گۆشتی سوور و سستبوونی گورچیلەکان.

توێژینەوەکە لە جۆرناڵی زانستی (the American Society of Nephrology) بڵاوبووەوە و دەریخست لەوانەی بەشداری توێژینەوەکەیان کرد، ئەو 25%ەی زۆرترین گۆشتیان خواردبوو ئەگەری تووشبوونیان بە سستبوونی گورچیلە بە ڕاددەی 40% زیاتر بوو لەو 25%ەی کە کەمترین گۆشتیان خواردبوو.

### نەخۆشییەکانی دڵ

لە ئەمریکا ساڵانە 610 هەزار کەس بە نەخۆشییەکانی دڵ دەمرن، لەسەر ئاستی جیهانیش یەکەم هۆکاری مردنە. توێژینەوەیەکی ساڵی 2014 کە لەسەر 37 هەزار کەس کراوە، دەریخستووە ئەو پیاوانەی ڕۆژانە 75 گرام گۆشتی سوور (لەقوتوونراو و ڕێگەکانی دیکەی هەڵگرتن و تەمەندرێژکردن) دەخۆن، ئەگەری تووشبوونیان بە سستبوونی دڵ 1.28 ئەوەندەی ئەو کەسانەیە کە ڕۆژانە 25 گرام و کەمتر دەخۆن.

ساڵی 2013 توێژینەوەیەک دەریخست خواردنی گۆشتی سوور ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات، جا گۆشتەکە چەور بێت یان نا.

توێژینەوەیەکی دیکە دەریخستووە ڕەگەزی ئێل-کارنیتین لە گۆشتی سووردا لەلایەن بەکتریای ڕیخۆڵەوە هەرس دەبێ و دەگۆڕدرێ بۆ ماددەیەک بەنێوی TMAO کە توێژینەوە لەسەر مشک دەریخستووە ڕێ خۆش دەکات بۆ ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، ئەو حاڵەتەش ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ و مێشک زیاد دەکات.

### چەندە گۆشت بخۆین؟

سەرەڕای ئەو زیانانەی گۆشت کە باسمان کردن، نابێ لەبیرمان بچێ کە گۆشتی سوور پڕە لە ڕەگەزی خۆراکیی بەسوود. بۆ نموونە 100 گرام لە گۆشتی سوور 25%ی پێداویستی ڕۆژانەی جەستە بە ڤیتامین B3، هەروەها 32%ی پێداویستی جەستە بە زینک پڕدەکاتەوە. ئەو ئاسنەی لە گۆشتدا هەیە زۆر باشتر لە ڕیخۆڵەدا هەڵدەمژرێت لەوەی لە سەرچاوە ڕووەکییەکاندا هەیە. جگە لەوانە، گۆشتی سوور بە سیلینیۆم، ڤیتامین B6 و چەندینی دیکە دەوڵەمەندە.

بەپێی ئەو بەڵگە زانستییانەی تاوەکو ئێستا هەن، باشترین شت سنووردارکردنی خواردنی گۆشت و زیادەڕەوی نەکردنە لە خواردنی، نەوەک تەواو دوورکەوتنەوە لە گۆشت.

ئینستتیوتی ئەمریکی بۆ توێژینەوە لە شێرپەنجە ڕێنمایی داوە کە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە لە هەفتەیەکدا زۆرتر لە 18 ئۆنس (نیو کیلۆگرام) گۆشتی سوور نەخورێت. داواش دەکات هیچ بڕێک گۆشتی دەستکاریکراو نەخورێت. مەبەست لە گۆشتی دەستکاریکراو گۆشتی قوتووە، یان هەر ڕێگەیەکی دیکە بۆ تەمەندرێژکردنی گۆشت. نموونەکانی گۆشتی دەستکاریکراو: گۆشتی قوتوو، سالامی، گوشتی وشککراو، سۆسج، باسترمە، هۆتدۆگ.

# رووسیا بە پەیەدە و تورکیا بە ئەحرار ئەلشام شەڕی یەکدی دەکەن

رووداو– هەولێر

هەفتەی رابردوو لە دانوستاندنی ئاستانەدا، رووسیا، ئێران و تورکیا لەسەر میکانیزمێکی سێ لایەنە بۆ راگرتنی ئاگربەستی سووریا رێککەوتن. بەگوێرەی بەیاننامەی کۆتایی دانیشتنە دوو رۆژییەکە، هەر سێ وڵات لەسەر بەردەوامیی هەوڵەکان بۆ تێکشکاندنی داعش و بەرەی فەتحی شام (لقی قاعیدە لە سووریا) رێککەوتن. رێککەوتنەکە واژۆی هیچ لایەنێکی سووری لەسەر نییە، ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە درێژەپێدان یان راگرتنی جەنگی نێوخۆی سووریا هێندەی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، هێندە پەیوەندی بە رێککەوتنی نێوان هێزە نێوخۆییەکانەوە نییە.

ئەمریکا، چین و ژمارەیەک لە وڵاتانی عەرەبی بانگهێشتی کۆنفرانسی ئاستانە کرابوون، لەوانەش ئوردن، سعودیە، میسر، لوبنان و عێراق. بەشار جەعفەری، نوێنەری سووریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرۆکی شاندی حکومەتی سووریا بوو لە کۆبوونەوەکاندا، تاکە هێزی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی سووریاش لە کۆنفرانسەکەدا جەیش ئەلئیسلام بوو بە سەرۆکایەتی محەممەد عەلوش.

هاوپەیمانێتی نیشتمانیی سووریا، پەیەدە و ئەحرار ئەلشام ئامادەی کۆنفرانسەکەی ئاستانە نەبوون. ئەحرار ئەلشام کۆبوونەوەکانی بایکۆت کردبوو، بەڵام ئەم گرووپە بەدەست دووبەرەکیی نێوخۆییشەوە دەناڵێنێ، لە کاتێکدا بەشێک لە سەرکردایەتی خوازیاری هاوکارین لەگەڵ بەرەی فەتحی شام، بەشێکی دیکەیان دەیانەوێت بەشداریی کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بکەن. پەیەدە بەهۆی گوشارەکانی تورکیاوە ناوی نەخرابووە لیستی بەشدارانی کۆنفرانسەکەوە. بەرەی فەتحی شام و داعشیش لەو گرووپانە بوون کە نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک بیر لە بەشداركردنیان بکرێتەوە.

هەڵبژاردنی وادەی کۆنفرانسەکەش گرنگیی خۆی هەبوو. کۆنفرانسی ئاستانە تەنیا سێ رۆژ دوای دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ هات، بەمەش ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا، دەیەوێت بە مەرجەکانی خۆی لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئەمریکا (واتە قۆناغی پاش ئۆباما) مامەڵە بکات، بە تایبەتیش لە کاتێکدا شاری حەلەب لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریادایە.



جیا لەمە، کۆنفرانسی ئاستانە مانگێک پێش کۆبوونەوەی جنێڤ هات کە بڕیارە رۆژی هەشتی شوبات بەنێوبژیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەبچێت، بۆیە دوور نییە کۆبوونەوەی ئاستانە بە مەبەستی دانانی بناغەیەک بۆ دەسەڵاتی رووسیا لە کۆبوونەوەی جنێڤ بەکاربهێنرێ.

## رووسیا و ئەنقەرە و قەیرانی متمانە

فابریس بالانش، لێکۆڵەری کاروباری سیاسی سووریا لە پەیمانگەی واشنتن، پێیوایە ئامانجی کۆبوونەوەکەی ئاستانە بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکانی جنێڤ، راگرتن یان سنووردارکردنی جەنگی نێوخۆیی سووریا بووە. ئەو دەڵێت "رێککەوتنەکە سەربازییە و دەکرێ ئاکامی سیاسیشی هەبێت، بۆیە ئەو گرووپانەی بانگهێشت کراون، گرووپی سەربازین نەک سیاسی".

بالانش پێیوایە "تورکیا دەیتوانی گوشارێکی زیاتر بخاتە سەر ئەحرار ئەلشام بۆ ئەوەی بەشداری کۆنفرانسی ئاستانە بێت، بەڵام تورکیا دەیەوێت ئەو هاوپەیمانێتییە وەکوو وەرەقەیەک بپارێزێت، ئەمەش بۆ ئەو کاتەی کە دانوستاندنی ئاستانە و قۆناغی دواتر بەباشی بەرەوپێش نەچوو یان هاوکارییەکانی نێوان رووسیا و تورکیا کێشەی تێکەوت".

توێژەرە فەرەنسییەکە هەروەها دەڵێت "رووسیاش پەیەدە وەکوو وەرەقەیەک لە دژی ئەنقەرە بەکاردێنێ". پەیەدە و پێشڕەوییەکانی لە باکووری سووریا ئەو هۆکارە بوون کە لە رۆژی یەکەمەوە تورکیای ناچار کرد پەنا بۆ رووسیا بەرێت. ئێستاش ئەگەرچی رووسیا بۆردومانی چەکدارانی داعش لە نزیک ئەلباب دەکات و تورکیا دەیەوێت ئەمە وەکوو ئاماژەیەک بۆ نزیکبوونەوەی مۆسکۆ و ئەنقەرە نیشان بدات، بەڵام بۆردومانەکانی رووسیا هێندەی لە خزمەتی پێشڕەوییەکانی هێزەکانی لایەنگری ئەسەدە، هێندە بۆ پشتگیری پێشڕەویی هێزەکانی تورکیا بۆ ناو شاری ئەلباب نییە.

## پلانی رووسیا و ئۆپۆزیسیۆنێکی پارچە پارچە

لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا، مۆسکۆ ئاگربەستەکانی بۆ جێگیرکردنی هێزەکانی حکومەتی سووریا و دروستکردنی ناکۆکی لەنێو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بەکارهێناوە. ئەم ئامانجەی رووسیاش سەری گرتووە. بەگوێرەی راپۆرتێکی ناوەندی ستراتفۆری ئەمریکی "کەوتنی حەلەب و سیاسەتەکانی ئەمدواییەی تورکیا لە ئاست ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، بووەتە هۆی ئەوەی ناکۆکی نێوخۆیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن زیاتر بێت". راپۆرتەکەی ستراتفۆر سێ هۆکار بۆ ئەم ناکۆکییانە دەستنیشان دەکات:

**یەکەم:** جیاوازیی بۆچوون لە نێوان سەرکردەی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە بەهۆی کۆبوونەوەیان لە ئیدلیب بەریەککەوتنیان لە جاران زیاترە.

**دووەم:** ناکۆکیی نێوان گرووپەکان لەسەر بەشداریکردن یان نەکردن لە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتی تورکیا. بەرەی فەتحی شام ژمارەیەک لە گرووپە ئیسلامییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بەوە تۆمەتبار دەکات کە بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات، هۆکاری کەوتنی ئۆپۆزیسیۆن بوو لە حەلەب.

**سێیەم:** لە چەند مانگی رابردوودا سەدان چەکداری بەرەی فەتحی شام لە هێرشەکانی هێزی ئاسمانیی ئەمریکادا کوژراون. ئەمەش بەرەی فەتحی شامی هانداوە لە گرووپەکانی نزیک لە ئەمریکا بدات، یەکێک لەو گرووپانەش سوپای ئازادی سووریا بووە، بەڵام گەورەترین ناکۆکی لە نێوان بەشێک لە چەکدارانی ئەحرار ئەلشام و بەرەی فەتحی شامە کە لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا هەتا سەر لێواری شەڕی دەستەویەخە چوون.

## ئاستانە.. مەیدانی دەرکەوتنی رووسیا وەک برا گەورە

قایمبوونی شوێنپێی بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا، دەرفەتی ئەوەی بە رووسیا داوە نیازی خۆی لە سووریا ئاشکراتر بکات، بۆیە بۆ یەکەمجار لە یەک ساڵ و نیوی رابردوودا رووسیا لە کۆنفرانسی ئاستانەدا رەخنەی لە هێزەکانی لایەنگری ئەسەد گرت و بەوە تۆمەتباری کردن کە ئەوان هێرشیان کردووەتە سەر ناوچەکانی نزیک لە وادی بەرەدا، نەک چەکدارانی قاعیدە. هەروەها رووسیا شەرعیەتی بە هەردوو گرووپی ئەحرار شام و جەیشی ئیسلام بەخشی، لە کاتێکدا هەردوو گرووپەکە لەلایەن حکومەتی سووریاوە بە گرووپی تیرۆریستی ناسراون.

بەم هەنگاوە رووسیا پێگەیەک لەنێو لایەنە ناکۆکەکانی سووریادا بەدەست دێنێ کە هیچ لایەنێکی دیکە نیەتی. واتە پێگەی نێوبژیوانکاری سەرەکی یان برا گەورە. ئەمە رەوشێکە کە رووسیا خۆی دروستی کردووە و خۆیشی دەیەوێ بەرەکەی بچنێتەوە، واتە لەلایەکەوە حکومەتی ئەسەدی لە رووخان رزگار کرد و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بەشداریی رووسیا ئۆپۆزیسیۆنی سووریا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی ناتوانن دەست بەسەر هەموو سووریادا بگرن، ئێستاش رووسیا (بە پێچەوانەی ئێران و حکومەتی سووریا) چارەسەرێکی سیاسی دەوێت کە ناوی رووسیای لەسەر بێ.

# تورکیا چاوەڕێی ناوچە ئارامەکەی ترەمپ دەکات لە سووریا

رووداو– هەولێر

رۆژی چوارشەممەی رابردوو، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند کە ناوچەیەکی ئارام لە سووریا دروست دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی لە ناوچەکانی جەنگ رادەکەن، لەوێ نیشتەجێ بکرێن. ترەمپ کە بۆ کەناڵی (ABC)ی ئەمریکی قسەی دەکرد، رەخنەی لە وڵاتانی ئەورووپی گرت کە ئەو ژمارە زۆرەی کۆچبەرانیان وەرگرتووە و گوتی "من نامەوێ ئەمە لە ئەمریکا روویدات".

بەگوێرەی دۆکیۆمێنتێک کە وێنەیەکی دەست ئاژانسی رۆیتەرز کەوتووە، سەرۆکی ئەمریکا فەرمانی بە وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوە کردووە لە چەند مانگی داهاتوودا پلانی دامەزراندنی "ناوچەی ئارام" لە سووریا ئامادە بکەن، ئەم هەنگاوەش ئەگەری فراوانبوونی بەشداریی ئەمریکا لە قەیرانی سووریای لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر ئەم هەنگاوە جێبەجێ بکرێت، ئیدارەی نوێی ئەمریکا هەنگاوێک دەنێت کە ئیدارەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، ئامادە نەبوو بیهاوێت، لەبەر ئەوەی نەیاندەویست سوپای ئەمریکا تووشی شەڕێکی دیکە ببێت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ئەگەری پێکدادانی نێوان رووسیا و ئەمریکاشی هەیە.

لە بەشێک لە فەرمانەکەی ترەمپدا هاتووە "فەرمان بە وەزیری دەرەوە دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری بەرگری پلانێک بۆ دانانی ناوچەی ئارام لە سووریا و ناوچەکانی دەوروبەری ئامادە بکەن بۆ ئەو سووریانەی لە ناوچەکانی خۆیان ئاوارە دەبن".

دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سووریا دابڕانێکە لە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێیە لە سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. وا پێشبینی دەکرێت کە بۆ پاراستنی ناوچەی ئارام لە سووریا، ئەمریکا هەم ژمارەی هێرشە ئاسمانییەکانی بەرز بکاتەوە، هەمیش هێزی سەربازی رەوانەی ئەو وڵاتە بکات.

لە دۆکیۆمێنتەکەدا هیچ ئاماژەیەک بەوە نەکراوە سنووری ناوچەی ئارام لە کوێوە بۆ کوێ دەبێت، یان ئایا هەموو ناوچە ئارامەکە لەنێو سووریا دەبێت یان وڵاتانی دەوروبەریش (لەوانەش ئوردن و تورکیا). حکومەتی تورکیا ماوەیەکی زۆر بوو داوای لە ئیدارەی ئۆباما دەکرد ناوچەیەکی ئارام لەسەر سنووری نێوان سووریا و تورکیا دروستبکات، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوون. لە بەڵگەنامەکەدا باس لە ئەگەری دروستکردنی ناوچەی ئارام لە وڵاتانی دراوسێی سووریا کراوە، بەڵام هیچ روونکردنەوەیەک نەخراوەتەڕوو. لە ماوەی کەمپینەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا ترەمپ داوای لە وڵاتانی عەرەبی دەکرد یارمەتی دروستکردنی ئەو ناوچە ئارامە بدەن.

بڕیاری دروستکردنی ناوچەی پارێزراو لە سووریا لە چوارچێوەی پلانێکی بەرفراوانی کۆشکی سپیدایە کە بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا واژۆ بکرێت. پلانەکەش هەڵپەساردنی ڤیزای ئەمریکی بە هاووڵاتییانی سووری و شەش وڵاتی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا (عێراق، ئێران، یەمەن، سۆماڵ، سودان و لیبیا) بۆ ماوەی 90 رۆژ و وەستاندنی پرۆگرامی وەرگرتنی پەنابەری موسڵمانی سووری تا کاتێکی نادیار لەخۆدەگرێ.



(فۆتۆ: AFP)

## کاردانەوەی تورکیا

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو حوسێن موفتی ئۆغلۆ، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، لەبارەی فەرمانەکەی ترەمپەوە رایگەیاند کە وڵاتەکەی چاوەڕێی جێبەجێکردنی فەرمانەکە دەکات. لەمبارەیەوە موفتی ئۆغلۆ گوتی "ئاگادارین کە سەرۆکی ئەمریکا داوای بەدواداچوونێکی (سەبارەت بە دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سووریا) کردووە، ئێمەش چاوەڕێی ئاکامی بەدواداچوونەکە دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین لە کۆتاییدا چ پێشنیارێک پێشکەش بە سەرۆکی ئەمریکا دەکرێ".

لە مانگی ئابی پارساڵەوە هێزەکانی سوپای تورکیا هاوشان لەگەڵ چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتیان دەستپێکردووە. ئۆپەراسیۆنەکە دوو ئامانجی لە پشتە: یەکەمیان دەرکردنی چەکدارانی داعش لەو ناوچانەی دەکەونە سەر سنووری تورکیا لەگەڵ سووریا. ئامانجی دووەمیشیان رێگەگرتن لە دروستبوونی هەرێمێکی کوردی لە باکووری سووریا. بە گوتەی بەرپرسانی سوپای تورکیا، ناوچەیەک بە درێژایی 100 کیلۆمەتر لە چەکدارانی داعش پاککراوەتەوە، تورکیا ئەم ناوچە رزگارکراوانە بە "زۆنی ئارامی دیفاکتۆ" ناودەبات. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیدارەی ترەمپ ئامادەیە ئەو ناوچانە بە ناوچەی ئارام ناوبەرێت کە تورکیا و گرووپە سوورییە لایەنگرەکانی رزگاریان کردوون؟

لە لێدوانەکەی رۆژی پێنجشەممەی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیادا وەها دەردەکەوێت کە تورکیا چاوەڕێی ئەو بڕیارە دەکات. موفتی ئۆغلۆ لەمبارەیەوە گوتی "تورکیا هەر لە سەرەتاوە پشتگیری لە بیرۆکەی دروستکردنی ناوچەی ئارام کردووە، باشترین نموونەش بۆ ئەمە ناوچەی جەرابلوسە" کە لە مانگی ئابی رابردووەوە لەلایەن ژمارەیەک هێزی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و بە پشتگیری تورکیا کۆنترۆڵ کراوەتەوە.

## کۆمارییەکان لە پشت دروستکردنی ناوچەی ئارامن

بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا ماوەیەکی زۆرە هۆشداری دەدەن کە دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سووریا گیانی سەربازانی ئەمریکی دەخاتە مەترسییەوە، بۆیەش بەر لە دروستکردنی ئەم ناوچەیە دەبێت هەموو ئەگەرەکان لێکبدرێنەوە. لەلایەکی دیکەوە کۆنگرێسمانە کۆمارییەکان ماوەیەکی زۆرە پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکەن، بە تایبەتیش بۆ ئەوەی پارێزگاری لە گیانی ئەو مەدەنییانە بکرێ کە لە دەست جەنگی هەمەلایەنەی سووریا رایانکردووە.

لای ترەمپ و تیمەکەی، ئەم پلانە ئەڵتەرناتیڤێکە بۆ وەرگرتنی کۆچبەرانی سووری. لە ماوەی کەمپینی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا، ترەمپ چەندینجار رەخنەی لە ئیدارەی ئۆباما گرت لەوەی نەیتوانیوە پشکنینێکی ورد بۆ ئەو کۆچبەرە سووریانە بکات کە لە چوارچێوەی پلانی هاریکاریی ئەمریکادا وەرگیراون.

بەڵام یەکێک لەو پرسیارانەی ترەمپ و کۆمارییەکان وەڵامیان نەداوەتەوە، ئەوەیە چۆن رێگە لە بەریەککەوتنی فڕۆکە ئەمریکی و رووسییەکان دەگرن، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی رووسیا لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردوودا شوێنی خۆی لە سووریا قایم کردووە، بۆیەش هیچ هەنگاوێکی گەورە لە سووریا بەبێ پرسکردن بە رووسیا ناهاوێژرێ.

# ئایا ترەمپ چوار ساڵەکەی تەواو دەکات؟

رووداو- هەولێر

چەند مانگێک لەمەوبەر، پێش ئەوەی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا سەربکەوێت، زۆربەی شارەزایانی سیاسی دەیانگوت دۆناڵد ترەمپی راستەقینە ئەوکاتە دەردەکەوێت کە بە فەرمی پۆستەکەی وەردەگرێ، چونکە ئەوکات ترەمپ لەگەڵ ئەو واقیعەش دەبینرێ کە دەبێت دروشمە توندەکانی خۆی تێدا جێبەجێ بکات، بۆیە نابێ دروشمەکانی بەر لە هەڵبژاردنەکانی بەجدی وەربگیرێن.

بەڵام لە ماوەی 10 رۆژی رابردوودا کە ترەمپ ئیدارەی کۆشکی سپی وەرگرتووە، راستییەک ئاشکرا بووە کە ئەوەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی نوێی ئەمریکا، بەر لە دەستبەرکاربوونی وەک سەرۆک گوتبووی، مەبەستی بووە جێبەجێشی بکات، واتە تەنیا بۆ راکێشانی پۆپۆلیستەکان، راسترەوە توندئاژۆکان و چینی فەرامۆشکراوی کرێکارانی ئەمریکا نەبووە. بە کورتییەکەی ترەمپ خۆی بازرگانێکی پۆپۆلیستی راسترەوە و هەر لەو چوارچێوەیەشدا سیاسەت دەکات. ئێستا چیدی پرسیارەکە ئەوە نییە ئاخۆ ترەمپ بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات یان نا، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر هەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئایا دەتوانێ ماوەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی خۆی تەواو بکات؟

دۆناڵد ترەمپ هیچ ئەزموونێکی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی، ئیداری و حکومیی نییە، هیچ ئەزموونێکی لە لێکدانەوە یان دارشتنی سیاسەتی دەرەوەدا نییە. وەک لە دوایین دیمانەی رۆژنامەی نیویۆرک تایمز لەگەڵ ترەمپ دەردەکەوێت، هیچ حەزێکیشی بۆ خوێندنەوەی کتێب نییە، کەسانی نزیک لە تیمەکەشی دەڵێن ترەمپ لەو کەسانە نییە کە راوێژ و پرسێکی زۆر بە ئەندامانی تیم یان ئیدارەکەی خۆی بکات، بۆیەش چاوەڕێ ناکرێت نە خۆی لە داهاتوویەکی نزیکدا فێری



(فۆتۆ: AFP)

بنەماکانی سیاسەت و پەیوەندییەکانی دەرەوە ببێ، نە بۆچوونی کەسانی شارەزای تیمەکەشی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ هەبێ.

ئالان لیچمەن، مێژووناسی سیاسی لە زانکۆی ئەمریکی، بەر لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا پێشبینی ئەوەی کردبوو کە ترەمپ سەردەکەوێت، بەڵام ئێستا پێشبینی دەکات ترەمپ نەتوانێ چوار ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی تەواو بکات. سەبارەت بە هۆکاری ئەم بۆچوونەی خۆی، لیچمەن دەڵێت "ترەمپ مێژوویەکی درێژی گوێنەدان بە یاسای هەیە، کەسێکە هەڵسوکەوتەکانی پێشبینی ناکرێن و هیچ ئەزموونێکی کارکردنی لە کەرتی گشتی نییە، ئەمانەش دەکرێ ببنە هۆکاری ئەوەی ترەمپ دواجار بەرەورووی دادگایی و لێپرسینەوەی توند ببێتەوە". هۆکارێکی دیکە کە لیچمەن دەستی لەسەر دادەنێت، پەیوەندی نێوان ترەمپ و کۆمارییەکانە.

کۆمارییەکان ئێستا زۆرینەی کۆنگرێسیان بەدەستە، بەڵام زۆرینەکە رەها نییە، واتە خاوەنی 60 ئەندام نین لە ئەنجوومەنی پیراندا. بۆیەش لە زۆر حاڵەتدا پێویستیان بە هاودەنگیی دیموکراتەکان دەبێت. سیاسەتەکانی ترەمپ درزی نێوان کۆماری و دیموکراتەکان و گرووپەکانی دیکەی نێو ئەنجوومەنی پیرانی فراوانتر کردووە. جگە لەمە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە گەورەکانی نێو دامەزراوەی کۆمارییەکان بیروەوریی خۆشیان لەگەڵ ترەمپ نییە، نموونەی ئەمانەش تێد کروز (سیناتۆری تێکساس)، مایک رۆبیۆ (سیناتۆری فلۆریدا و ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران)، جۆن مەککین (سیناتۆری ئەریزۆنا و سەرۆکی لیژنەی هێزە سەربازییەکانی ئەنجوومەنی پیران)، بەم پێیەش ترەمپ جۆرێک لە دووبەرەکی لەنێو کۆمارییەکانیشدا ناوەتەوە.

لیچمەن دەڵێت "کۆمارییەکان هەموو کات حەزیان کردووە دەسەڵاتیان بەسەر سەرۆکی ئەمریکای سەر بە حیزبەکەی خۆیاندا هەبێت، بەڵام ترەمپ کارتێکی ئاسان نییە بۆ یاریکردن، هەر بۆیە دامەزراوەی کۆمارییەکان حەز دەکەن مایک پێنس (جێگری سەرۆکی ئەمریکا) ببێتە سەرۆک، چونکە پێنس هەم کۆنترۆڵ دەکرێت و هەمیش هەڵسوکەوتەکانی پێشبینی دەکرێن. بۆیە لە چاوی کۆمارییەکانەوە جێگری سەرۆک کەسێکی شیاوترە بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا". ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی وادەکات کۆمارییەکانیش پشتگیری لەوە بکەن ترەمپ لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت و دواجاریش لەسەر کار لابدرێ.

لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە کە مێژوویەکی درێژی لێکۆڵینەوەی لەبارەی سەرۆکەکانی ئەمریکا هەیە، پێشبینی دەکات "ترەمپ دواجار بیانوویەک بۆ لێپرسینەوە بدات بەدەستەوە، ئەم بیانووەش دەکرێ خستنە مەترسی ئاسایشی نیشتمانی یان پڕکردنی گیرفانی خۆی بێت"، هەردوو ئەگەرەکانیش رێیان تێدەچێت، چونکە پێشینەی لەگەڵ پشتگوێخستنی یاسا هەیە و بەهۆی شارەزانەبوونی لە کاروباری سیاسی و گوێنەدان بە راوێژی شارەزایان، دەکرێت ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکاش بخاتە مەترسییەوە.

هەتا ئێستا دوو سەرۆکی ئەمریکا رووبەڕووی لێپرسینەوەی کۆنگرێس بوونەتەوە، یەکەمیان ئەندرو جۆنسن بوو کە لە ساڵی 1868 رووبەڕووی لێپرسینەوەی ئەنجوومەنی پیران بووەوە. جۆنسن بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا، لەلایەکەوە تۆمەتبار بوو بەوەی وەزیری جەنگی لاداوە و لەلایەکی دیکەشەوە شێوازی مامەڵەی ئیدارەکەی لەگەڵ ویلایەتە شکستخواردووەکانی باشووری ئەمریکا شیاو نەبوو. لێپرسینەوە لەگەڵ جۆنسن گرنگترین رووداوی قۆناغی بنیاتنانەوەی ئەمریکا بووە. جۆنسن خۆی جێگری ئابراهام لینکۆڵن بوو، بەڵام دوای کوژرانی لینکۆڵن بوو بە حەڤدەمین سەرۆکی ئەمریکا.

حاڵەتی دووەمی لێپرسینەوە لە سەرۆکی ئەمریکا بۆ دۆسیە ئەخلاقییەکەی بیل کلینتن، چل و دووهەمین سەرۆکی ئەمریکا، لە ساڵی 1999 دەگەڕێتەوە. لێپرسینەوەکە لەسەر پەیوەندیی سێکسی نێوان بیل کلینتن و مۆنیکا لوینسکی بوو. بەڵام کلینتن لە لێپرسینەوەکە بێ تاوان دەرچوو.

رەنگە نزیکترین نموونە لە حاڵەتی ترەمپ دۆسیەی دەست لەکارکێشانەوەی ریچارد نیکسن، سی و حەوتەمین سەرۆکی ئەمریکا بێت. نیکسن دوای ئەوەی هەستی کرد رووبەڕووی لێپرسینەوە و لەسەرکارلادان دەبێتەوە، خۆی لە ئابی 1974 دەستی لەکار کێشایەوە. بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ئیدارەی نیکسن لە چالاکی نهێنی و نایاسایی تێوەگلابوون، لەوانەش سیخوڕیکردن بەسەر نووسینگەی دژبەرانی حکومەت و تۆقاندنی چالاکڤانانی دژی ئیدارەی نیکسن. لە لێکۆڵینەوەکانی ئەنجوومەنی پیراندا دەرکەوت نیکسن خۆیشی سیستەمێکی نهێنی تۆمارکردنی دەنگی لەنێو کۆشکی سپیدا هەبووە. لە دوای دەست لەکارکێشانەوەی نیکسن،جێراڵد فۆرد، جێگری نیکسن، پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکای وەرگرت.

لیچمەن بەدووری نازانێت کەسێتی خۆپەرستی دۆناڵد ترەمپ وابکات ئەویش بە دەردی نیکسن بچێت، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەستانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ترەمپدا هاوڕا نین "ئەمەش دەکرێ بەدگومانی لە نێوان سەرۆک و وەزیرەکان و بەرپرسانی دیکەی دامودەزگا ئیدارییەکانی حکومەتی ئەمریکادا دروست بکات".

## ئامۆژگارییەکانی پەیمانگای واشنتن بۆ ترەمپ:

# هەتا ئێران جڵەونەکرێ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئارام نابێتەوە

### ئەگەری سەرهەڵدانەوەی خێرای ئەلقاعیدە لەئارادایە

### ئەمریکا مامەڵەیەکی گونجاوی لەگەڵ عێراق، سووریا و کێشەی داعشدا نەکردووە

رووداو- هەولێر

رۆژهەڵاتی نێوەڕاست یەکێک لە ئەولەویەتەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەبێت، لەبەر ئەوەی لە چەند ساڵی دواییدا تیرۆریزم لەم ناوچەیە کێشەیەکی گەرم بووە و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازان و راوێژکارانی سوپای ئەمریکا هێشتا لەم ناوچەیە جێگیرن، ئەمە جگە لەوەی ئەمریکا مێژوویەکی درێژی لە بەشداری لە سیاسەتی ئەم ناوچەیەدا هەبووە. بۆیە جەیمز جێفری، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق و دەنیس رۆس، راوێژکاری تایبەتی باراک ئۆباما و هیلاری کلینتن، لە راپۆرتێکی پەیمانگای واشنتندا تیشک دەخەنە سەر ئەو بنەما گشتییانەی بەبۆچوونی ئەوان ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی دەبێ بایەخیان پێ بدات.

ئەو بنەما گشتیانەی دوو بەرپرسەکەی پێشووی حکومەتی ئەمریکا دەستی لەسەر دادەنێن، لەو هەشت خاڵەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە:

**یەکەم: جڵەوکردنی ئێران**

لەو بەشەی راپۆرتەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە "ئێران بە مەبەستی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا دەستی گەیاندووەتە ناو ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی، لەوانەش عێراق، یەمەن، سووریا، لوبنان و بەحرەین". جگە لەمە جەنگی نێوخۆیی سووریا سەلماندی ئێران چ کاریگەرییەکی لەسەر ناوچەکە و جیهان بە گشتی هەیە، لەبەر ئەوەی پشتگیریی تاران لە حکومەتی دیمەشق، کوشتاری هەزاران کەس، ئاوارەبوونی نیوەی دانیشتووانی سووریا و بەشداریی رووسیای لە قەیرانی سووریا لێکەوتەوە. هەر بۆیە راپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "هەتا ئێران جڵەو نەکرێت، ناوچەکە لە شەڕی تایفی قووڵتر و کارەساتبارتری نێوان شیعە و سوننەدا نوقم دەبێ".

سەبارەت بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی 5+1، راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ستراتیژی زیرەکانە ئەوەیە سیاسەتە هەڕەشەئامێزەکانی ئێران بکات بە ئامانج نەک رێککەوتنە ئەتۆمییەکە"، چونکە ئەگەر واشنتن رێککەوتنەکە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوە دەبێت وەڵامی دوو پرسیار بداتەوە: یەکەم: چی هەیە لەجێی ئەو رێککەوتنە؟ دووەم: هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنەکە بە چ شێوازێک سنوور بۆ فراوانخوازییەکانی تاران دادەنێت؟

**دووەم: تێکشکاندنی داعش**

شەڕی دژی داعش، حکومەتی عێراقی خستووەتە ژێر خەرجییەکی زۆرەوە. هەڕەشەی هێرشەکانی ئەم گرووپە لە ناوچەکە و سەرانسەری جیهاندا بەردەوامە، بۆیە لەناوبردنی ئەم گرووپە زەروورەتێکی هەنووکەییە. جێفری و رۆس پێیانوایە بەهۆی درێژەکێشانی هەڕەشەکە "ئیدارەی نوێ دەبێت بە بژارەکانی بەردەستی خۆیدا بچێتەوە، لەوانەش دەبێت بیر لە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی زیاتر بکاتەوە، هەروەها پێویستە حکومەتە سوننەکانی ناوچەکە هان بدات لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکاندا بەشداری بکەن".

**سێیەم: شەڕی دژی گرووپە توندڕەوەکانی دیکە**

تاڵیبان و داعشی لێدەرچێت، ئەمریکا بەشدارییەکی سنووردراوی لە جەنگی دژی رێکخراوە توندئاژۆ ئیسلامییەکانی دیکەدا هەبووە کە خۆی لە هێرشی فڕۆکەی درۆن، راهێنانی هێزی سەربازیی وڵاتان و پێشکەشکردنی راوێژی سەربازیدا بینیوەتەوە. ئامادەکارانی راپۆرتەکە پێیانوایە بەم ئاستە لە بەشداریی ئەمریکا "ئەگەری سەرهەڵدانەوەی خێرای ئەلقاعیدە لەئارادایە".

**چوارەم: پاراستن و راگرتنی هاوپەیمانێتییەکان**

دوو دیپلۆماتە ئەمریکییەکە پێیانوایە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا لاوازە، ئەم بارودۆخەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو وڵاتانە پێیانوایە "ئەمریکا مامەڵەیەکی گونجاوی لەگەڵ عێراق، سووریا و کێشەی داعش نەکردووە". بەبۆچوونی ئامادەکارانی راپۆرتەکە، بە مەبەستی چارەسەری کێشەکانی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکەدا پێویستە کۆشکی سپی "کۆمەڵێک هەنگاوی کاریگەرتر بهاوێ".

جێفری و رۆس بڕوایان وایە "پێویستە ئەمریکا کۆمەڵێک هەنگاوی خێرا و زەق بنێت بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانی دڵنیا بکاتەوە" کە یەکەمیان پەیوەندی بە حوکمڕانی و پرسەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، دووەمیان بۆ پرسی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی ئیسرائیل و دانوستاندنەکانی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان دەگەڕێتەوە". هەنگاوی سێیەمیش پەیوەندی بە پرسی رادەستکردنەوەی فەتحوڵڵا گولەن، سەرۆکی بزووتنەوەی خزمەتەوە هەیە. راپۆرتەکە هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەمریکا پێویستە سیاسەتێکی بۆ پشتگیریکردن لە چاکسازییەکانی سعودیە هەبێت کە لە چوارچێوەی پلانی روئیای 2020 و 2030دا خۆی دەبینێتەوە.

**پێنجەم: هاوکاری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە**

بەپێی راپۆرتەکە، یەکێک لە نەریتەکانی لەمێژینەی ئەمریکا ئەوە بووە کە بەشدارییەکی دیپلۆماتیکی کارای لە چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەبووە، بۆ نموونە کێشەی نێوان کورد و تورکیا، فەڵەستین و ئیسرائیل، پاکستان و هیندستان، تورکیا و یۆنان. بەبۆچوونی دوو دیپلۆماتە ئەمریکییەکە "ئەمە بەشێک بووە لە سیاسەتی ئەمریکا بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە".

راپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە ئەگەرچی ئەم هەنگاوە پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکە بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە چاو چوار بنەماکەی پێشتر پێگەیەکی لاوەکی هەیە.

**شەشەم: بەکارهێنانی هێزی سەربازی**

ئامادەکارانی راپۆرتەکە جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا پێویستیان بە پشتیوانیی هێزی سەربازیش هەیە، کە زۆربەی جاران بۆ مەبەستی رێگریکردن و هەندێکجاریش بۆ بەشداریکردنی راستەوخۆتر (واتە هێرشی سەربازی) بەکاردەهێنرێن. ئەگەرچی ئامادەکارانی راپۆرتەکە پێیانوایە هەوڵەکانی هێزەکانی ئەمریکا بۆ پاراستنی رەوشی ناوچەکە سەرکەوتوو بوون، بەڵام لەهەمانکاتدا جەخت لەسەر ئەوەش دەکەنەوە کە "هێزەکانی ئەمریکا بەپێی پێویست هەماهەنگی و هاوبەشییان لەگەڵ هێزە نێوخۆییەکانی وڵاتەکان نەکردووە".

**حەفتەم: بەکارهێنانی هێزی ئابووری و هێزی نەرم**

هەردوو کۆنە دیپلۆماتی ئەمریکی پێیانوایە هاریکاری دارایی و تەکنیکی، برەوپێدانی بازرگانی و شێوازەکانی دیکەی بەکارهێنانی هێزی نەرم دەتوانن ئامرازی دیپلۆماسی و پاراستنی ئاسایش بن. بەگوێرەی راپۆرتەکە بەرچاوترین هەنگاو لەم پەیوەندییەدا هاریکاریيە مرۆییەکانن "کە سەقامگیریی بۆ وڵاتەکانی ناوچە و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەورووپاش دەگەڕێننەوە"، نموونەش بۆ ئەمە "هاوکارییەکانی ئەمریکایە بۆ چارەسەری قەیرانی ئاوارەکانی سووریا".

راپۆرتەکەی پەیمانگای واشنتن هەروەها ئاماژە بە بەشداری کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا لە کەرتی نەوت و غازی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کەرتی کارەبای عێراق و کێڵگە غازییەکانی رۆژهەڵاتی دەریای نێوەڕاست دەکات کە لە هەموو حاڵەتەکاندا بەشداری ئەمریکا هاوبەشێتییەکی پتەوی دروستکردووە.

**هەشتەم: خۆدوورگرتن لە سیاسەتی گۆڕانکاری و چاککردنەوە**

ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدەست کۆمەڵێک کێشەی درێژخایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و حوکمڕانییەوە دەناڵێنێ، هەڕەشە ئەمنییەکان و سەرهەڵدانی گرووپە ئاینییە توندئاژۆکان ئەم کێشانەیان قورستر کردووە. بەبۆچوونی جێفری و رۆس هەردوو ئیدارەی پێشووی ئەمریکا هەوڵی چاکسازییان لەم بوارانەدا داوە، بەڵام "هیچکامیان سەرکەوتوو نەبوون و ناوچەکەیان ناسەقامگیرتر کردووە".

ئامادەکارانی راپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەم سیاسەتە درێژخایەنە وایکردووە فۆکەسی "سەرمایە دارایی و مرۆییەکان لە کێشە هەنووکەییەکانەوە بۆ کێشە درێژخایەنەکان بگوازرێ"، بەمەش هەڕەشە ئەمنییەکانی سەر ناوچەکە لەجێی خۆیان ماون.



(فۆتۆ: AFP)



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# پەکەکە وەک بەدیلی ئاکپارتی

مێژووی تورکیا پڕە لە وێناو ڕووداوی دژ بەیەک و سەرنجڕاکێش، هیچ شتێکی چەسپاوی نییە، تەنانەت پێناسەکردنیشی تا ئەندازەیەک ئاسان نییە، وڵاتێکە لە ڕۆژهەڵات بە سروشتێکی ڕۆژئاواییەوە، دەوڵەتێکی ئیسلامیی دامەزراو لەسەر پایەکانی عەلمانیەت. پێشێلکارێکی گەورەی مافی مرۆڤ بە سیمایەکی دیموکراسییەوە. وڵاتێکی باوەڕدار بە سندوقی دەنگدان و پابەند بە دەستاودەستی دەسەڵات بە مێژوویەکی پڕ لە کودەتای سەربازییەوە.

سەردەمانێک بیری ڕەگەزپەرستی تێیدا باڵا دەکا، حیزب و کارەکتەرە قەومچییەکان قەبە دەبن، لەپڕ دەگۆڕێ بۆ چەپ و کاتێکی تر دەبینیت زۆرینەی بوون بە ئیسلامی. لەگەڵ ئەو هەموو هەڵبەزودابەزە سیاسییەدا، لەپاڵ کودەتای سەربازی و حوکمی عورفی و لەپاڵ زیندانیشدا، هەمیشە پەراوێزێک هەبووە بۆ ململانێی سیاسی، شەڕی بردنەوەی هەڵبژاردن. تەنانەت ئەو دەسەڵاتانەی کە خۆیان بەرهەمی کودەتای سەربازی بوون، زەمینەی هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیان فەراهەم کردووە. دەکرێت ئەو ئاڵوگۆڕانەش لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکیادا ببەسترێتەوە بەو پەراوێزەوە کە هەلی کێبڕکێی بۆ ڕەخساندوون.

بەڵام هیچکات بە ئەندازەی ئێستا بە دامەزراوەیی کار بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی و کاری سیاسی نەکراوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەودای کێبڕکێی سیاسی لە تورکیا بەرتەسک دەبێتەوە. ئەوەی ڕێبەرایەتی ئەم ئاراستەیە دەکات، نە جەنەراڵەکانی سوپان و نە بەکودەتای سەربازی هاتوون، بەڵکوو حیزبێکە بەرهەمی دیموکراسیە و بەچەند خولێکی هەڵبژاردن باسکی بەهێز بووە. ئەمە یەکێک لەو دیمەنە دژ بەیەکانەی تورکیایە کە هێزێک لە کەشی دیموکراسیدا گەشە دەکات و بە هەڵبژاردن دێتە سەر حوکم و دواتر دەرفەت بۆ نەیارەکانی ناهێڵێتەوە کێبڕکێی بکەن.

پارتی دادوگەشەپێدان پێچەوانەی بیروباوەڕە چەسپاوەکانی ڕابردوویان، پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی گەلانی تورکیا و چاودێرانی دەرەوەی ئەو وڵاتە، بۆ مانەوە لە دەسەڵات وەک خەونێکی درێژخایەن، بەهەڵگەڕانەوەیەک لە هەموو یاسا و ڕێسا دیموکراسییەکان، دەیەوێ کۆتایی بە کەشی (بوونی ڕکابەری ڕاستەقینە) بهێنێت و وەک پێویستیەکی ڕووکەشانەی دیموکراسی تەنیا دەرفەت بۆ چەند هێزێکی بچووک و بێ کاریگەر بهێڵێتەوە، کە دڵنیایی ئەوەی بۆ دروست بکەن نابنە مەترسی لەبەردەم هەیمەنە و دەسەڵاتەکانی.

سەرەتای ئەم خەونەی لە تێکشکاندن و لەڕیشە هەڵکێشانی کەمالیزمەوە دەستپێکرد، هێز و کارەکتەرە سیاسییە دیارەکانی تورکیای هێنایە خوارەوە، ئێستا هیچکام لەو هێزە تەقلیدییە سیاسیانەی ساڵانێکی درێژ حاکم و حوکمڕانی تورکیا بوون، بڕستی کێبڕکێی ئاک پارتییان نەماوە. هیچکام لەو سەرکردە و سیاسیانەی کەسانی ژمارە یەکی دووبارەی تورکیا بوون، خۆیان لە ئاستی ڕکابەریی ئەردۆگاندا نابیننەوە. کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم ئاک پارتی و ستراتیجیەتی سەرکردەکانی نەمایەوە تا خەونەکانیان بەدی بهێنن. ئەو دەرفەتە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساند دەست بۆ شتگەلێک بەرێت کە پێشتر هێڵی سوور بوون، وەک لاوازکردنی ڕۆڵی سوپا و کۆنترۆڵکردنی دەزگاو دەسەڵاتی دادوەری و تەنانەت گۆڕینی سیستەمی وڵاتیش.

وەک دەگوترێت هەموو کارێک کاردانەوەی هەیە، ئەو کەشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی تورکیا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەرفەتی بۆ گەشەکردنی زیاتری بزووتنەوەی (خزمەت) و لەڕووی سیاسییەوە هەلی بۆ هێزێکی وەک (هەدەپە) ڕەخساند و گەنجێکی وەک دەمیرتاشی هێنایە پێشەوە کە ئامادەی ڕکابەریی بێت لەگەڵ ئەردۆگان. بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا بە دامەزراوەیی کار بۆ نەهێشتنی ئەو کەشە لە ململانێی سیاسی و کێبڕکێ دەکرێت، ترس لەوەی خزمەت ببنە پشتیوانی هێزێکی سیاسی و ببێتە ڕکابەری ئاک پارتی، هەروەها ترس لەوەی ئەو قۆناغانەی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیجییەکانیان لە دەسەڵات کەشێک بخولقێنێت دەمیرتاش و هەدەپە زیاتر گەشە بکەن، بینیمان لە چەند مانگێکدا بەشی زۆری کەسایەتی و کارەکتەرەکانی ناو بزوتنەوەی خزمەت و دەمیرتاش و پەرلەمانتارەکانی هەدەپ خرانە کونجی زیندانەوە.

ئەم ڕەوشە لە تورکیا زیاتر بەردەوام دەبێت و لەناوخۆ مەودای کاری سیاسی و ئازادی بەرتەسکتر دەبنەوە، هێزەکانی وەک (جەهەپە و مەهەپە) چارەنووسیان هاوشێوەی (هەدەپ) و (بزووتنەوەی خزمەت) دەبێت. بەڵام ئاک پارتی و ئەردۆگان بێئاگان لەوەی ئەو کەشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی تورکیا، نەیارە سەرسەختەکەیان دەکاتە بەدیلی ئەمری واقیع. ئەگەر ئێستا پرسیار بکرێت کێ بەدیلی ئاک پارتیە؟ هیچ هێزێک لە ناوخۆی تورکیا وەک بەدیل و شوێنگرەوە بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە نەماوە. بەڵام ئەوەی نە ئەردۆگان و نە ئاک پارتی چاوەڕوانی دەکەن، ئەوەیە کە (پەکەکە) دەبێتە بەدیلی ئاک پارتی.

ئەگەر پێش چەند ساڵێک لە ڕووخانی شای ئێران کەسێک پێشبینی ئەوەی بکردایە، خۆری ئەم سیستەمە تەمەن چەند سەت ساڵەیەی پاشایەتی لە ئێران لەئاوابووندایە و کۆمارێکی ئیسلامی شوێنی دەگرێتەوە، وەک خەیاڵێکی شێتانە لێک دەدرایەوە. دوو دەیە لەمەوبەر کێ باوەڕی دەکرد جەلال تاڵەبانی دەبێتە بەدیلی سەدام، یاخود حیزبی (دەعوە) شوێنی حیزبی بەعسی حوکمڕان دەگرێتەوە. پێش پێنج ساڵ هەموو چاوەڕوانیەکان لە سووریا ئەوە بوو (ئیخوان) تاکە بەدیلی ئەسەدە، کێ وێنای هاتنی داعش و فەتحی شامی دەکرد. ئەوەی ئەم پێشهاتانەی خوڵقاند زەمینە و هەلومەرج و واقیعی وڵاتەکانیان بوو.

ئەوەی ئێستاش لە تورکیا دەگوزەرێت خۆشکردنی زەمینەی واقیعێکە کە پەکەکە بتوانێت وەک تاکە بەدیلی دەسەڵات خۆی پێشکەش بە کۆمەڵگەی تورکیا بکات، بەڵام بە مەرجی ئەوەی پەکەکە خۆی بۆ تورکیا ساغ بکاتەوە. چونکە ئێستا پەکەکە خەریکە دەبێتە هێزێکی گەورەی بێ ئامانج لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. خۆی ئەوەی نەشاردووەتەوە کە هیچ ئەجندا و ئامانجێکی ناسیۆنالیستی بۆ کورد پێ نییە. نەیشاردووەتەوە کە باوەڕی بەم شێوازانەی ئێستای دەوڵەت و ئەم سیستەمە تەقلیدیانەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە.

بە هیچ لۆژیکێک ئەوە ڕاست نییە هێزێکی وەک پەکەکە چاوەڕوانی ئەوە بێت ڕۆژێک بێت بتوانێت هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت، کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە لەژێر فەلسەفەی ئەم هێزەدا دیزاین ناکرێنەوە. بەڵام ئەوەی هەلی دەستەبەرکردنی هەیە و دەسەڵاتی ئێستای تورکیا زیاتر زەمینەی بۆ خۆش دەکات، ئەوەیە کە پەکەکە بتوانێت لە تورکیا ببێتە بەدیلی ئەمری واقیع. ئەویش پێویستە پێش هەرشت پەکەکە خۆی بۆ بگونجێنێت، هەروەها ناسنامەیەکی دیار و ئامانجەگەلێکی ڕوون بۆ ئایندەی تورکیا هەڵگرێت.



هیوا حاجی

# ترەمپ چی دەوێت و چی پێدەکرێت؟

## ترەمپ لە چ کانییەک ئاو دەخواتەوە؟

دۆناڵد ترەمپ لە هەندێک ڕووەوە نوێنەرایەتی ڤێرژنێکی پەرگیری لیبراڵیزمی نوێ یان کۆنسێرڤاتیڤی نوێ دەکات. ئەم فەلسەفە سیاسیە دەوەستێتە سەر چەند بنەمایەکی فکری، لەوانە: دەستوەرنەدانی دەوڵەت لە بازاڕ، ڕەخساندنی کەشی لەبار بۆ بزنس لەڕێی کەمکردنەوەی باج، بەتایبەتی باج لەسەر دەوڵەمەندان، هاندانی بازرگانیی نێودەوڵەتی، کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت بەتایبەتی لە بواری بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی، بچووکبوونی هەیکەلی حکومەت و هەروەها هەڵنەکردن یان کەیف نەهاتن بە یەکێتی و دەستە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. لە ڕووی ئەخلاقیشەوە، کۆنسێرڤاتیڤە نوێیەکان دژی مافی لەباربردنی کۆرپەلە و هاورەگەزبازین و لەسەر ئەو دوو بابەتە لەگەڵ لیبراڵەکان ناکۆکن. ئەمانە باوەڕی بەهێزیان بە سەپاندنی ئاسایشی ناوخۆیی و برەودان بە بەها ئەخلاقییەکان هەیە.

ئەم بنەما فکریانە، لە زۆر جێ، بە ڕوونی بە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ترەمپەوە دیار بوون. ترەمپ بە دیاریکراوی لایەنگری کەمکردنەوەی باجی سەر بزنسە. ئەو پێیوایە، بەرزبوونی ئاستی باج لە ئەمریکا بووەتە هۆی ئەوەی ئەمریکییەکان ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەری دەرفەتی کاریان لەدەست بچێت. بە دیدی ئەو، سەرمایەگوزارانی ئەمریکی، لەبەر بەرزبوونی ئاستەکانی باج، سەرمایەی خۆیان بۆ دەرەوەی ئەمریکا گواستەوە و لەوەوە دەرفەتەکانی کار و گەشەپێدان لە کیس ئەمریکییەکان چوون. بۆیە لە دوای هەڵبژاردنی، دەستکاریی سیستەمی باج بەشێوەیەک دەکات کە ببێتە هاندەرێک بۆ گەڕانەوەی سەرمایەی ئەمریکی بۆ ناو ئەمریکا و ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ ئەمریکییەکان. ترەمپ، وەک کۆنسێرڤاتیڤێکی نوێ، لایەنگری بازرگانیی ئازادە، بەڵام بە مەرجی نوێ. ئەو پێیوایە دیسان بەشێکی زۆری ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە ئابوورییانەی لەنێوان ئەمریکا و وڵاتانی دیکە ئیمزاکراون لە بەرژەوەندی ئەمریکا نەبوون. لە هەڵمەتەکانیدا، بە توندی ڕەخنەی لە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد لە باکووری ئەمریکا (ناسراو بە NAFTA ) گرت کە لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان، کەنەدا و مەکسیک واژۆکراوە. ترەمپ بەڵێنی داوە بەو ڕێککەوتنانەدا بچێتەوە. بە هەمان شێوە، ترەمپ ڕەخنەی لە سیاسەتەی بیمەی تەندروستی ئۆباما هەبوو، پێیوابوو ئەو سیاسەتە نوێیە، باری سەر حکومەتی زۆر گران کردووە. هەر ڕاستەوخۆ دوای دەستبەکاربوونی، فەرمانی هەڵپەساردنی بیمەی تەندروستی سەردەمی ئۆبامای دەرکرد. لەگەڵ هێلاری کلینتۆنیشدا زۆر ناتەبا بوو لەسەر مەسەلەی لەباربردنی کۆرپەلە و پێیوابوو ئەو مەسەلەیە دەبێ زۆر سنووردار بکرێ و ئازادیی دایک لە لەباربردنی کۆرپەلە کەم بکرێتەوە. ڕەخنەی زۆری لە بەرزبوونەوەی ڕووداوەکانی کوشتن هەبوو لە ئەمریکا و پێیوایە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش وەک پێویست کاری خۆیان ناکەن. لێرەشدا، ترەمپ لایەنگری بەهێزکردنی هێزەکانی پاراستنی نیزامە. لەبابەتە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ترەمپ، دژایەتیکردنی کۆچبەران و دروستکردنی دیوارەکەی سەر سنووری مەکسیک و ئەمریکایە کە دەیگوت "ئەمریکا دروستی دەکات و دەبێ حکومەتی مەکسیک تێچوونەکەی بدات". سنووردارکردنی کۆچ بۆ ئەمریکا بە دڵنیاییەوە لە کارە لەپێشینەکانی ترەمپ دەبێت و پێدەچێ بەشێکی زۆری دەنگەکانی لەسەر ئەو مەسەلەیە هێنابێت.

## چی لە عەقڵی ترەمپدایە؟

زۆرێک لەو شیکارانەی تا ئێستا گوێمان لێبوون، ترەمپ بە کەسایەتییەکی بێ ئەزموونی سیاسی دەزانن و لەوەوە پێشبینی کارەکانی سەرۆکی نوێی ئەمریکا بە زەحمەت دەبینن.

بە باوەڕی ئێمە، ئەم تێڕوانینە لە دوو لایەنەوە هەڵەیە: یەکەم، ترەمپ بزنسمانێکی هەرە دیاری ئەمریکایە. بزنس و شێوەی کارکردنی بازاڕ لە وڵاتانی پێشکەوتووی "دوای بەپیشەسازیبووی" ڕۆژئاوا، پەیوەندیی توندوتۆڵی بە فەلسەفەی سیاسی و یاسا نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت کەشی پەیوەندیی سیاسی نێوان وڵاتانەوە هەیە. سادەتر بڵێین، ترەمپ دوکاندارێکی ئاسایی و فرۆشیاری نوقڵ و بنێشت نییە تا ئاگاداری ئەوە نەبێت لە دنیای دەوروبەریدا چی ڕوودەدات. زۆر زەحمەتە، پیاوێکی کار لەو ئاستەدا، بە وردی لە یاساکانی بازاڕ تێنەگات کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی، پەیوەندییان بە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانەوە هەیە. ڕەنگە ترەمپ ئەزموونی سیاسی بە واتای حیزبایەتی و خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکاندا نەبێت، بەڵام ئەوەی تاپێش هەڵبژاردنی بە سەرۆک، کردوویەتی، پەیوەندی قووڵی بە سیاسەتەوە هەیە.

دووەم، هەرچەندە ترەمپ بەڕوونی و بە وردەکارییەوە باسی سیاسەتەکانی خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی نەکردووە، بەڵام دیسان وەک گوترا، لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، ترەمپ سەر بە مەدرەسەی لیبراڵیزمی نوێ یان ئەوەی هەندێجار پێیان دەڵێن کۆنسێرڤاتیڤی نوێیە. ترەمپ، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنیدا، لە زۆر جێ بە ڕوونی پابەندی خۆی بە بنەماکانی ئەو فەلسەفەیە نیشانداوە و بەدڵنیاییشەوە، کاریگەری ئەو بنەما فکریانە بەسەر سیاسەتەکانییەوە دیار دەبن.

## چی لەبارەی سیاسەتی ترەمپەوە نازانری؟

وەک زۆربەی سەرۆکەکانی دیکە، ترەمپ میکانیزمی پیادەکردنی سیاسەتەکانی خۆی ئاشکرا نەکردووە. ئەو دەڵێ ئەمەو ئەوە دەکەم... بەڵام نازانین چۆن دەیکات. بۆ نموونە چۆن سیستەمی باج دەستکاری دەکات؟ لەسەر چ بنەمایەک و چۆن ڕێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان دادەڕێژێتەوە؟ چۆن بیمەی تەندروستی ڕێکدەخاتەوە؟ لە گوتاری دەستبەکاربوونی، بە وشەی خۆی "گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان" لەناودەبات، بەڵام دیار نییە چۆن؟ دەڵێ هەوڵ دەدەم لەگەڵ ڕووسیا پەیوەندیم باش بێت، بەڵام دیسان دیار نییە چۆن دەتوانێ ئەمە بکات. کەواتە، وردەکاری یەکجار زۆر و گرنگ هەیە کە پێشبینیکردنیان ئاسان نییە.

## ترەمپ دەیەوێ چی بکات و چی پێ دەکرێ؟

بەڵێنەکانی ترەمپ ڕیشەیی و قورسن، بەڵام وەک هەر سەرۆکێکی دیکەی ئەمریکا، ترەمپ دەتوانێ هەندێ لە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات و لە جێبەجێکردنی هەندێکیشیان شکست دێنێت. زەوی لەبەردەم ترەمپدا تەخت نییە. لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی کێشەی بۆ دروست دەبێت. جارێ هەر لە پێشەوە ناڕەزایی و ڕەخنەی زۆر هەیە لەسەر تێڕوانینەکانی بۆ باج و سیستەمی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی پرسی کۆچ. لەبەرئەوەی بۆچوونەکانی زۆر ڕادیکاڵن، ترەمپ تەنانەت لەنێو کۆمارییەکانیش (حیزبەکەی خۆی) ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی هەیە. پاشان ڕاستە سەرۆک لەنێو سیستەمی سیاسی ئەمریکیدا، دەسەڵاتی زۆری هەیە، بەڵام دیسان لە هەندێ جێگادا دەسەڵاتەکانی سەرۆک سنووردارکراون و نموونەش زۆرە کە چۆن، بۆ وێنە، کۆنگرێس شکستی بە پرۆپۆزاڵەکانی سەرۆک هێناوە. بۆیە ترەمپ پێویستی بە گەمەیەکی سیاسی هەیە لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە کە ڕەنگە زۆرجار وەک ئەو بیر نەکەنەوە و گرفتی بۆ دروست بکەن. لەوەش زیاتر، تەنانەت بەر لە دەستبەکاربوونیشی، هەندێ لێکمڕاندن و دڕدۆنگی لەنێوان ترەمپ و سەرکردەکانی ئەورووپا هەستی پێکرا. ئایا ترەمپ دەتوانێ مەرجەکانی خۆی بەسەر ئەورووپادا بسەپێنێ؟ یان دەتوانێ بەبێ، لانیکەم، بەشێک لە وڵاتانی بەهێزی ئەورووپا، ئەجێندای خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بباتە پێش؟ زەحمەتە. بۆیە ترەمپ وەک ئەوانی پێش خۆی لەزۆر شتدا سازش دەکا و لە هەندێ شتیشدا، ئەوەندەی بۆی بچێتە سەر، سیاسەتەکانی پیادە دەکات.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# گۆڕان و هاوپەیمانیی سێقۆڵی

زەحمەتە یەکێتی و پارتی بتوانن بەبێ لەبەرچاوگرتنی فاکتەری گۆڕان بەرەو ڕێککەوتنێکی نوێ بچن. بژارەکانی دەرچوون لە قەیرانی سیاسیش سنووردارن و ئەمەش گرێکوێرەیەکی دروستکردووە کە لەوانەیە یان بە یەکانگیرکردنی سیانەی پ.د.ک- ی.ن.ک- گۆڕان یان بە هەڵبژاردن چارەسەر بکرێت.

بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، بە جۆرێک وەک شکستی پرۆژەی هاوپەیمانییەکی نیشتمانی دەژمێردرێت کە لە قاڵبی حکومەتی بنکەفراواندا دەرکەوت. بۆیە هیواکان بە ڕێککەوتنێکی گشتگیری لایەنە سیاسییەکانی هەرێم لاوازن.

لێرەدا ڕێککەوتنی یەکێتی و پارتی وەک بژارەیەکی بەدیل دەرکەوت، بەڵام هەر زوو ئەمەش پەکیکەوت و چانسی سەرکەوتنی لاواز بوو. بارودۆخی ناوخۆی ی.ن.ک وەک فاکتەرێک ڕێگا دەگرێت لەوەی کە بتوانێت بە ئاسانی لەگەڵ پ.د.ک ڕێککەوێت. ڕێککەوتنی پ.د.ک لەگەڵ هەرکام لە باڵەکانی ی.ن.ک دەتوانێت ناڕەزایی باڵی بەرامبەری ئەو حیزبەی لێ بکەوێتەوە، بەڵام مەسەلەکە تەنها بەمە سنووردار نییە و فاکتەری گۆڕانیش لەمەدا کاریگەریی بەرچاوی هەیە. ئەگەر ڕێککەوتنی دەباشان و دواتریش ڕێککەوتنی گۆڕان- یەکێتی وەک هاوپەیمانییەک بۆ دابەشکردنەوەی هێز و هاوسەنگیی سیاسی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەلایەک دانێین، بۆ یەکێتی ئاسان نییە بەبێ ڕەچاوکردنی گۆڕان لەگەڵ پارتی ڕێککەوێت. چونکە، بزووتنەوەی گۆڕان توانای دروستکردنی تەگەرەیەکی سیاسی و ئیداریی جیدی لە دەڤەری سلێمانی هەیە ئەگەر پشتگوێ بخرێت.

زۆرجار بێهیوایی لە پرۆژە سیاسییەکان دەتوانن ڕێگا بۆ قۆناغی سەخت و دژواری نائارامیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەنەوە. لە ماوەی ڕابردوودا ڕێککەوتنی گۆڕان-پارتی و پرۆژەی "بەرەو دەسەڵات"ی گۆڕان بەهۆکاری جیاجیا سەرینەگرت و ئەمەش بێهیواییەکی هەستپێکراوی لەناو جەماوەری گۆڕاندا دروستکرد. لەوانەیە هەرجۆرە ڕێککەوتنێکی پارتی و یەکێتی کە گۆڕان پەراوێز بخات، ڕێگا بۆ تەقینەوەی ئەو بێهیواییە خۆشبکات کە ئەمەش شتێک نییە چاوپۆشیی لێبکرێت.

هەڵبەت هەر ئەم بێهیواییە ئەگەری کۆچی جەماوەری بزووتنەوەی گۆڕانی بەرەو لای ڕەوتە ئیسلامییەکان بە تایبەتی کۆمەڵی ئیسلامی خۆشکردووە. لەوانەیە ئەگەر گۆڕان بە تەواوی واز لە پرۆژەی بەشداریکردنەوەی حکومەتیش بهێنێت کە تا ئێستا بەتەواوی دەرگاکەی دانەخستووە، دیسان نەتوانێت بە تەواوی ڕێگا لەو جێگۆڕکێ گریمانەییەی جەماوەرەکەی بەرەو ڕەوتێکی ئۆپۆزیسیۆنی دیکە بگرێت.

واپێدەچێ ڕەوتە ئیسلامییەکان زیاتر خۆیان بۆ ئۆپۆزیسیۆنبوون حازر بکەن و لەوبارەیەشەوە هەوڵی لێکنزیکبوونەوەی زیاتر لە یەک دەدەن. بۆیە لێرەدا فۆرمولی گۆڕان- پ.د.ک- ی.ن.ک دەتوانێت ئەنجامی بردنەوە- بردنەوەی بۆ هەر سێ لا تێدا بێت. ئەگەر ئەمەش سەرنەگرێت، باشتر وایە حیزبەکان لە هەڵبژاردندا حیسابی خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

دواجار بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتان کاریگەری لەسەر پێگەیان لە دەرەوە دادەنێت. ئەگەر کورد خوازیاری ئەوە بێت لەو گۆڕانکارییە گەورە سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەی لە ناوچەکەدا هەیە، هەقی خۆی وەرگرێت و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، پێویستە پێگە ناوخۆییەکەی قایم کات.

لەگەڵ ئەوەی کەمتر لە ساڵێک بۆ هەڵبژاردن ماوە، هێشتا دیار نییە کە ئایا بارودۆخی ئابووری، سیاسی و سەربازی ڕێگا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەدەن یان نا، بۆیە پێویستە بەشێوەی کاتی سەیری هەوڵەکانی چارەسەری قەیرانی سیاسی نەکات و خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بکات. ئەمەش بە حکومەتێکی یەکدەست، یان لانیکەم هاوپەیمانییەکی سنووردار دەکرێت کە خاوەنی بڕیار بێت.

جووتە قەیرانە سیاسی- ئابووری لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی پاڵنەری ناوخۆیی و دەرەکییەوە ترسی دارمانێکی هەمەلایەنەی دروستکردووە. ئەمەش پێویستیی دۆزینەوەی چارەسەرێکی زیاتر کردووە. لەوانەیە پەیامەکەی بارزانی و پێشوازیی حیزبە سیاسییەکان لێی، عەسایەکی سیحری نەبێت تا کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام بێ شک دەتوانێت دەرگایەک بەڕووی دۆخی چەقبەستووی ناوخۆییدا بکاتەوە.

پێدەچێ چارەسەری گونجاویش لە دووتوێی ڕێککەوتنێکی سێقۆڵی پ.د.ک- ی.ن.ک-گۆڕاندا بێت کە مەرجی سەرگرتنی ئەمەش لە گۆڕینی بۆچوونەکاندایە. هەروەک چۆن ڕێککەوتنی پ.د.ک- ی.ن.ک بەبێ گۆڕان کارێکی ئاسان نییە، بەوشێوەیە"بەرەو دەسەڵات"ڕۆیشتنی گۆڕانیش، بەبێ دووانەی پارتی- یەکێتی ئەستەمە.

لەڕاستیدا "چارەسەر بەو لۆژیکە ناکرێت کە لە سەرەتای دەرکەوتنی کێشەکاندا هەبووە" و ئەمەش وادەخوازێت کە هەریەک لەو سێ لایەنە پێداچوونەوە بە دیدگاکانیان سەبارەت بە کێشەکان بکەن. هیچ حیزبێک ناتوانێت بە تەنها سیستەمی سیاسی ئیدارە بکات و کێشەکانی کوردستانیش هەوێر نین تا چۆن ویستت شکڵی پێبدەی!



مامەند ڕۆژە

# سلێمانی و ڕێساکانی جەمسەرگیری لە کوردستان

لەدوای خولی دووەمی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی پارتی و یەکێتی، لە هەرێمی کوردستان هەست بەوە دەکرێ کەوا ئەو دوو هێزە دەیانەوێ بە ڕێککەوتنی دووقوڵی، هاوسەنگیی دووجەمسەری بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنن. ئەمەش بووەتە مایەی نیگەرانیی بزووتنەوەی گۆڕان ء لایەنە ئیسلامییەکانیش.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پارتی — یەکێتی کە پێش کۆبوونەوە لەگەڵ سێ لایەنەکەی دیکە دەیانەوێ شتەکان ببڕنەوەء دوای ئەوە بە دووقوڵی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا کۆببنەوە، دەیانەوێ چ پەیامێک بگەیەنن؟ ئایا ئەمە سەرەتای دووجەمسەرکردنی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستانە؟ ئەگەر وابێ ئاکامەکانی ئەم پرۆسەیە چی دەبن؟

## کوردستان و هاوسەنگیی هێزەکان

لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1964ەوە بناغەی سیستەمی دووجەمسەری بنیاتنراوە کە تا ئەمڕۆش شوێنەوارەکانی ماون. بەڵام لە سەرەتای حەفتاکاندا لەگەڵ تێکەڵبوونەوەی هەردوو باڵەکەی پارتی، جۆرێک لە یەکجەمسەری نەرم جێی گرتەوە. لەدوای قەیرانەکانی 1975 و دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرلەنوێ دووجەمسەری سەخت هاتەکایەوە.

لەساڵی 1985 بەدواوە کە بەرەی کوردستانی دامەزرا، دووجەمسەری- فرەجەمسەری هاتەئاراوە. لەساڵی 1992 بەدواوە تاوەکوو 1994 ئەم دووجەمسەری- فرەجەمسەرییە بەردەوام بوو. لەگەڵ دەسپێکردنی جەنگی ناوخۆیی، دووجەمسەریی سەخت سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە و هەموو هێزەکانی ناچار کرد خۆیان لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا بەلادابخەن.

لەساڵی 2002 بەملاوە دووجەمسەریی نەرم جێی دووجەمسەریی سەختی گرتەوە. لەساڵی 2009 بە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و کاری هاوبەشی ئیسلامییەکان (یەکگرتوو- کۆمەڵ) جۆرێک لە مۆدێلی دووجەمسەری — فرەجەمسەریی نەرم هاتەکایەوە. بەدامەزرانی "کابینەی بنکەفراوان" جۆرێک لە فرەجەمسەریی شێواو پەیدابوو کە زۆری نەخایاند و لە 23ی حوزەیرانی 2015وە کۆتایی هات.

ئێستا پێدەچێ پارتی — یەکێتی بیانەوێ سەرلەنوێ مۆدێلی (پارتی- یەکێتی و لایەنەکانی دیکە) پیادە بکەن. ئەم مۆدێلە خۆی جۆری دووجەمسەری — فرەجەمسەریی نەرمە. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا سێ لایەنەکەی دیکە مۆدێلی (پارتی — یەکێتی و لایەنەکانی دیکە) قبوڵ دەکەن؟ پێدەچێ ئەمە خۆی ببێتە سەرەتای قەیرانێکی تازەش، چونکە ئاستەمە بزووتنەوەی گۆڕان ئەمە قبوڵ بکات.

هەروەها پێناچێ دوو لایەنە ئیسلامییەکە ئەمە قبوڵ بکەن. کەوابوو چار چییە؟ یەکێک لەو ئەنجامانەی کە پێدەچێ لە حاڵەتێکی وادا دەربکەوێ، بریتییە لە چڕبوونەوە ء قووڵبوونەوەی قەیران لە سلێمانی، چونکە ئەوسا گۆڕان تەنگژەکە ئاراستەی یەکێتی دەکات. بەشێک لە بنکەء سەرکە (قاعیدە — قیادە)ی یەکێتیش هەر لە ئێستاوە لە دروستبوونی ئەم دۆخە نیگەرانن.

## سیناریۆکانی ئایندە: مۆدێلی جەمسەربەندیی هێزەکان

جا ئێستا با بێین ڕێساکانی یاریی سیاسی لە کوردستانیشدا دەستنیشان بکەین. پێش هەموو شتێک دەبێ ئەم ڕێسایە بناسین کەوا: یەکەم — ڕێککەوتنی یەکێتی لەگەڵ پارتی، یەکێتی دەکاتەوە بە هێزی سەرەکیی دووەم لە کوردستان ء لەمەشەوە بنەماکانی هاوکێشەی دووجەمسەری بەسەر دۆخەکەدا دەسەپێت. بەڵام لەولاشەوە سلێمانی دەبێتە مەڵبەندی بەریەککەوتن ء کێشمەکێشی یەکێتی — گۆڕان و تەنانەت یەکێتی و ئیسلامییەکانیش. دووەم — ئەگەر یەکێتی لەگەڵ گۆڕان ڕێکبکەوێ، ئەوە پارتی دەجووڵێ، لەمەشەوە بەکردەوە دووئیدارەیی و دووپارچەیی بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەسەپێت.

کەوابێ لێرەدا یەکێتی هەستیارترین دۆخی هەیە و لەناو هاوکێشەیەکی یەکجار ناسکدایە. لەلایەکیش یەکێتی کۆڵەکەی هاوکێشەء هاوسەنگیی سیاسی ء سەربازیی هەرێمی کوردستانە کە لەنێوان چەکوشی گۆڕان و سندانی پارتیدا هەڵکەوتووە ء تۆزێک ئاستەم دەنوێنێ زووبەزوو لەم دۆخە ڕزگاری ببێت.

**ئێستا با بێین و جەمسەربەندیی هێزەکان پۆلێن بکەین:**

1- ئەگەر مۆدێلی (پارتی — یەکێتی ئینجا لایەنەکانی دیکە) پیادەبکرێ، ئەوە دووجەمسەری نەرم سەردەگرێ، بەڵام لەولاوە هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن واتە گۆڕان — یەکگرتوو — کۆمەڵ دەبنەوە بە دینامۆی ئۆپۆزیسیۆن و هەردوو هێزی سەخت (یەکێتی — پارتی) لەبەرانبەر هەرسێ هێزی نەرم (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) ڕیزبەندی پێکدەهێنن.

2- ئەگەر مۆدێلی (پارتی — یەکێتی و گۆڕان) بێتەکایەوە، ئەوە ڕێساکە دەگۆڕێ ء مۆدێلی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەپێی ڕیزبەندیی عەلمانی — ئیسلامی گەڵاڵە دەکرێ کە ئەمەش زیانی بۆ ژێرخانی سیاسی وڵات دەبێت، چونکە کێشمەکێشی ئیسلامی — عەلمانی گشت کوردستان دەگرێتەوە.

3- ئەگەر مۆدێلی (پارتی — یەکێتی و یەکگرتوو)) بێتەکایەوە، ئەوە گۆڕان و کۆمەڵ دەبنە ئۆپۆزیسیۆن کە هەردوولاش گوتارێکی توندیان بەرامبەر بە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان هەیەء دەبێ چاوەڕێی سەردەمێکی سەختی ململانێی دەسەڵات — ئۆپۆزیسیۆن بکرێت.

4- ئەگەر مۆدێلی ئیئتیلافی بنکەفراوان سەرلەنوێ بێتەکایەوە، واتە پارتی — یەکێتی — گۆڕان — یەکگرتوو — کۆمەڵ، ئەوە سەرلەنوێ هەمان تاس هەمان حەمام دووبارە دەکرێتەوە کە لەساڵی 2013 تاوەکوو 2015 بەردەوام بووە. ڕەنگە لەڕووی ڕوخسارەوە لە کابینەیەکی ئاشتەوایی نیشتمانی بچێ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا پڕ لە ناکۆکی ء تەڵەی نەتەقیو دەبێ کە هەر ئانوسات دەبێ چاوەڕێی تەقینەوەی گرژی و قەیران بکرێت. ئەم مۆدێلە بۆ قۆناغی کاتی باشە، بەڵام بۆ درێژخایەن تەنگژەی زۆری لێدەکەوێتەوە.

5- ئەگەر پارتی- یەکێتی لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی حکومەت وەکوو بزووتنەوەی ئیسلامی، شیوعی، سۆسیالیست، زەحمەتکێشان، تورکمان ء ئاشوورییەکان پێکبێن، ئەوە دیسان مۆدێلی (پارتی — یەکێتی لەبەرانبەر هەرسێ گرووپی ئۆپۆزیسیۆن) سەنگەرگیری دەکەن، کە ئەمەیان دووبارەبوونەوەی مۆدێلی ژمارە یەکە.

پێدەچێ باشترین مۆدێل و سیناریۆ بۆ ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان پیادەکردنی ئاشتەوایی نیشتمانی لە هەموو گرووپەکان بێت. بەمەرجێک ئەمە کابینەیەکی تەکنۆکراتی هاوبەشی لێ بێتەکایەوە کە بۆ ماوەیەکی کاتی تا هەڵبژاردن کاروباری هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرێت. لە هەڵبژاردن بەدواوە خەڵک خۆی بژارەی خۆی دەسەپێنێ ء ئەوکات دیموکراسی و ئەنجامی سندوقەکان هاوکێشەی تازەی هێزەکان یەکلایی دەکەنەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بارزانی هەڕەشەی لە کێ کرد؟

## 1

قسەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی سەبارەت بەوەی کە ئەگەر مالیکی ببێتەوە سەرۆکوەزیرانی وڵاتی بەناو عێراق، بێ گەڕانەوە بۆ هیچکەس و لایەنێک، سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، لە شەقامی عەرەبیدا کاردانەوەی وای لێ نەکەوتەوە و تەنانەت مالیکیش خۆی لە وەڵامدانەوەی راستەوخۆی ئەو بابەتە دزییەوە، هەر ئەوەندەی گوت کە "گەلی کورد لە عێراق لەگەڵ سەربەخۆیی نییە"! بەڵام روونی نەکردەوە، ئەم (گەلی کوردە) کێن و لە کوێن کە بڕوایان بە سەربەخۆیی نییە. کەچی قسەکانی بارزانی دەمودەست سلێمانیی جوولاند، خێرا لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بابەتەکە وا ئاراستە کرا کە گوایە کێشەی شەخسییە و ئەگەر مالیکیش نەیەتەوە سەر حوکم، ئەوە مەسەلەی سەربەخۆیی هەر قسەیە! ئەڵبەتە ئەوانەی ئەو هەڵوێستانەیان نواند، لە دوو شت تێنەگەیشتن یان نەیانویست تێبگەن کە بارزانی بە درێژایی قسەکانی باسی راگەیاندنی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی هێمنانە و بە تەوافوق لەگەڵ بەغدا دەکات. ئەوەش هەمان شتە کە هەم مەتڵەبی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە و هەمیش رێگرییە لە خوێنڕشتنی زیاتر کە ئەو باسە لەگەڵ مالیکیدا مومکین نییە. دووەمیان بارزانی نایەوێ بڕیاری سەربەخۆیی لە ناوخۆی کوردستانیش بڕیارێکی یەکلایەنە بێت، بگرە دەیەوێ وەک پرۆژەیەکی نیشتمانی سەیر بکرێت. ئەگەر بە تەوافوق سەربەخۆیی مەیسەر بوو، ئەوە زۆر باشە، ئەگەرنا گەڕانەوە هەیە بۆ دەنگی میللەت.

بەڵام وروژاندنی ئەو بابەتە لەو کاتەدا و لەلایەن بارزانییەوە بێ مەبەست نییە. جارێ مەسەلەی گەڕانەوەی مالیکی بۆ سەر کورسیی دەسەڵات لە بەغدا، ئیتر تەنیا رەهەندێکی ناوخۆیی نییە، بگرە مەسەلەکە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتییە کە مالیکی دەیەوێ بە پاڵپشتیی ئێران و هەندێک لایەنی سیاسیی کوردی (کۆمەڵ، پەکەکە، پەیەدە، بەشێکی یەکێتی و گۆڕان) بێتەوە سەر حوکم و ئەوەش ناشارنەوە. لە بەرامبەریشدا، تورکیا (کە هاتنی سەرۆک وەزیرانەکەی بۆ بەغدا، نیشانەی پشتیوانی بوو لە عەبادی)، وڵاتانی سوننە و بەشێکی زۆری عەرەبی سوننەی ناوخۆ، دژی ئەوەن. بۆیە بارزانی کە باش ئاگای لە جموجۆڵەکانی مالیکی هەیە، بە تیرێک دوو نیشانی پێکا: لایەنە ناوخۆییەکانی کوردی لە هاتنەوەی مالیکی نائومێد کرد و گوتی کە هیچ هیوایەکی لەسەر هەڵنەچنن و بەشدار بن لە پرۆسەی راگەیاندنی سەربەخۆیی بەشێوەی ئاشتیانە، ئەگەرنا دەیکەمە شتێکی تاکلایەنە و دەچمە ژێر باری بەرپرسیارێتییەکەیەوە.

دووەمیان سنوورێکی بۆ دەستێوەردانی ئێرانیش دانا.

## بۆ دەنگ بە گۆڕان بدەم؟

## 2

لەکاتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان خەریکی دانانی ستراتیژی هەڵبژاردنەکانی داهاتووە و ئەگەری زۆریش هەیە کە بە تەنیا و بێ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتیدا بچێتە هەڵبژاردنەوە، شین و فیغانیش بۆ رێککەوتنی ستراتیژییان لەگەڵ یەکێتی دەکەن و گلەیی ئەوە دەکەن کە بۆ دەبێ یەکێتی هێندە لە پارتی نزیک کەوتبێتەوە؟! رێککەوتن لەگەڵ یەکێتی کە گەڕانەوە بۆ خاڵی سفرە، سێیەم رێککەوتنی گۆڕانە لە دوای دروستبوونییەوە: رێککەوتن لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکان، رێککەوتنی ئیداری لەگەڵ پارتی و رێککەوتنی ئیداری، سیاسی و ستراتیژی لەگەڵ یەکێتی. هەرسێک رێککەوتنەکان فەشەلیان هێنا و گۆڕان دەیەوێ ئەوە بە (مەغدووریی سیاسی) نەک (فەشەل) دەرخواردی لایەنگرانی بدات. پاساوی سەرنەکەوتن و جێبەجێنەبوونی رێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان یەکێتی و گۆڕان ئەوەیە کە باڵێکی ناو یەکێتی گوایە کار بۆ تێکدانی رێککەوتنەکە دەکەن! بەڵام ئەو قسەیە بیانوویەکی لاوازە، چونکە ئەو باڵەی کە گوایە دژایەتیی دەکات لەناو یەکێتیدا، دەستڕۆیشتوو نییە، خاوەنی پارە نییە و لەناو دەسەڵاتیشدا نییە، بگرە ئەو باڵەی کە گۆڕانی هێنایەوە خاڵی سفر و رێککەوتنێکی تاکتیکیی لەگەڵدا ئیمزا کرد، هەمان ئەو باڵەیە کە دەیەوێ لەگەڵ پارتیدا رێکبکەوێت!

بۆیە ئەگەرچی جارێ مەعلوم نییە هەڵبژاردن دەکرێت یان نا؟ بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان لەبەردەم تەحەددیاتی زۆر گەورەدایە. گرنگترینیان ئەوەیە کە چۆن داوای دەنگ لە دەنگدەری خۆیان دەکەن؟ باسی رابردووی ئۆپۆزیسیۆنبوونیان دەکەن یان قوناغی بەشداری لە حوکمڕانی؟ چۆن هاوپەیمانییە سیاسی، ئیداری و ستراتیژییەکانی خۆیان بۆ خەڵکی خۆیان روون دەکەنەوە؟ دەتوانن چ بەڵێنێک بە خەڵک بدەن لە کاتێکدا کە لە ئەرزی واقیعدا، 18 دوو ئەوەندەی 24 بێت؟

## پەکەکە چی دەستکەوت؟

## 3

ورده ورده ئەرکی پەکەکە لە پاراستن و رێگریکردن لە بەقەوارەبوونی کوردستانی رۆژئاوا خەریکە کۆتایی دێت. ئەگەر بەشدارینەکردنی پەیەدە لە کۆنفرانسی ئاستانە، بەشێکی بریتی بێت لەوەی کە تورکیا رێگریی کردووە (کە پەیەدە هیچ خۆی سەغڵەت نەکرد!) بەشێکی دیکەی پەیوەستە بەوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تەنانەت جۆرێک لە رێککەوتنیش لە نێوان پەکەکە، ئێران و سوریا هەیە و بوون و نەبوونیان لەوێ هێندە گرنگ نەبوو. لە ناوەڕاستی ساڵی 2011 وە، پەکەکە لە قەندیل لەگەڵ شاندی سوریا کۆبوونەوە و بەرنامەی کاری هاوبەشیان لە سوریا دارشت، بۆیە هەندێک شت هەیە کە پێشتر بڕیاری لێدراوە.

ئەگەرچی باس لە مافی ئۆتۆنۆمیی کولتووری بۆ کوردانی رۆژئاوا دەکرێت لە لایەن رووسیاوە (کە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە رەتی دەکاتەوە شتی واش هەبێت)، بەڵام ئایا ئەوە ئیستیحقاقی نەتەوەیی کورده لە سوریا؟ ئەو هەموو (ئالآسازی) و (زاراوەسازییە)ی پەکەکە بەس بۆ دەرپەڕاندنی خەڵک و لایەنە سیاسییەکان بوو لە کوردستانی رۆژئاوا؟ پەکەکە لەو موعادەلەیە مایەپووچ دەرناچێت، ئەوەی پێی سپێردرابوو کردی، وەلێ کوردی رۆژئاوا لە خەونی دەوڵەتی سەربەخۆ و یەکگرتن لەگەڵ کوردستانی باشوور بە دەستبەتاڵی دەردەچن. دیارە ئەوەش بۆ پەکەکە دەستکەوتە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ترەمپ گاڵ دەهێنێ یان پەمۆ؟

لەوەتەی شەڕی دژی داعش دەستپێکردووە، کورد شانازی بە یەک شتەوە دەکات، ئەویش ئەوەیە کە بەقەولی خۆی، "لەجیاتی هەموو جیهان شەڕی تیرۆر دەکات". بەڵام پێناچێ لە جیهانەکەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی نوێی ئەمریکادا حیسابێکی جیاواز بۆ کورد کرابێت. بۆیە لە یەکەم هەفتەی سەرۆکایەتییەکەیدا بڕیاری دا عێراقییەکان، بە کوردیشەوە، بۆیان نییە سەردانی ئەمریکا بکەن. واتە ئەو کوردەی ئەگەر خۆیشی پێشمەرگە نەبێ و کەسێکی نزیکی لە بەرەی شەڕ بێت بۆئەوەی لەجیاتی جیهان شەڕی تیرۆر بکات، لە چاوی ترەمپ و ئیدارەکەیدا لێی چاوەڕوان دەکرێت کە سەردانی ئەمریکای کرد، ببێتە تیرۆریست! هەر بەڕاست سەردەمی ترەمپ هیچ رەحمەتی بۆ کورد تێدا دەبێت؟

کاک مەسعود بارزانی لە نوێترین هەڤپەیڤینەکانیدا بەئاشکرا باسی ئاشنایەتی سەرکردایەتیی کوردستان و ئەندامانی ئیدارەکەی ترەمپ دەکات. کەسێکی ئاگادار پێیگوتم: تەنانەت لەگەڵ ترەمپیش پەیوەندیی دۆستایەتی توندوتۆڵ هەیە و سەرکردەیەکی ناسراوی کوردستان هاوڕێیەتی. بەڵام دوو شت گرنگن: یەکەم، سەرۆک ترەمپ لەگەڵ ترەمپی بازرگان چەندە جیاواز دەبێ و چەندەش پەیوەندییە کەسییەکان بە گرنگتر دەزانێ لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان؟ دووەمیش، ئەمریکای سەردەمی ترەمپ، کە بانگەشەی کەمتر سەرقاڵبوونی ئەمریکا بە کێشەکانی دەرەوە و زۆرتر خۆسەرقاڵکردن بە کێشە نێوخۆییەکان دەکات، تاچەند بەلایەوە گرنگ دەبێت کە کوردستان لەم ناوچەیەدا بپارێزێ و بۆ هەنگاوی ئایندەیی گەورە پشتی بگرێت؟

شۆڕشی کوردستان بیرەوەریی تاڵی لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکای سەردەمی حەفتاکاندا هەیە. خۆ ئەوکاتیش کیسینجەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دۆستی کورد بوو، بەڵام بەرژەوەندیی ئەمریکای پێ لە چارەنووسی شۆڕشەکەی مەلا مستەفا پێ گرنگتر بوو. ئێستا گەرەنتی چییە کە ترەمپ و تیلەرسن لە رێککەوتنێکی نوێی ئەمریکی و رووسیدا پشت لە کورد نەکەنەوە؟

لەم ماوەیەدا خەریک بوو پارتی و یەکێتی رێکدەکەوتنەوە. هاووڵاتیی هۆشیاری کوردستان دوو هەستی جیاوازی بۆ ئەو رێککەوتنە چاوەڕوانکراوە هەبوو: یەکەم، رێککەوتنەکە دەیتوانی وڵات لەو قەیرانی حوکمڕانییە دەربهێنێت کە کوردستان تێیکەوتووە، دووەمین هەستیش ئەوەبوو کە نە پەراوێزخستنی گۆڕان کارێکی راستە و نە بێمنەتیی پارتی و یەکێتیش وادەکات ئەو مەودا کەمەی ئازادی کە هەیە بمێنێ. وادیارە پاش دەستبەکاربوونی ترەمپ ئەو ئومێدە کەمتر بووەتەوە و پارتی و یەکێتی زۆر گەرم نەماون لەسەر رێککەوتن. هەندێک کەسی ئاگادار دەڵێن ئێران نایەوێ ئەو دوو حیزبە رێکبکەون، چونکە لە تاران بێمنەتتر و لە واشنتن نزیکتر دەبنەوە.

بۆ رۆژئاوای کوردستانیش لە ئیدارەی ترەمپ چاوەڕوان دەکرێت رۆڵی دڵنیاکەرەوەی تورکیا و نزیککەرەوەی لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان لەیەکدی ببینێت. رەنگە بۆیەش شاندێکی ئەنەکەسە بانگهێشت کرابێت بۆ واشنتن، تا لەو وردەکارییانە ئاگاداربکرێنەوە کە ئیدارەی نوێی ئەمریکا بۆ رۆژئاوای کوردستان کردوونی بە پلان و بڕیار.

هێشتا زووە بەدڵنیاییەوە بڵێین ترەمپ رەحمەت دەبێ بۆ کورد یان زەحمەت، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە ترەمپ لێی چاوەڕوان دەکرێت بەپێچەوانەی تەواوی سەرۆکەکانی ئەمریکا و ئیدارەکانیانەوە لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نزیکببێتەوە و شتی پێشبینینەکراو بکات. با چاوەڕێ بکەین و بزانین ئەوەی ترەمپ دەیکات گاڵمان بۆ دەهێنێ یان پەمۆ؟



ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# دەوڵەتی ئیمام عەلی لە موسڵ

نووسین و بەرزکردنەوەی ناوی "دەوڵەتی ئیمام عەلی" لەنێو شاری موسڵدا ، نیشانەی ئیمان و باوەڕ نییە بە ئایینی ئیسلام ، بەڵکو نیشانەی ململانێ یاخود وردتر بڵێین نیشانەی جەنگێکی مەزهەبییە .

ئەو ململانێیە مێژوویەکی درێژی هەیە. یەکێک لە هۆکارەکانی بێهێزیی دەوڵەتی عێراق، دامەزراندنی بوو لەسەر بناخەیەکی مەزهەبی. چەوساندنەوەی مەزهەبی (شیعە) و لەنێوبردنی نەتەوەیی (کورد)، هۆکاری سەرەکی رووخانی دەوڵەتی عێراق بوون .

بەڵام هەڵەکە لە"عێراقی نوێ"دا کۆتایی نەهات ، بەڵکو زۆر بەربڵاوتر دەرکەوتەوە ، بەتایبەتی لەڕووی مەزهەبییەوە. لەدوای 2003وە شەڕێکی مەزهەبی گەورە لەعێراقدا بەرپابووە ، لەدوای "بەهاری عەرەبی" و بەتایبەتی لەساڵی 2011 ەوە ، ئەو شەڕە بووەتە شەڕێکی زۆر گەورەی هەرێمایەتیش.

هیوایەک هەبوو کە لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی موسڵ و دوای دەرکردنی داعش لە موسڵ ، کۆتاییەک بۆ ئەو شەڕە دابنرێت ، چونکە هۆکاری بنچینەیی و سەرەکی دروستبوونی داعش و کارەساتەکانی بەهۆی ململانێ و جەنگی سوننە و شیعە بوو لە عێراقدا ، کە ئەو شەڕە لەسەردەمی دوو خولی سەرۆک وەزیرایەتی نووری مالیکیدا بەربڵاوتربوو . ئێستاش دەرکردنی سوننە لە بەغدا و سامەڕا بەجۆرەها شێوە ، باس و ئازاری سەرزاری هەموو عەرەبێکی سوننەیە، کە ئەنجامی سرووشتی ئەوەیە ئەوانیش بێدەنگ نەبن و کاردانەوەیان هەبێت .

داننەنان بەهەبوونی جەنگی مەزهەبی و تایفی کێشەکەی چارەسەرنەکرد ، بەڵکو دوای رێکخراوی قاعیدە ، داعشی بەدواداهات ، چارەسەرنەکردنی و درێژکردنەوەی شەڕەکە بۆ موسڵ ، داعش- 2ی بەدوادا دێت .

زۆر لە عەرەبی سوننە دوای رووخاندنی رژێمی سەدام یان ئاوارەی وڵاتان بوون ، یاخود بەشدارییان لە دەنگدان لەسەر دەستووری "عێراقی نوێ" نەکرد لە 2005دا و دژی فیدراڵی بوون بۆ عێراق و لەگەڵ عێراقی سەنتراڵدابوون. دوای چەوسانەوە و بێدەسەڵاتبوون و تەنانەت دەرکردنیشیان لە بەغدا، ئێستا بەشێکی زۆریان باوەڕیان بەوەهێناوە کە دەسەڵاتی ئەوان لە بەغدا بووە بەشێک لە رابردوو ، هەروەک چۆن ئێستا کوردیش بچووکترین حیساب لەسەر بەغدا دەکات ، دوای ئەوەی مالیکی لە بەغدا لاوازیکردن و پرۆسەی لاوازکردن و بێدەسەڵاتکردنیان لەبەغدا ئێستاش بەردەوامە .

دوای هەڵوەرینی خەونی سوننە بۆ دەسەڵاتگرتنەوە دەست لە بەغدا ، دروستکردنی فیدراڵی لەنێوەڕاستی عێراقدا و دروستکردنی هەرێمی سوننە بۆ پاراستنی مانەوەی هەرەشەلێکراوی خۆیان ، بووە لەپێشترین پرۆژەی گەلێری و دەستەبژێرەکەیان ، بەڵام خەریکە گەیاندنی شەڕی مەزهەبی بۆ نێو تەلەعفەر و شاری موسڵ ، ئەو پرۆژەیەش هەڵدەوەرێنێت .

ئێستا سەرەتاکانی شەڕی تۆڵەکردنەوەی مەزهەبی لە موسڵ سەریهەڵداوە . باسی کردنەوەی نووسینگەی نهێنی لەنێوبردنی مەزهەبی لە موسڵ دەکرێت . کردنەوەی بارەگاکانی رێکخراوە شیعییەکان دەستپێکردووە . هەوڵدان بۆ پڕکردنی پەرتووکخانەی زانکۆکان لە کتێبی مەزهەبی ، زیاتربوونی رۆژ بەرۆژی دروشمە مەزهەبییە شیعییەکان لە موسڵ ، لەکاتێکدا سوننەکان بەو ئاڵایانەی بە دروشم و وێنەی مەزهەبی نەخشاون ، زۆر هەستیار ببوون ، ئێستا رۆژ لەدوای رۆژ هەستیاربوونەکەیان بەرزدەبێتەوە و هەست بە رووشاندن دەکەن . ئەو رووشاندنەی وایکرد دوو فیرقەی عێراق لە 60 خولەکدا لەو شارەدا ببەزن و پەرتوبڵاوببن و ئەو بەڵا گەورەیە بەسەر عێراق و کوردستان و ناوچەکە و جیهاندا بێت .

موسڵ خاوەن پێگەیەکی زۆر ستراتیژی بووە لە جەنگەکانی پێش زایینەوە تاوەکو جەنگی یەکەمی جیهانی. هەوڵدان بۆ راکێشانی بۆ نێو هەژموونی دەسەڵاتێکی مەزهەبی بۆ موسڵ هەروا بێبەرنامە نییە ، لە هەمانکاتدا بێکاردانەوەش نابێت. ئەوە مەترسییەکی ژیانیی هەیە لەسەر بوونی سوننە لە عێراقدا ، ئەوەش واتە هەستیارکردنی هەموو وڵاتانی سوننە ، بەتایبەتیش تورکیا و وڵاتانی کەنداو . لەهەمانکاتدا مایەی مەترسییەکی گەورەی هەنووکەیی و ستراتیژییە بۆ کوردستان و ناوچەکە .

دوای هاتنەسەرکاری ترەمپ ، پێناچێت ئەو ستراتیژیەتەی لەسەر 25 ساڵ پشتگوێخستنی سوننە و چاونووقاندن لە لاوازکردنیان هەروا درێژەی هەبێت بەبێ گۆڕانکاری. بەڵام ئەگەر رەوتی رووداوەکان بەهەمانشێوەی ئێستا بەردەوامبن ، ئەوا باشووری کوردستانیش لەژێر مەترسییەکی زۆر گەورەدایە ، بەتایبەتی کە ئێستا عێراق خاوەن سوپایەکە رۆژ دوای رۆژ ناسنامە مەزهەبییەکەی بەهێز دەبێت و ناسنامە نیشتمانییەکەی کاڵتردەبێت ، بەپێی ئەو پرۆسەیەی کە مالیکی دەستپێکرد و تائێستاش رانەگیراوە . هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ، هێزێکی وەک حەشدی شەعبی بە سەر و گرووپە جیاجیاکانییەوە ، رۆژانە بە دروشم دژی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر هەوڵدەدات دوژمنێکی تازە دروستبکات . ئەو هێزە تەنیا سێ رێگەی هەیە : هەڵوەشاندنەوە، شەڕی ناوخۆیی گرووپەکانی ، شەڕکردن لەگەڵ کوردستان .

ئەگەر ئەمریکا و وڵاتانی کاریگەری ناوچەکە و جیهان ، ئارامی هەولێر ، ئاڵۆزترنەبوونی ناوچەکە و جیهانیان بەلاوە گرنگە ، دەبێ لەئێستاوە بیر لە چارەسەری حەشدی شەعبی و عێراق بکەنەوە . بەوشێوەیەی ئێستا سوننەش وەک کورد تەنیا رێگەی جیابوونەوەی لەپێشە ، چونکە فیدراڵیش ناتوانێ ئیتر سوننە لەو عێراقەی ئێستادا بپارێزێت.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# "کۆماری ڕەفسەنجانی" و ئۆپۆزسیۆنێکی تەزویر

کۆچی دوایی هاشمی رەفسەنجانی، سەرۆکی جڤاکی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندیی رژێم لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، کاردانەوەیەکی بەرینی جەماوەریی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەوانەی لە مەراسیمی ناشتنەکەیدا بەشدارییان کرد، بە سەدان هەزار کەس مەزندە دەکران. حکومەتی ئێران بۆ خۆی باسی لە دوو ملیۆن و نیو حەشیمەت کرد. ئەم رێژە گەورەیەی بەشداریی لە ناشتنی کەسایەتییەکدا، لە دوای کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا خومەینییەوە، وێنەی نەبووە.

هاوسۆزی و هاوخەمییەکی ئاوا بەرین لەگەڵ کۆچی دوایی کەسایەتییەک کە یەکێک لە ئەندازیارە سەرەکییەکانی دامەزراندن و پێگرتنی کۆماری ئیسلامییە، بۆ زۆر کەس، بەتایبەتی ئەوانەی قوربانیی سەرکوتکارییەکانی ئەو سیستەمە بوون، مایەی سەرسوڕمانێکی تێکەڵ بە داخ و خەفەت بوو. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن خەڵکێک کە بۆ خۆیان قوربانیی سەرکوتکارییەکانی سیستمێکن، رەفسەنجانی کۆڵەکە سەرەکییەکەی بووە، ئاوا بە پانەوە "شین بۆ جەللادی خۆیان دەگێڕن"؟!

لەڕاستیدا، لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هەڵوێستەکانی رەفسەنجانی بۆنی خۆدوورگرتن لە سیاسەتە نەرێتییەکانی کۆماری ئیسلامییان لێ دەهات. هێندێک کەس ئەمەیان وا لێکدایەوە کە رەفسەنجانی هاتووەتە "بەرەی گەلەوە". راستییەکەش ئەوە بوو کە رەفسەنجانی لە بەرەی گەل نزیک ببووەوە، بەڵام ئەو نزیکبوونەوەیە ئەنجامی هاتنێکی دڵخوازانەی رەفسەنجانی خۆی نەبوو، بەڵکو ئاکامی پاڵپێوەنان و وەدەرنانێکی نادڵخوازانەی ئەو بوو لەلایەن بازنەی دەسەڵاتداری دەوروبەری وەلی فەقیهەوە.

خۆدوورخستنەوە لە مێژووی سیستمێک کە پڕە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، بەبێ هەڵوێستگرتنێکی ئەخلاقی بەرامبەر بە پێشێلکارییەکانی ئەو سیستمە، شتێکی ئەستەمە. ئەوە لە کاتێکدا رەفسەنجانی هەرگیز، نەک هەر داوای لێبوردنێکی لە کەس نەکرد، بەڵکو بەرامبەر بە هیچ کردەیەکی خۆی پەشیمانیشی دەرنەبڕی. ئەمەش لە ڕاستیدا هاودژی لە ئەخلاقیاتی سیاسیی سیاسەتمەدارێکی پراگماتیکی وەک رەفسەنجانیدا نەبوو. هاودژییەکە لە سیستمی بیرکردنەوەی ئەوانەدا بوو کە رەفسەنجانییان لێ ببوو بە "مامە"، بەو هیوایەی "چۆلەکەیان" بۆ بگرێت!

رەفسەنجانی بۆیە هاواری لێ هەستابوو، چونکە دەستی لەو کێکی دەسەڵاتە کورتکرابووەوە کە ئەو بە دەستاوی خۆی دەزانی. شینی رەفسەنجانی بۆ ئەوە بوو کە دەبوایە بەشی شێری پێ ببڕێ، هەر بۆیەش هەموو دەرفەتێکی دەقۆستەوە بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی رابردووی خۆی بۆ سەقامگیرکردنی کۆماری ئیسلامی، بەچاوی نەیارەکانیدا بداتەوە.

گەشبینانەترین وەڵام بەو پرسیارەی کە خەڵک کوشتەی کوێی رەفسەنجانی بوون، ئەوەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا بەلای ئەو هێزانەدا دایدەشکاند کە دانوویان لەگەڵ ئایەتوڵڵا خامنەیی، نەدەکوڵا. بەمانایەکی وردتر، رەفسەنجانی بۆیە لەم دواییانەدا لای بەشێک لە خەڵک شیرین ببوو، چونکە خەڵک هەستیان بە ناتەبایی نێوان ئەو و خامنەیی کردبوو.

لەو ڕوانگەیەوە، پێوەری هاوسۆزیی خەڵک لەگەڵ رەفسەنجانی نەک خۆشەویستیی شەخسی رەفسەنجانی بەڵکو ناخۆشەویستی ئەوانە بوو کە لە رەفسەنجانی لووتەلا بوون. واتە وەلی فەقیە و بەگشتی ئەوانەی ئێستا لە پانتایی دەسەڵاتدارێتیی ئێراندا قسەی دوایەمین دەکەن.

هاوسۆزیی لەگەڵ رەفسەنجانییەک کە میراتگری هەموو چەوتییەکانی رابردووی کۆماری ئیسلامییە، جارێکی تر، ئەو راستییە دەسەلمێنێتەوە کە کاتی خۆی، ئەمیر عەباسی هوەیدای سەرۆکوەزیری سەردەمی پاشایەتیی ئێران، بە دروستی ئاماژەی پێکردبوو. لەو ساڵانەدا کە خەڵکی ئێران هەوای شۆڕش لە سەری دابوون و بە دروشمی "بڕوخێ شا، بڕوخێ شا"، لە حکومەتی حەمەڕەزا شا هەڵگەڕابوونەوە، هوەیدا زۆر بە جوانی گوتبووی: "کێشەی خەڵک ئەوەیە کە دەزانن چییان ناوێ، بەڵام نازانن چییان دەوێ". دۆخێکی سایکۆسیاسیی شۆڕشگێڕانە کە دواجار ئەنجامی دڵتەزێنی یەکێک لە مەزنترین شۆڕشە جەماوەرییەکانی مێژووی کرد بەوەی تاجی لە سەری پاشا هێنایە خوار و عەمامەی لە جێگەی دانا. هەر ئەوەندە و بەس!

هاوسۆزی لەگەڵ رەفسەنجانیش، رەنگدانەوەی دۆخێکی سایکۆسیاسیی لەو چەشنەیە. خەڵک ئەوەیان بۆ گرینگە کە لەڕێی پشتگیریکردنی کەسێکەوە کە بە ناتەبا لەگەڵ حاکمی موتڵەقی فەقیە ناسراوە، پەیامی خۆیان بگەیەننە گوێی ئەو حاکمە. ئەوەی کە چی لە ماهیەتی ئەو کەس یان لایەنەدایە پشتگیریی لێ دەکەن، ئەمەیان ئیتر بە خاڵی لاوەکی لەقەڵەم دەدرێ! ئەمەش ناوی لێنراوە سیاسەت و زەکاوەتی سیاسیی نەوەی نوێی ئێران!

بەبارێکی تردا، هاوسۆزیی خەڵک لەگەڵ کەسایەتییەکی وەک رەفسەنجانی بۆ ئەوە دەگەڕێندرێتەوە کە گویا رەفسەنجانی سیاسییەکی میانەڕەو بووە و خوازیاری خۆدوورگرتن لە توندڕەوی. ئەم راڤەیە پشت بە "تیۆری چاوترساوی"ی خەڵک دەبەستێ، واتە ئەوەی خەڵک وا لە باسکی توندڕەو و رادیکاڵی ناو حکومەتی ئێران مارانگازن کە لە تاوان دەستەوداوێنی رەفسەنجانی و ئەو رەوتە بوون کە ئەو نوێنەرایەتیی کردووە.

بەڵام هەرچۆنێکی لێکبدەینەوە، یەک راستی خۆی دەنوێنێتەوە: گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، لە غیابی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی رەسەن و راستەقینەدا بە "ئۆپۆزسیۆنێکی تەزویر" قانگ دراوە، ئۆپۆزسیۆنێک کە کەسایەتیی وەک رەفسەنجانی ئاوێنەی باڵانوێنیەتی!

یەکێک لە تراژیدیترین دیاردەکانی دنیای سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە زۆربەی جارەکان قسەی ئەوانە بەڕاست دەردەچێ کە رەشبینن. کاتێک چەند ساڵ بەر لە ئێستا رەوتێکی بەناو رێفۆرمخواز لە هەناوی کۆماریی ئیسلامیی ئێرانەوە بەرێکەوت، ئەوانەی رەشبین بوون، ئەو رەوتەیان بە ئۆینەیەکی حکومەتی لەقەڵەم دەدا بۆ زەقکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی تەزویر لەبەرامبەر ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەی لەگەڵ ماهیەتی کۆماری ئیسلامی ناتەبا بوون. کۆماری ئیسلامی ئەم هێزانەی هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامیدا، بەشێوەی فیزیکی لە جەرگەی کۆمەڵگە وەدەرنابوو. ئەم هێزانە لە رێکخراوی وەک موجاهیدینی خەڵکەوە تا پاشایەتیخوازەکان و چەپەکان و پارتە کوردەکانی خۆشمانی دەگرتەوە. رەشبینەکان پێیان وابوو زەقکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی ئیسلامیی دەستەمۆ، بۆ ئەوەیە کە لەڕێی ئەم تایپەوە لە ئۆپۆزسیۆن، ئیتر ئۆپۆزسیۆنە وەدرنراوەکەی پێشوو بەم ئۆپۆزسیۆنە تەزویرە دەستەمۆیە، جێگەیان بگیردرێتەوە. واتە ئەگەر پێشتر هێزە ئۆپۆزسیۆنە راستەقینەکان بەشێوەی فیزیکی لە کۆمەڵگە وەدرنرابوون، ئەوا ئەمجارە و لەڕێی ئۆپۆزسیۆنێکی تەزویرەوە، ئەوان ئیتر بەجارێک لە ناو زەین و خەیاڵی خەڵکیشدا، وەدربنرێن.

پانتایی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، ئێستا ئیتر بە شێوەیەکی دڵتەزێن، کاریکاتۆری دێتە بەرچاو: ئۆپۆزسیۆنی دیمۆکرات و پێشکەوتنخواز و سێکۆلاری پێشوو، بووەتە ئۆپۆزسیۆنی کلاسیک، لەخەڵکدابڕاو و ناواقعبین. ئۆپۆزسیۆنی مەیلەوحکومەت و وەفادار بە کۆماری ئیسلامیش بووەتە ئۆپۆزسیۆنی هاوچەرخ، جەماوەری و واقعگەرا!

ئەمە ئیتر دڵتەزێنترین ئاستی ورد و هاڕکردنی ئۆپۆزسیۆنی پێشکەوتنخواز و دیمۆکراتیکی ئێرانە لەلایەن ئەندازیارانی هێمنایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. خۆ ئەگەر بۆ هۆکارەکانی پێکهاتنی ئەم دۆخە تراژیدییەش بگەڕێینەوە، بێگومان هۆیەکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ ئۆپۆزسیۆنی سێکۆلار و دیمۆکراتیکی ئێرانی خۆی، کە نەیتوانیوە پێ بەپێی رۆژگار و پێداویستییە هەنووکەییەکانی سیاسەت لە دنیای ئەمڕۆی ئێرانیدا خۆی بەڕۆژ بکاتەوە و بە ئەجندایەکی بەرچاوڕوونکەر و جێی متمانەی خەڵکەوە، خۆی یەک بخات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## عەرەب داوای گۆرانیی کوردی لە یوسرا دەکەن

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر :ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







